# کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ کراوە

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لەلایەن

**کاروان محەمەد فەتاح**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، ساڵی (٢٠١٢) زانکۆی سەلاحەدین


بە سەرپەرشتی

**پ. د. شنۆ محەمەد مەحموود**


تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ی زایینی

گەلاڕێزانی ٢٧٢٢ی کوردی

# بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (کارەکتەر لە ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟"ی "کاروان عومەر کاکەسوور"دا) هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوە. جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە بڵاو نەکراوەتەوە. بەڵێن دەدەم، کە لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: کاروان محەمەد فەتاح

ڕێکەوت: ١٥/ ٨ /٢٠٢٢

# بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (کارەکتەر لە ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟"ی "کاروان عومەر کاکەسوور"دا)، کە لەلایەن (کاروان محەمەد فەتاح)ـەوە پێشکەش کراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

هەڵسەنگێنەری زانستی:

نازناوی زانستی:

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

# پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ئەدەبدا. پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: پ. د. شنۆ محەمەد مەحموود

ڕێکەوت:  /  / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ئاماژە بە پشتگیریی سەرپەرشتیاری، ئەم نامەیە بۆ لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:  /  / ٢٠٢٢

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (کاروان محەمەد فەتاح)مان بە ناونیشانی (کارەکتەر لە ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟"ی "کاروان عومەر کاکەسوور؟"دا) خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکاردا گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە پلەی ( )ی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی ئەدەبدا پێ بدرێت.

ئیمزا:
ناو: پ. ی. د. کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: پ. ی. د. عەتا ڕەشید حسێن
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: پ. د. فواد ڕەشید محەمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: پ. د. شنۆ محەمەد مەحموود
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو پەسەند کرا.

د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

# پێشکەشە

ئەم هەوڵە پێشکەش بە سێ خۆری درەوشاوەی ژیانم دەکەم:

{هـێـلان}، کە بە تەنیا کچم نییە، بەڵکو هاوڕێی ڕاستەقینەی ژیانیشمە.

{هـێـمـا}، کە هەمیشە بە پێکەنینەکانی دەروونم ئارام دەکاتەوە.

{هـامـنۆ}، کە زۆر خێرا فێر بوو پێم بڵێت: بابە!

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی هەموو ئەو ئازیزانە دەکەم، کە لەم گەشتە زانستییەدا بە شێوەی جۆراوجۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی:

- پرۆفیسۆر دکتۆر (محەمەددلێر محەمەد ئەمین)، کە تا ناوەڕاستی نامەکە سەرپەرشتیارم بوو. پێکەوە پلانی توێژینەوەکەمان داڕشت و سەرنجە وردەکانیم بە بایەخەوە وەردەگرت. هاوکارییەکانی لە بیر ناکەم و لەگەڵیدا ئاسوودە بووم. ئەو وەک باوکێکی میهرەبان مامەڵەی لەگەڵمدا دەکرد.

- پرۆفیسۆر دکتۆرە (شنۆ محەمەد مەحموود)، کە گەورەیی نواند و لە ناوەڕاستی نامەکەدا ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرت. لە سەرنجە جوان و وردەکانی سوودمەند بووم. ئەو وەک خوشکێکی دڵسۆز مامەڵەی لەگەڵمدا دەکرد.

- (کاروان عومەر کاکەسوور)ی ڕۆماننووس و نووسەری ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)، کە بەوپەڕی دڵفرەوانییەوە بەردەوام لەبارەی کۆی ئەزموون و بە تایبەتی ئەم ڕۆمانەیدا، ئامادەیی دایەلۆگی پێشان دەدا.

- چیرۆکنووسی هاوڕێم (سیروان کەریم)، کە بەشێک لە سەرچاوە کوردییەکانم لای ئەو دەست کەوتن.

- مامۆستا (شۆخان)ی خوشکم، کە لە ناونیشان و پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی هاوکاریی کردم و لەو بارەیەوە سەرنجەکانی خۆی پێ گوتم.

- نووسەر و توێژەر مامۆستا (عەدنان ساڵەیی)ی هاوڕێم، کە بە درێژاییی نامەکە هاندەرێکی باشم بوو.

- هەر ئازیزێکی تر، ئەگەر بە وشەیەکیش هاوکارم بووبێت، لە دڵەوە سوپاسی دەکەم.

# پوختە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (کارەکتەر لە ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی مندالّیم ببینمەوە؟"ی "کاروان عومەر کاکەسوور"دا) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی خەسڵەت، ڕەهەند و جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆمان بە گشتی و لەم تێکستە بە تایبەتیدا. کارەکتەر لە ڕۆماندا بایەخێکی گەورەی پێ دەدرێت، چونکە نزیکترین توخمە لە نووسەر و دەتوانێت لە ڕێگەیەوە ئایدیۆلۆجیا و بیرۆکە فەلسەفییەکانی خۆی دەربڕێت.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (کارەکتەر لە ژانری ڕۆماندا) لە دوو تەوەردا خراوەتە ڕوو: لە تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی کارەکتەر پێشان دراوە. لە تەوەری دووەمدا ئەو پێوەندییەی کارەکتەر، کە لەگەڵ هەریەک لە توخم و تەکنیکەکانی ڕۆماندا هەیەتی، باس کراوە و بە ڕوونی ئەو پێوەندییە خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (ڕەهەندەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی مندالّیم ببینمەوە؟") بەسەر چوار ڕەهەندی سەرەکی دابەش دەبن و پێک دێن لە (ڕەهەندی جەستەیی "فیزیکی"، ڕەهەندی دەروونی، ڕەهەندی کۆمەلایەتی و ڕەهەندی فەلسەفی).

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی مندالّیم ببینمەوە؟") ئەم بەشەیش سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت: (تەوەری یەکەم: کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە. تەوەری دووەم: کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە و تەوەری سێیەم: کارەکتەر لە ڕووی شێوازی پێشکەشکردنەوە)

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەمان پێیان گەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو.

# ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | ناونیشان |
| II | بەڵێننامە |
| III | بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی |
| IV | پشتگیریی سەرپەشتیار |
| V | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| VI | پێشکەشە |
| VII | سوپاس و پێزانین |
| VIII | پوختەی نامەکە |
| IX-X | ناوەرۆک |
| ١-٣ | پێشەکی |
| **٤-٣٠** | **بەشی یەکەم: کارەکتەر لە ژانری ڕۆماندا** |
| ٥ | تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی کارەکتەر |
| ٥ | ١-١-١: زاراوەی کارەکتەر |
| ٦ | ١-١-٢: چەمکی کارەکتەر |
| ١١ | تەوەری دووەم: پێوەندیی کارەکتەر لەگەڵ توخم و تەکنیکەکانی ڕۆماندا |
| ١١ | ١-٢-١: کارەکتەر و ڕووداو |
| ١٣ | ١-٢-٢: کارەکتەر و کات |
| ١٦ | ١-٢-٣: کارەکتەر و شوێن |
| ٢٠ | ١-٢-٤: کارەکتەر و گێڕانەوە |
| ٢٦ | ١-٢-٥: کارەکتەر و زمان |
| ٢٨ | ١-٢-٦: کارەکتەر و فرەدەنگی |
| **٣١-٦٩** | **بەشی دووەم: ڕەهەندەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)** |
| ٣٣ | تەوەری یەکەم: ڕەهەندی جەستەیی (فیزیکی) |
| ٢٤ | تەوەری دووەم: ڕەهەندی دەروونی |
| ٥١ | تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی |
| ٥٧ | تەوەری چوارەم: ڕەهەندی فەلسەفی |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم: جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)** | ١٠٧-٧٠ |
| تەوەری یەکەم: کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە | ٧٢ |
| تەوەری دووەم: کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە | ٨٣ |
| تەوەری سێیەم: کارەکتەر لە ڕووی شێوازی پێشکەشکردنەوە | ١٠١ |
| ئەنجام | ١٠٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٠٩ |
| ABSTRACT | A |

## پێشەکی

کارەکتەر توخمێکی گرنگی ڕۆمانە و ڕۆماننووس لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ئایدیۆلۆجیا و بیرۆکە فەلسەفییەکانی خۆی دەربڕێت. باسکردنی کارەکتەر وەک چەمک سەرەتا بۆ فەلسەفەی یۆنان دەگەڕێتەوە و بە دیاریکراوی فەیلەسووفان (ئەفلاتون و ئەریستۆ) لێوەی دواون، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێیان نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو (ئەفلاتون) لە ڕوانگەی سوود و (ئەریستۆ)یش وەک پاشکۆی ڕووداو سەیری کردووە. ئەم تێگەیشتنە تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم درێژ دەبێتەوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ئاڕاستە فەلسەفییانەی، کە بایەخیان بۆ تاک گەڕاندەوە. هەروەها لە ئەدەبدا ڕێبازێک بە ناوی (ڕێبازی ڕۆمانسیزم) سەری هەڵدا، کە تێیدا گرنگی بە دەربڕینی هەست و سۆزەکانی تاک دەدرا. ئەم ئاڕاستە و ڕێبازانە کاریگەرییان هەبوو لەوەی کارەکتەر سەربەخۆیی وەربگرێت و بتوانێت لەنێو ڕۆماندا بە ئازادانە بیرۆکەکانی خۆی دەربڕێت. واتە هەرچی شتێک لە ڕووبەری تێکستی ئەدەبی گێڕانەوەدا ڕوو دەدات، ئەوە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە کارەکتەرەوە هەیە، چونکە لە توانایدایە ئەو ڕووداوانە بجوولێنێت و ئاڕاستەی نوێیان تێدا بدۆزێتەوە. لە لایەکی ترەوە بایەخی کارەکتەر لەوەدایە، کە نووسەر لەنێو هەموو توخمەکانی ڕۆماندا، زمان وەک ئامرازێکی گرنگی دەربڕین تەنیا بەم دەبەخشێت و ئایدیۆلۆجیاکانی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە.

### پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو

لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە نوێیە، بۆیە تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەوە نەکراوە، ئەوەی هەیە تەنیا پێنج گوتارە، ئەوانیش:

(ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟") نووسینی (ژیڤان بەکر)، ماڵپەڕی (ژنەفتن).

(ڕۆمانی تێپەڕ؛ "ڕۆمانی ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟"ی کاروان کاکەسوور بە نموونە) (نەهرۆ عومەر) نووسیویەتی و لە ماڵپەڕی (ژنەفتن) بڵاو بووەتەوە.

(ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) نووسینی (سۆران ئازاد)، ماڵپەڕی (ڕێگای کوردستان).

(جەژنی شکاندنی منداڵ) لە نووسینی (کارا فاتیح)، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک.

دەتوانین ئەم گوتارانە وەک جۆرێک لە ناساندنی ڕۆمانەکە تەماشا بکەین. تەنیا نووسەر (ئاراس وەهاب) لە گوتاری (خوێندنەوەی ڕۆمانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟"ی کاروان کاکەسوور)دا، کە لە ماڵپەڕی (ژنەفتن)دا بڵاو کراوەتەوە، جیاوازتر لەو گوتارانە، لە تێکستەکەی کۆڵیوەتەوە و بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی چەند چەمکێکی تایبەت بە ڕۆمانەکەی نووسیوە.

هەروەها تا ئێستا دوو نامەی ماستەر و تێزێکی دکتۆرا لەبارەی ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)ـەوە کراون، کە پێک هاتوون لە دوو نامەی ماستەر بە ناونیشانی (تەکنیکی مۆنتاژ

له ڕۆمـانی کوردیدا- ڕۆمانەکـانی کـاروان عـومەر کاکەسـوور بە نمـوونە) لە نووسـینی (شـوان غازی پیرداود) و (ئاستەکانی ڕوانین لە ڕۆمانەکانی کـاروان عـومەر کاکەسـووردا) لە نووسـینی (دیـار مـحەمەد کەریـم). تێزێکـی دکتـۆرا بە ناونیشـانی (شـێواز لە ڕۆمانەکـانی کـاروان عـومەر کاکەسـووردا) لە نووسـینی (د. ئـاوارە کەمـال صـاڵح). لەم تێـز و نامـانەدا کـارەکتەر وەک چەق باسی لێوە نەکراوە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ و لە پێوەندی بە توخم و تەکنیکەکانی دیکەی ڕۆمـانەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

## گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیـی ئەم تـوێژینەوەیە لەوەدایە، کە تێیـدا هەوڵمـان داوە بە گشـتی خەسـڵەت، ڕەهەنـد و جۆرەکانی کارەکتەر دەستنیشان بکەین و لە ڕۆمانەکەدا بە نموونەوە بیسەلمێنین.

## هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشـانەدا بۆ دوو خـاڵ دەگەڕێتەوە، یەکەم، بـایەخی کارەکتەر لەنێو ڕۆماندا. دووەم، تا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی توخمی کارەکتەر لە ڕۆمانەکـانی (کـاروان عـومەر کاکەسـوور)دا نەکـراوە، ئەوە ئەگەر بـزانین ئەم نووسـەرە لە بنیاتنانی کارەکتەرەکانیدا وردەکارییەکی زۆر بە کار دەهێنێت.

## کێشەی توێژینەوەکە

ئایـا (کـاروان عـومەر کاکەسـوور) لەم ڕۆمـانەدا توانیـویەتی بە شـێوەیەکی هـونەری مـامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکانیـدا بکـات و هەریەکەیـان بنیـاتێکی بەهێزیـان هەیە؟ واتە هەر کارەکتەرێـک خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی و لەوانی تر ناچێت؟ لە شیکردنەوەی تێکستەکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامـانج لەم تـوێژینەوەیە دۆزینـەوەی ئەو ئاڕاسـتە جیـاوازانەیە لە ڕووبەری ڕۆمانـدا، کە بە هۆی کارەکتەرەوە دروست دەبن و لە تێکستەکەدا بە نموونەوە پێشانی دەدەین.

## سنووری توێژینەوەکە

بۆ ئەم تـوێژینەوەیە ڕۆمـانی (ئەو هـاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)ی (کـاروان کاکەسـوور)مان هەڵبژاردووە، کە ساڵی (٢٠٢١) ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

## مێتۆدی توێژینەوەکە

لەم تــوێژینەوەدا پەنامــان بــردووەتە بەر مێتــۆدی تەواوکــاری، چــونکە لە شــیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا تەنیا یەک مێتۆدمان بە کار نەهێناوە، بەڵکو بەپێی پێویستی تـوێژینەوەکە کارمـان بە چەند مێتـۆدێکی جیـاواز کـردووە، وەک مێتـۆدی کۆمەڵایەتی، دەروونـی و شـیکاری ناوەرۆک.

**پلانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (کارەکتەر لە ژانری ڕۆماندا) لە دوو تەوەردا خراوەتە ڕوو: لە تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی کارەکتەر پێشـان دراوە. لە تەوەری دووەمدا ئەو پێوەندییەی کارەکتەر، کە لەگەڵ هەریەک لە توخم و تەکنیکەکانی ڕۆماندا هەیەتی، باس کراوە و بە ڕوونی ئەو پێوەندییە خراوەتە ڕوو.

بەشــی دووەم بە ناونیشــانی (ڕەهەنــدەکانی کــارەکتەر لە ڕۆمــانی "ئەو هــاوڕێیەی منــداڵیم ببینمەوە؟") بەسەر چوار ڕەهەندی سـەرەکی دابەش دەبن و پێک دێن لە (ڕەهەنـدی جەسـتەیی "فیزیکی"، ڕەهەندی دەروونی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی فەلسەفی).

بەشــی ســێیەم بە ناونیشــانی (جۆرەکــانی کــارەکتەر لە ڕۆمــانی "ئەو هــاوڕێیەی منــداڵیم ببیـنمەوە؟") ئەم بەشــەیش سـێ تەوەر لە خـۆی دەگرێـت: (تەوەری یەکەم، کـارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە. تەوەری دووەم، کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە و تەوەری سـێیەم، کـارەکتەر لە ڕووی شێوازی پێشکەشکردنەوە).

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامـانەی توێژینەوەکەمـان پێیـان گەیشـتووە، لە چەنـد خاڵێکدا خستوومانەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم
# کارەکتەر لە ژانری ڕۆماندا

## تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی کارەکتەر

### ١-١-١: زاراوەی کارەکتەر

### ١-١-٢: چەمکی کارەکتەر

## تەوەری دووەم: پێوەندیی کارەکتەر لەگەڵ توخم و تەکنیکەکانی ڕۆماندا

### ١-٢-١: کارەکتەر و ڕووداو

### ١-٢-٢: کارەکتەر و کات

### ١-٢-٣: کارەکتەر و شوێن

### ١-٢-٤: کارەکتەر و گێڕانەوە

### ١-٢-٥: کارەکتەر و زمان

### ١-٢-٦: کارەکتەر و فرەدەنگی

## بەشی یەکەم

## کارەکتەر لە ژانری ڕۆماندا

## تەوەری یەکەم

## زاراوە و چەمکی کارەکتەر

### ١-١-١: زاراوەی کارەکتەر

بەر لەوەی باس لە زاراوەی کارەکتەر* بکەین، گرنگە ئەوە بڵێین، کە ڕەچەڵەکی زۆربەی زاراوەکان بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێنەوە و لەوێوە بە ناو زمانی میللەتانی تردا بڵاو بوونەتەوە. دوای گەڕانمان بە ناو ئەو تویژینەوە و نامە ئەکادێمییە کوردییانەی لەبارەی کارەکتەر لە ئەدەبی گێڕانەوەدا نووسراون، بۆمان دەرکەوتووە هیچ یەکێک لەوانە ئاماژەیان بە زاراوەکە نەکردووە، لە کاتێکدا بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕیشە و کرۆنۆلۆجیای زاراوەیەک، ناتوانیت تێگەیشتنی تەواوت لەبارەیەوە بۆ دروست ببێت. زاراوەی کارەکتەر لە بنەڕەتدا بۆ وشەی (Persona)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە مانای ڕووبەند (القناع) دێت. کاتێک ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ ڕۆڵی کەسێتییەکانیان دەگێڕا، بەو مەبەستەی نەناسرێنەوە، ئەو ڕووبەندەیان بە کار دەهێنا و دەموچاوی ڕاستەقینەی خۆیانیان پێ لە تەماشاکەران دەشاردەوە. (القذافي، ٢٠١١: ٩)

لە زمانی یۆنانییشدا بە کارەکتەریان گوتووە (Ethos)، کە واتای ڕەوشت دەدات. (Ethos) لای (ئەریستۆ ٣٨٤-٣٢٢ پ. ز) ئەو ڕەوشتەیە، کە کەسێتیی مرۆڤ پێک دەهێنێت و خواست و بڕیارەکانی دەستنیشان دەکات. (ئەرەستو، ٢٠١١: ١٥٠) ئەم تێگەیشتنە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم فەیلەسووفە لە بەرهەمی تراجیدیدا بە پلەی یەکەم بایەخ بە کردەوە و ڕەوشتی کەسەکان دەدات، نەک خودی خۆیان. لەبەر ئەوە کەسێتیی مرۆڤیش لە ڕێگەی کردەوەکانیەوە دەناسرێتەوە.

بە تێپەڕبوونی کات ئەم زاراوەیە گۆڕانی بەسەردا هات و لەناو زانست و بوارەکانی ژیاندا مانای نوێی وەرگرت. لە ئەدەبی گێڕانەوەدا مەبەست لە کارەکتەر ئەو توخمەیە، کە لە هەڵسووڕاندنی ڕووداوەکانی نێو تێکستدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت.

---

* لەناو هەندێ لە نامە و توێژینەوە ئەکادێمییە کوردییەکاندا، لەبری (کارەکتەر)، زاراوەکانی (کەسێتی، کەسایەتی و پاڵەوان) بە کار هاتوون. ئاشکرایە ئەم کاریگەرییە لە زمانی عەرەبییەوە پەڕیوەتەوە و مانای زاراوەکەیان لەوانەوە وەرگرتووە، کە بۆ وشەکە (الشخصية)یان بە کار هێناوە و لە زمانی کوردیدا دەبێتە (کەسێتی). بۆ ئەوەی ئێمەیش هەمان هەڵە دووبارە نەکەینەوە، زاراوەکەمان (Character) وەک خۆی بە کار هێناوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا لاتینییە و دواتر بۆ زمانەکانی تر پەڕیوەتەوە، چونکە ئەم وشەیە گوزارشتی تەواو لە هەموو خەسڵەتە جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی کارەکتەر دەکات و مانایەکی فرەوانتریشی لە (کەسێتی) هەیە. (کەسێتی) زیاتر مەبەست لەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتانەیە، کە مرۆڤێکی پێ دەناسرێتەوە.

### ١-١-٢: چەمکی کارەکتەر

سەرەتای باسکردنی کارەکتەر وەک چەمک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ سەردەمی یۆنان و بە دیاریکراوی بۆ (ئەفلاتون ٤٢٧-٣٤٧ پ. ز)ی فەیلەسووف دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە تیۆریی لاساییکردنەوەدا باس لە ڕۆڵی خراپی ئەدەب و هونەر دەکات و پێی وایە کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر بینەر و خوێنەر دروست دەکەن، ئەوە کارەکتەر وەک توخمێکی ئەدەبی گێڕانەوە لەنێو بازنەی ئەم ڕوانینەدا جێگەی دەبێتەوە. لای ئەم فەیلەسووفە گەردوون دابەشی سێ جیهان بووە، ئەوانیش: "جیهانی نموونەیی کە جیهانێکی تەواوی نەگۆڕە. جیهانی شتە هەستی یەکان وێنەیەکی جیهانی نموونەیی یە. جیهانی خەیاڵ و سێبەر. جیهانی کارە هونەریەکانە کە لاسایی جیهانی دووەمە."(الماضي، ٢٠١٠: ١٨)

لای (ئەفلاتون) حەقیقەت بایەخی گەورەی هەیە و شاعیران و هونەرمەندان دوو هەنگاو لێی دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە لە کۆمارەکەی دووریان دەخاتەوە. لەو بارەیەوە لە کتێبی (کۆمار)دا نموونەیەک لەسەر (تەختی نووستن) دەهێنێتەوە: سێ جۆر تەختی نووستن هەن، یەکەمیان خودا دایهێناوە، دووەمیان دارتاش دروستی دەکات و سێیەمیان هونەرمەند دەینەخشێنێت. خودا یەک جۆر فۆڕمی تەختی نووستنی دروست کردووە و داهێنەرە سروشتییەکەیە. دارتاش دروستکەری تەختی نووستنە. وێنەکێش لاسایی دروستکەری تەختی نووستنەکە دەکاتەوە. کەواتە هونەرمەند لاسایی دروستکەرەکان دەکاتەوە و لە حەقیقەت دوور کەوتووەتەوە. (ئەفلاتون) ئەم تێگەیشتنەی لە دایەلۆگی (سۆکرات و گلاوکۆن)دا ڕوونتر دەکاتەوە:

"_ تۆ ئەو کەسە بە لاساییکەرەوە دانانێیت، کە بەرهەمەکەی دەکەوێتە ڕیزی سێیەمی شتە دروستکراوەکانەوە؟

_ بەدڵنیاییەوە.

_ ئایا ئەمە بۆ (نووسەرێکی) تراجیدیش دروست نییە؟ بەدڵنیاییەوە، دەکەوێتە ڕیزی سێیەمەوە و لاساییکەرە؟

_ وا دەردەکەوێت.

_ ئێمە لاساییکەرەکانمان دۆزییەوە. ئێستا لەبارەی هونەرمەندی شێوەکارییەوە پێم بڵێ، ئەو لاسایی شتە سروشتیەکان یان کەلوپەلە دروستکراوەکان دەکاتەوە؟

_ لاسایی کەلوپەلە دروستکراوەکان دەکاتەوە."(ئەفلاتوون، ٢٠٠٩: ٣٢٤-٣٢٥)

ئەم فەیلەسووفە زیاتر پێ لەسەر ئەم ڕوانینەی بۆ ئەدەب و هونەر دادەگرێت و دەڵێت: "شاعیرە لاساییکەرەوەکان لە هۆمیرۆسەوە کۆپی ڕاستی دەناسن و ئەوەی باسی دەکەن ڕاستی نییە."(ئەفلاتوون، ٢٠٠٩: ٣٢٧)

بەکورتی (ئەفلاتون) لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و لە دەرەوەی تێکستەکانەوە سەیری ئەدەب و هونەر دەکات، بۆیە وای دەبینێت شاعیران سوودیان بۆ کۆمەڵگە نییە و حەقیقەت لە خەڵکی

دەشێوێنن. لە کۆمارەکەی دووریان دەخاتەوە، دواتر بەو مەرجە جێگەیان دەکاتەوە، کە بیری چاک بڵاو بکەنەوە. کەواتە ناتوانرێت ئەم تێڕوانینەی (ئەفلاتون) وەک تیۆرییەکی ئەدەبی تەماشا بکرێت، چونکە ئەو لە بەهای تێکستەکانی نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو هاوشێوەی یاسایەکی ماتماتیکی ئەدەب و هونەری هەڵسەنگاندوون.

یەکەم کەسێک، کە بە شێوەیەکی تیۆری لەبارەی کارەکتەرەوە بۆچوونی خۆی بە ڕوونی دەربڕیبێت، ئەو کەسە (ئەریستۆ ٣٨٤-٣٢٢ پ. ز)ی فەیلەسووفی یۆنانییە. ئەگەرچی هەر لەنێو تیۆریی لاساییکردنەوەی (ئەفلاتون)دا لە ئەدەب و هونەری کۆڵیوەتەوە، بەڵام بە گرنگییەکی زیاترەوە. (ئەریستۆ) لە بەرهەمی تراجیدیدا کارەکتەر دەخاتە خزمەتی ڕووداوەوە و لەو ڕووەوە پێی وایە ئەوەی بایەخی پێ دەدرێت، کردەوەی کارەکتەرەکانن، نەوەک خودی خۆیان. ئەم گرنگیدانە بە ڕووداو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە "تراجیدیا بەرجەستەی کێشە و ئازارەکانی پادشا و میر و چینە بەرزەکەی کۆمەڵگە دەکات."(ڕەئووف، ٢٠٢٠) و دەبێت لە کۆتاییدا هەستی بەزەیی و ترس لە ناخی هەر تاکێکی ئەو چینەدا پاک بکاتەوە.

لەو بارەیەوە (ئەریستۆ) دەڵێت: "لە هەموو ڕەگەزەکانی تراجیدیا گرنگتر، ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، چونکە تراجیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوە، ژیان، بەختەوەری و بەدبەختییە؛ بەختەوەری و بەدبەختیی مرۆڤیش بە کردەوەوە بەستراونەتەوە."(ارسطو، ١٩٧٧: ٩٧) ئەم فەیلەسووفە زیاتر پێ لەسەر ئەم تێگەیشتنەی دادەگرێت و دەڵێت ڕووداو نەک یەکەم بنچینە، بەڵکو ڕۆحی جەستەی تراجیدیایشە. پاشان بە پلەی دووەم کارەکتەر دێت. (ارسطو، ١٩٧٧: ٩٨) ئەم فەیلەسووفە نەک هەر کارەکتەر دەخاتە دوای ڕووداوەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەرکەوە لێی ڕوانیوە و چوار مەرجی سەرەکیشی بۆ شاعیری تراجیدیا لە دروستکردنی کارەکتەردا داناوە، کە بە لای ئەوەوە دەبێت کارەکتەری بەرهەمی تراجیدیا چاک بێت، لەبار و گونجاو بێت، لەگەڵ واقیعدا یەک بگرێتەوە، چەسپاو بێت و تا کۆتایی بە جێگیری بمێنێتەوە. (ارسطو، ١٩٧٧: ١٥٠)

ئەم تیۆرییەی (ئەریستۆ) تاوەکوو سەدەی هەژدەیەم پێڕۆ کرا و لەناو ئەدەب و هونەردا جێگەیەکی تایبەتی بۆ دانرا، تەنانەت تا ئەو کاتە "ڕۆمان نەیتوانی بە تەواوی خۆی لە کۆت و پێوەندی ئەو چیرۆکانە ڕزگار بکات، کە دەبێت تەنیا یەک کارەکتەر ئامادەیی هەبێت. ئەمە جگە لەوەی وێناکردنی کارەکتەرەکان وەک شتێکی بنەڕەتی تەماشا دەکرا. گێڕەرەوەیش هەمیشە ئامادەیی دەبوو."(موير، ١٩٦٥: ٢٤)

لەو بارەیەوە ڕەخنەگری فرانسی (ڕۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠) پێی وایە هێشتا هەندێ ڕۆمانی بۆرجوازی وازیان لە مەرجەکانی (ئەریستۆ) بۆ کارەکتەر نەهێناوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)ی (لیۆ تۆلستۆی ١٨٢٨-١٩١٠)دا کارەکتەری (نیکۆلا ڕیستۆڤ) دەبینین، کە

کـوڕێکی بـاش، ڕاسـتگۆ، ئـازا و تونـدوتیژە. وەک چـۆن (شـازادە ئەنـدریە) دەبینـین، کەسـێکی خـاوەنڕەچەڵەکە، خـۆبەزلزان نییە و هەتـادوایی. ئەوەی لە بینینـی ئەم کـارەکتەرانەدا دەسـتمان دەکەوێت، ئەوەیە، کە کەسـایەتییەکان پێشـان دەدرێن، نەوەک دروسـت بکرێن. (بـارت، ١٩٩٣: ٦٢) دواتر بە هۆی دەرکەوتنی ئەو بیرە فەلسـەفییانەی، کە گرنگییـان بە بەهـای تـاک لەنـاو کۆمەڵگە دەدا، بە تـایبەت قوتابخـانەی ڕۆمانتیک، کە وای کـرد ڕۆماننووسـان بە نـاخی کـارەکتەردا شـۆڕ ببنەوە، کێشە و ململانێکانی ناوەوەیان زەق بکەنەوە و کەمتر بە لای وەسـفی ڕواڵەتیانـدا بچـن، بە تایبەتی "لە سەدەی نۆزدەیەمدا کـارەکتەر شـوێنێکی دیـاری لە هـونەری ڕۆمـان پـێ درا و لە ڕووداو جیـا بـووەوە. تەنـانەت ڕووداوەکـان بـوونە بنەمـایەکی سـەرەکی بـۆ پێـدانی زانیـاری لەبارەی کارەکتەرەکانەوە."(بحراوي، ١٩٩٠: ٢٠٨) لێرەوە کـارەکتەر نەک وەک بـوونێکی سـەربەخۆ لەناو ئەدەبی گێڕانەوەدا تەماشا کرا، بەڵکو لە پێکهێنانی گشتیی جەسـتەی ڕۆمانـدا بە یەکێک لە ئەندامە گرنگەکان دانرا.

ڕەخنەگرانی ئەدەبی گێڕانەوە لە ڕوانگەی تایبەتیی خۆیانەوە لە کارەکتەریان وەک یەکێک لە تـوخمە گرنگەکـانی چیـرۆک و ڕۆمـان کۆڵیـوەتەوە. لەو بـارەیەوە ڕەخنەگـر و ڕۆماننووسـی ئینگلیـزی (ئـی ئـێم فۆرسـتەر ١٨٧٩-١٩٧٠) لە کتێبـی (پایەکـانی ڕۆمـان)دا پێـی وایە "کـارەکتەر کۆمەڵێک وشەیە، ڕۆماننووس بۆ وەسفکردنی کەسێتیی مرۆڤ سازی دەکات، نـاوی لـێ دەنێت و ڕەگەزی دیاری دەکات. هەروەها وای لێ دەکات بە شێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکات و خـۆی دەربـبڕێـت."(فورسـتر، ٢٠٢٠: ٥٢) ئەم پێناسـەیەی (فۆرسـتەر) بـۆ کـارەکتەر هەمـوو ئەو ڕەهەنـدە فیزیکی، دەروونـی، کۆمەڵایەتی و فەلسـەفییانە دەگرێتەوە، کە لە پێکهێنـانی کەسـێتیی کارەکتەردا بایەخیان هەیە.

ڕەخنەگـری ڕووسـی (میکایـل بـاختین ١٨٩٥-١٩٧٥) چەنـد بنەمـایەک بـۆ شـێوازی نووسـینی ڕۆمـان دیـاری دەکـات. لە خـاڵی دووەم و سـێیەمدا لەبـارەی کـارەکتەرەوە بۆچـوونی خـۆی دەردەبڕێت و ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە دەبێتەوە، کە پێی وایە مەرجە کارەکتەر پاڵەوان بێت. ئەو بنەمایانەیش بـریتین لە "یەکەم، لەسـەر ڕۆمـان پێویسـتە بەو مانـایە نەبێتە شـاعیریەت، کە ژانرەکانی دیکە دەبن. دووەم، لەسەر پاڵەوان پێویستە نەبێتە پاڵەوانێک بە مانای وشـە داسـتانی و تراجیدی بێت. واتە پێویسـتە خەسـڵەتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، کۆمێدی و ڕژدی، نـابووتی و گەورەیـی لە خۆیـدا کـۆ بکـاتەوە. سـێیەم، نابێـت پـاڵەوان (کـارەکتەر) وەک مرۆڤێکـی تەواو و دامەزراو بخـرێتە ڕوو، بەڵکو پێویسـتە وەک مرۆڤێک پێشـان بـدرێت، کە پابەنـدی پێشـکەوتن و پەروەردەی ژیانە. چوارەم، پێویستە ڕۆمان بۆ دنیای نوێ هاوشێوەی داسـتان بێت بـۆ دنیـای کـۆن."(بـاختین، ١٩٨٢: ٢٧-٢٨) ئەم بـانگەوازەی (بـاختین) دوای ئەوە هـات، کە نـاوبراو تەکنیکـی فرەدەنگی لە ڕۆمانەکانی (فیۆدۆر دۆستۆیەڤسکی ١٨٢١-١٨٨١)دا دۆزییەوە و دواتـر فرەدەنگـی وەک جۆرێکی نـوێی ڕۆمـان چەسـپاند. (بـاختین) پێـی وایە "ناکرێت بەرهەمە داهێنەرەکانی ئەو

ڕۆماننووسە بخەینە ناو چوارچێوەی جۆرێکی دیاریکراوەوە، بەوەی هیچ کلێشە و قاڵبێکی ئەدەبی، کە بە درێژاییی مێژوو ناسراون، ڕەچاو ناکات، بەڵکو ئەو بە شێوەیەکی گەوهەری جۆرێکی نوێی داهێناوە، کە ڕۆمانی فرەدەنگە."(باختین، ١٩٨٦: ١١) ئەم تێگەیشتنەی (باختین) وای لە زۆربەی نووسەرانی ئەدەبی گێڕانەوە کرد لە بەرهەمەکانیاندا بایەخ بەم تەکنیکە بدەن و چیرۆک و ڕۆمانەکانیان بە کارەکتەری جۆراوجۆر و جیاواز لە هەموو ڕوویەکەوە دابڕێژن.

(عەلی عوسمان یاقووب) وا پێناسەی کارەکتەر دەکات، کە "گوزارشتکردنە لە مرۆڤ لە ڕێگەی وشەوە. نووسەر بە هۆی ڕووداوەکانی ناو چیرۆک، ئاخاوتنەکان، باسکردن، ڕەخنە و تێبینییەکان، کارەکتەرەکانی خۆی دەخاتە ڕوو."(یاقووب، ٢٠٢١: ١١) لێرەدا نووسەر کارەکتەری تەنیا لە مرۆڤدا کورت کردووەتەوە، لە کاتێکدا دەگونجێت باڵندە، ئاژەڵ و درەختیش ببنە کارەکتەر، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی (جۆرج ئۆریۆڵ ١٩٠٣-١٩٥٠)دا ئاژەڵی بەراز دەبێتە کارەکتەر و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. هەروەها لە ڕۆمانی (دوورگەی درەختە ونبووەکان)ی (ئەلیف شەفەق ١٩٧١- لە ژیاندایە)دا دارهەنجیرێک دەبێتە کارەکتەر و لە ڕوانگەی خۆیەوە بەشێک لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە.

توێژەر (عەونی ئەمین عومەر) لە ماستەرنامەکەیدا بە ناوی (بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی 'فەرهاد پیرباڵ'دا) کارەکتەر بە ڕووداوەوە دەبەستێتەوە: "بوونەوەرێکی بەرهەمهێنراوی زمان و ئەندێشەی ڕۆماننووسەو ئەوکاتە لەناو رەوتی ڕووداوەکاندا بەدەردەکەون، کە خەریکی ئەنجامدانی کارێک بن ببێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر."(عومەر، ٢٠١٥: ٤) ئەم تێگەیشتنە هەمان پێوەری (ئەریستۆ)یە بۆ کارەکتەر، کە دەیخستە دوای ڕووداوەوە و پێی وا بوو ئەوەی جێگەی بایەخە، کردەوەی کەسەکانن، نەک خودی خۆیان. کەواتە کارەکتەر تەنیا لە پێناوی ڕوونکردنەوەی ڕووداودا دادەهێنرێت.

لەنێو هەندێ لە فەرهەنگەکانی تایبەت بە چەمک و زاراوە ئەدەبییەکاندا پێناسەی کارەکتەر کراوە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی (Oxford)دا هاتووە، کە کارەکتەر "هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیە، کە کەسێک لە کەسێکی تر جیا دەکەنەوە."(ئۆکسفۆرد، ٢٠١٠: ٢٤٢) لە فەرهەنگی (Merriam-webstor)یشدا بە هەمان مانا هاتووە. (میریام- وێبستەر، ٢٠٠٣: ٢٠٧)

نووسەر و ڕەخنەگر (سەمیر سەعید حیجازی) لە (قاموس مصطلحات النقد الادبي المعاصر- فەرهەنگی زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ)دا پێناسەی کارەکتەر دەکات بەوەی "بکەرێکە کار لەو ڕووداوانە دەکات، کە هەندێک بەشی چیرۆکەکەی بە دەوردا دەخولێنەوە و لە ڕێی وەسفی هەڵسوکەوت، ئەرکی کۆمەڵایەتی، خەسڵەتە سایکۆلۆجی و جەستەییەکەیەوە سیمای دەنەخشێنرێت، یان بە هۆی ئەو وەسفەی گێڕەرەوە بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆی دەکات."(حجازي، ٢٠٠١: ١٠٣)

هەروەهــا (لەتیـف زەیتــوونی) لە (معجـم مصــطلحات نقـد الروایــة- فەرهەنگــی چەمکەکـانی ڕەخـنەی ڕۆمـان)دا پێـی وایە کـارەکتەر وەک هەمـوو توخمەکـانی تـری ڕۆمـان دروسـتکراو و داهێنــراوە، کە "لە ڕێــگەی کۆمەڵێـک وشــەوە وەســفی دەکرێـت و وێـنەی هەڵســوکەوتەکانی دەکێشرێت. هەروەها بیر و گفتارەکانی بۆ خوێنەر دەگوێزرێنەوە."(زیتوني، ٢٠٠٢: ١١٤)

کەواتە لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە لەبارەی چەمکی کارەکتەرەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ڕوانینـی ڕەخنەگران لە لایەک و فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان لە لایەکی تـرەوە، نابینرێت و بە گشـتی پێ لەسـەر ئەوە دادەگرن، کە کـارەکتەر بەرهەمـی ئەندێشـەی نووسـەرە، بـوونەوەرێکی سـەر کـاغەزە و خەسـڵەتی تـایبەت بە خـۆی هەیە، لە جووڵانـدنی ئاڕاسـتەکانی تێکستی ئەدەبی گێڕانەوەدا ڕۆڵی هەیە و کار لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەکات.

بەکورتی کارەکتەر یەکێکە لە توخمە گرنگ و پێکهێنەرەکانی ڕۆمـان، بەوەی هەرچـی شـتێک لە ڕووبەری تێکســتدا ڕوو دەدات، ئەوە پێوەنـدی بە کــارەکتەرەوە هەیە، چـونکە لە توانایـدایە ڕووداوەکان هەڵبسووڕێنێت و ئاڕاستەی نوێیان تێدا بدۆزێتەوە.

## تەوەری دووەم

## پێوەندیی کارەکتەر لەگەڵ توخم و تەکنیکەکانی ڕۆماندا

ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی لەسەر چەند بنەمایەک دامەزراوە. ئەگەر ڕۆمان بە جەستەیەکی تەواو بچوێنین، ئەوە هەر توخمێکی ئەو ژانرە وەک ئەندامێک لە پێکهێنانی گشتیی ئەو جەستەیەدا بەشدار دەبێت، ئەوانیش: (کارەکتەر، ڕووداو، شوێن، کات، گێڕانەوە، زمان، پلۆت، تێم و چەند توخمێکی تر)، کە لە کۆنتێکستێکی گشتیدا دەردەکەون و پێوەندیی لەگەڵ یەکتردا دروست دەکەن، تەنانەت دەتوانرێت لە ڕستەیەکی سادەی وەک (هێمن چیرۆکەکەی خوێندەوە)دا ئەو پێوەندییە بەهێزە بدۆزرێتەوە. ئەگەرچی ئەم ڕستەیە لە ڕوخساردا سادە خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە ناوەرۆکدا بنەما سەرەکییەکانی ڕۆمان پێک دەهێنێت. لێرەدا چەند توخمێک وەک نموونە وەردەگرین، کە هەریەکەیان لەگەڵ کارەکتەردا پێوەندییەکی بەهێزیان دامەزراندووە. ئەگەر (ڕووداو) لە سەرەتاوە هاتووە، ئەوە مەبەست لە ڕیزبەندییەکەی (ئەریستۆ) بۆ بنەماکانی تراجیدیا نییە بەپێی ڕۆڵ و کاریگەری، بەڵکو هەموویان لە پرۆسێسی پێکهێنانی ڕۆماندا وەک یەک گرنگن.

### ١-٢-١: کارەکتەر و ڕووداو

ڕووداو توخمێکی ڕۆمانە. کاتێک بیر لە کارەکتەرێکی نێو تێکستی ئەدەبی گێڕانەوە دەکەینەوە، ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ جووڵە دەچێت. واتە ڕووداوێک هەیە و بزوێنەرەکەی کارەکتەرە. هەر ئەم پێوەندییە بەهێزە بوو وای لە (هێنری جەیمس ١٨٤٣-١٩١٦) کرد لە گوتاری (هونەری خەیاڵ- ١٨٨٨)دا بنووسێت: "کارەکتەر چییە، ئەگەر ڕووداو بڕیار لەبارەیەوە نەدات؟ ئەی ڕووداو چییە، ئەگەر کارەکتەر ڕوون نەکاتەوە؟"(مارتن، ١٩٩٨: ١٥٢)

بایەخی توخمی ڕووداو لە ڕۆماندا لەوەدایە، کە کارەکتەر لە ڕووی ڕەهەند، ئەرک و پێکهاتەوە پۆلێن دەکات. هەر بۆیە کاتێک لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا کارەکتەرێک دەبینین "ڕاستەوخۆ، لانیکەم کردارێک یاخود ڕووداوێک ئامادەیی دەبێت."(محەمەد، ٢٠٠٩: ٣٦) کەواتە ڕۆمان گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە، کە بەسەر کارەکتەردا دێن و "ئەو ڕووداوانەش بنیات نانی چیرۆکیان لەسەر دامەزراوە."(سابیر، ٢٠٠١: ٨٢)

لەم بارەیەوە ناکرێت جارێکی تر ئاوڕ لە (ئەریستۆ) نەدەینەوە، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو بە شێوەیەکی تیۆری لە تراجیدیای کۆڵییەوە و بەشەکانی دیاری کرد، کە بریتین لە (ڕووداو، کارەکتەر، زمان، بیر، دیمەنی شانۆیی و گۆرانی) لای (ئەریستۆ) ڕیزبەندییەکە لە ڕووی ئەرک و گرنگییەوەیە، هەر بۆیە ڕووداوی خستە پێش کارەکتەرەوە و پێی وا بوو گرنگترین توخمی

تراجیدیا، ڕووداوە، کە بە ڕوانینی (ئەریستۆ) مەرجە هەر ڕووداوێک "سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی هەبێت."(ارسطو، ١٩٧٧: ١٠٨)

نووسەری ئەمەریکی (جیراڵد پرێنس ١٩٤٢- لە ژیاندایە) لە کتێبی (قاموس السردیات- فەرهەنگی گێڕانەوەناسی)دا لەژێر کاریگەریی (ئەریستۆ)دا پێناسەی ڕووداو دەکات، کە "زنجیرەیەک ڕاستین، بە یەکەوە بەستراون و لە ڕێگەی سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییەوە خۆیان دەنوێنن."(برنس، ٢٠٠٣: ١١) تەنانەت بۆچوونی ئەو فەیلەسووفە بە نموونە دەهێنێتەوە، کە دەڵێت ڕووداو گواستنەوەیە لە چارەنووسێکی خراپەوە بەرەو چارەنووسێکی باش، یان بە پێچەوانەوە. (برنس، ٢٠٠٣: ١١)

ئەم تێگەیشتنەی (ئەریستۆ) لە ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و لە چیرۆک و ڕۆمان بە تایبەتیدا بووە مۆدێلێک و زۆربەی نووسەران وەک بنچینەیەکی گرنگ بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکان پێرۆیان دەکرد، یەکێک لەوانە، ڕۆماننووسی فرانسیی (گی دی مۆپاسان ١٨٥٠-١٨٩٣) بوو، کە دواتر ئەم بنەمایە بە (سێیانەی مۆپاسانی) لە ئەدەبدا چەسپا، مەبەست لێی گێڕانەوەی ڕووداوێکە بەپێی زەمەنی کرۆنۆلۆجی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی).

هەروەها کارەکتەر کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دادەنێت و دەبێتە بزوێنەریان، چونکە "ئەگەر کارەکتەر نەبن کەواتە ڕووداو سەرهەڵنادات. ئەوە جیاوازیی بیرکردنەوەو بەرژەوەندییەکانی کارەکتەرە کە دەبێتە هۆی کێشەو دروستبوونی ڕووداو. تەنانەت ئەگەر کارەکتەر نەبن ڕۆمانیش نانووسرێت، چونکە ڕۆمان بریتییە لە گێڕانەوەو باسکردنی ژیان و کردارەکانی ئەوان."(ئەڵوەنی، ٢٠٢١: ٥٢)

بەکورتی ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، بەو مانایەی ڕووداو و کارەکتەر کاریگەری لەسەر یەکتری جێ دەهێڵن و ناتوانین بەبێ یەکێکیان بیر لە ئەوی دیکەیان بکەینەوە. واتە کاتێک ڕووداو هەیە، ئەوە ڕاستەوخۆ دەزانین کارەکتەرێک سەرچاوەی دروستبوونی ئەو ڕووداوەیە و بە پێچەوانەیشەوە هەر ڕاستە.

**١-٢-٢: کارەکتەر و کات**

کـات چییە؟ ئەمە ئەو پرسـیارەیە، کە بە درێژاییـی مێـژوو فەیلەسـووفان و ڕەخنەگرانـی بە خۆیەوە خەریک کردووە و لەو بارەیەوە تا ئێستایش بە وەڵامێکی ڕوون نەگەیشتوون، چونکە خەسڵەتی ئەم چەمکە وایە، کە ئاسان خۆی بە دەست تێگەیشتنەوە نادات.

لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا، کاتیش لە دایک دەبێت. ئەمە وای کردووە ئەم چەمکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا جێگەی بایەخ بێت. فەلسەفە یەکێک لەو بوارانەیە، کە هەر لە ئەفلاتون، ئەریستۆ و هۆراسەوە تا دەگاتە فەیلەسووفانی نوێ، بە فۆرمی جیاوازجیاواز کاتیان وەک بابەتێکی گرنگ تەماشا کردووە. (ئەفلاتون) لە ڕەهەندێکی مێتافیزیکییەوە لێی ڕوانیوە و پێوەستی کردووە بە بوونی ئەزەلییەوە. (ئەریستۆ)یش لە بنەما و دەستوورەکانی کلاسیزمدا، لە بەشی (یاسای سێ یەکێتییەکان)دا لەبارەی (یەکێتیی کات)ەوە مەرج دادەنێت و دەڵێت: "تراژیدیا تا پێی بکرێت هەوڵ دەدا خۆی لە شەو و ڕۆژێکدا بئاخنێت و لەو سنوورە تێنەپەڕێنێ، چونکە گێڕانەوەی ساڵ و دە ساڵ و پەنجا ساڵ لەناو شانۆنامە یا چیرۆکێکدا جێی نابێتەوە و دوورە لە "لەڕاست چوون"."(پیربال، ٢٠٠٦: ٣٧) ئەم تێگەیشتنەی (ئەریستۆ) وا دەکات کات لەنێو بازنەی ڕووداوەکاندا سنووردار بکرێت، لە کاتێکدا ئەم چەمکە لە ئەدەبدا بێژمار ئاڕاستەی هەن.

فەلسەفەی نوێ ئەم تێگەیشتنانە بۆ چەمکی کات تێک دەشکێنێت و ئاڕاستەی جۆراوجۆری پێ دەبەخشێت. (مارتن هایدیگەر ١٨٨٩-١٩٧٦) یەکێک لە گرنگترین فەیلەسووفانی سەدەی بیستەمە، لە ساڵی (١٩٢٧)دا کتێبی (بوون و کات) دەنووسێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: "دەبێت کات بە ئاشکرا بەو ئاسۆیە بۆ تێگەیشتن لە بوون و بۆ بوونی کاتی دازاین، کە لە بوون تێدەگات، دابنرێت و بناسرێت."(هایدیگەر، ٢٠١٣: ٥٥) واتە مرۆڤ و کات لە یەک جیا ناکرێنەوە و بەبێ بیرکردنەوە لە کات، لە بوونیش ناگەین. (هایدیگەر، ٢٠١٣: ٥٨) بەکورتی لای ئەم فەیلەسووفە مرۆڤ بوونێکی کاتییە، کاتیش سنووردارە و بە مەرگی ئەو بوونە دەگاتە کۆتایی. لێرەوە مرۆڤ بەرانبەر بە ئاییندەی خۆی نیگەران دەبێت.

ئەدەبی گێڕانەوە وەک بابەتێکی گرنگ لە کات دەڕوانێت، لەبەر ئەوە لەنێو ڕۆماندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبێت. لە شوێندا کارەکتەرەکان ڕووداو دەخوڵقێنن، کەسەکان لە گۆشەنیگای تایبەتیی خۆیانەوە دەیانگێڕنەوە و بە هۆی دایەلۆگیشەوە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دروست دەکەن، هەموو ئەمانە لەنێو بازنەی کاتدا کۆ دەبنەوە. خۆ ئەگەر ئەم بەشە لە جەستەی ڕۆمان بهێنینە دەرەوە، شتێک نامێنێتەوە ناوی ئەدەبی گێڕانەوەی لێ بنێین و توخمەکانی تری ڕۆمان بایەخیان نامێنێت، چونکە کات هەر "تەنیا ڕێگەیەک نییە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان، بەڵکو دنیابینی و هەڵوێستی کارەکتەرەکانیش لە ئاست جیهاندا دەخاتەڕوو."(سەعید، ٢٠١٥-٢٠١٦: ١٣٠) لەم بارەیەوە (ئیمیل تۆفیق) لە کتێبی (الزمن بين العلم والفلسفة والأدب- کات لەنێوان زانست،

فەلسەفە و ئەدەب)دا پێی وایە کات "بە چەمکی جووڵەوە بەستراوەتەوە."(توفیق، ١٩٨٢: ٣٧) مەبەست لەوەیە، کە گرنگیی کات لەناو ڕووداوەکان و جووڵەی کارەکتەردا دەردەکەوێت.

ئەوەی زیاتر بەهای کاتی لەنێو ڕۆماندا دەرخست، هەوڵی ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان بوو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە بۆ دوو جۆر پۆلێنیان کرد: (کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە) دواتر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا توێژەرانی مێتۆدی بونیادگەری کاریگەریی ئەم پۆلێنەیان کەوتە سەر و لە خوێندنەوەی تێکستەکاندا پێڕۆیان کرد. لێرەدا ئێمە دەستەواژەکانی (کاتی چیرۆک) بۆ (کاتی دەرەوە) و (کاتی گێڕانەوە) بۆ (کاتی ناوەوە) دەگۆڕین. کاتی دەرەوە لەسەر هەرسێ ڕەهەندی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) خۆی دامەزراندووە. بۆیە ئەو ناوەی لێ دەنرێت، چونکە ڕوودانی ڕووداوەکان خەسڵەتێکی زنجیرەیی وەردەگرن و لە دەرەوەی ویستی گێڕەرەوەدان. هەروەها کاتی ناوەوە بەوە دەناسرێتەوە، کە بازنەی کاتی فیزیکی تێک دەشکێنێت و لەتلەت (Fragmentation)ی دەکات، چونکە کاتەکە هیی ناوەوەی گێڕەرەوەیە و لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا جێگۆڕکێ بە کاتی ڕووداوەکان دەکرێت، هەر بۆیە بە (کاتی دەروونی)یش ناسراوە. ئەدەبی گێڕانەوە بە مەبەستی دروستکردنی ئێستاتیکا کات لە خەسڵەتە زنجیرەییەکەی دادەماڵێت و شێوەیەکی ئەدەبی پێ دەبەخشێت، بەو مەرجەی ئەم پرۆسێسە "کار لە ماهیەتی داڕشتن و ڕێکخستنی ڕووداوەکان نەکات."(ابوناصر، ١٩٧٩: ٨٥)

لەم ڕووەوە ڕەخنەگری فۆرمالیستی ڕووسی (ڤیکتۆرۆڤیچ تۆماشڤسکی١٨٩٠-١٩٥٧) پێی وایە لەنێو تێکستی ئەدەبیدا دوو جۆر کات هەن:

١. کاتی چیرۆک: مەبەست لێی ڕوودانی زنجیرەیی ڕووداوەکانە.

٢. کاتی گێڕانەوە: واتە جێگۆڕکێکردن بە کاتی چیرۆک و شکاندنی سیستەمی کرۆنۆلۆجییانەی ڕووداوەکانە لەناو پرۆسێسی گێڕانەوەدا. (محمد، ٢٠٢٠: ٢١٦)

نووسەری فرانسی (پۆول ڕیکۆر ١٩١٣-٢٠٠٥) هەمان دابەشکاری بە دەربڕینێکی جیاوازتر دادەڕێژێتەوە: کاتی پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان لە هەلومەرجی جیاوازدا و کاتی گشتیی چیرۆک. (محمد، ٢٠٢٠: ٢١٨) لێرەدا (پۆوڵ ڕیکۆر) مەبەستی لە دەربڕینی یەکەم (کاتی ناوەوە)یە، کە کاتی پرۆسێسی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە و کاتی گشتیی چیرۆکیش واتە کاتی دەرەوە، کە مانای کاتی زنجیرەیی ڕووداوەکان دەگەیەنێت.

ڕەخنەگری فرانسی (میشێل بۆتۆر ١٩٢٦-٢٠١٦) ئەم تێگەیشتنەی پێچەوانە کردەوە و بە ڕێگەیەکی جیاوازتر لە کاتی نێو تێکستی ئەدەبی گێڕانەوەی ڕوانی. ئەم نووسەرە بایەخی بە خوێنەر دا، هێنایە نێو پرۆسێسی گێڕانەوە و بەشداریی ڕاستەوخۆی پێ کرد. پێی وا بوو سێ جۆر لە کات لە تێکستدا هەن: (کاتی سەرکێشی Adventure، کاتی نووسین Writing و کاتی خوێندنەوە Reading).

- مەبەست لە کاتی سەرکێشی، ساتی ڕوودانی ڕووداوەکانە.

- کاتی نووسین، واتە پرۆسێسی گێڕانەوەی ڕووداوەکان.
- کاتی خوێندنەوە، ساتێک، کە خوێنەر تێکستەکە دەخوێنێتەوە. (بوتور، ١٩٨٦: ١٠١)

کات لەنێو ڕۆماندا کاریگەری لەسەر کارەکتەر دادەنێت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕان بەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوەیدا دێت. واتە لە گۆڕانی کاتدا خەسڵەتە فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی کارەکتەریش گۆڕانیان بەسەردا دێت. لەو بارەیەوە ڕەخنەگری ئینگلیزی (ئەیان وات ١٩١٧-١٩٩٩) پێی وایە ڕۆمان لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر زیاتر بایەخی بە گەشەکردنی کارەکتەر لە ڕێگەی ڕەوتی کاتەوە داوە و لە کتێبی (دەرکەوتنی ڕۆمانی ئینگلیزی)دا لەبارەی ئەو پێوەندییەوە لە ڕۆمانەکانی (دانیال دیفۆ)دا دەڵێت: "لە ڕۆمانەکانیدا ئەو چرکەساتە کاریگەرانەمان لە بیر دەمێنن، کە نووسەر لە ژیانی کارەکتەرەکانیدا دەیانخاتە ڕوو، ئەم ساتانە پێکەوە دەبەستێتەوە و بە شێوەیەکی وا پێشانمان دەدات، کە ببێتە وێنەیەکی بڕواپێکراوی ژیاننامەی کارەکتەر."(وات، ١٩٨٠: ٢٥-٢٦) کەواتە دەتوانین بڵێین لەنێو تێکستدا هەر گۆڕانێک بەسەر کارەکتەردا دێت، ئەوە لەنێو بازنەی کاتدا ئەو گۆڕانە ڕووی داوە.

**١-٢-٣: کارەکتەر و شوێن**

شوێن توخمێکی تری ڕۆمانە. وەک چەمک ڕەگی بە ناو زانستەکاندا بڵاو بووەتەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر لێی دەڕوانرێت. ئێمە لێرەدا ڕەهەندە فەلسەفییەکەی شوێن وەردەگرین و بە لای ئاراستەکانی تریدا ناچین. شوێن لای یۆنانییەکان بایەخی گەورەی پێ دەدرێت و (ئەفلاتون) وەک ئەو ماددەیە دەیبینێت، کە هەموو شتەکانی تر لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت. "ئەو دەفرەیە، کە هەموو شتەکان تێیدا کۆ دەبنەوە."(عبوش، ٢٠٢٠: ٢) ئەم تێگەیشتنەی (ئەفلاتون) بۆ فەیلەسووفانی دوای خۆی دەگوێزرێتەوە و کاریان لێ دەکات، بۆ نموونە (ئەریستۆ) چەمکی شوێن لە (ئەفلاتون) وەردەگرێت و بۆ دوو جۆر دابەشی دەکات: (شوێنی گشتی و شوێنی تایبەتی) مەبەست لە شوێنی گشتی "ئەو شوێنەیە، کە هەموو تەنەکانی لە خۆ گرتوون، بەڵام شوێنی تایبەتی تەنیا تەنێک دەگرێتە خۆی و لەوە زیاتر نییە. واتە شوێنی گشتی سەرجەمی شوێنە تایبەتەکان پێک دەهێنێت و شوێنی تایبەتی لە یەک تەن و تەنیا کاتێک زیاتر لە خۆی ناگرێت."(جندري، ٢٠١٣: ١٩٦) هەر لەو ڕووەوە لە (المعجم الفلسفي- فەرهەنگی فەلسەفی)دا نزیک لە ڕوانینەکەی (ئەفلاتون) پێناسەی شوێن وا کراوە، کە "شوێنێکی ئەندازەیی دیارینەکراوە، ئەو شتانە لە خۆ دەگرێت، کە پێوەندیدار و هاوشێوەن. بە کورتی بەشەکانیان لە یەک جیا ناکرێنەوە."(مجمع اللغة العربية، ١٩٨٣: ١٩١)

یەکێک لەو فەیلەسووفانەی سەدەی بیستەم، کە بایەخێکی زۆریان بە چەمکی شوێن داوە، (گاستۆن باشلار ١٨٨٤-١٩٦٢)ی فرانسییە، کە (ماڵ)ی کرد بە سەرچاوەی توێژینەوەکانی و بە مرۆڤ، بە تایبەتی بە منداڵییەوە پێوەستی کرد و ڕەهەندێکی فەلسەفی و ئێستاتیکی بەو چەمکە بەخشی، لەبەر ئەوە دەستەواژەی (ماڵی منداڵی- البيت الطفولة)ی بۆ بە کار هێنا؛ ئەو ماڵەی مرۆڤ هۆگری دەبێت. (باشلار) دەڵێت: "ماڵ پەناگەی ئێمەیە لەم جیهانەدا. وەک بەردەوام گوتراوە پەناگەی سەرەتامانە، هەر بە مانای وشە پەناگەی ڕاستەقینەمانە. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین خراپترین ماڵیش هەر جوانە."(باشلار، ١٩٨٤: ٣٦)

کەواتە شوێن لای ئەم فەیلەسووفە، کە لە (ماڵ)دا خۆی دەنوێنێت، زیاترە لەوەی تەنیا پەناگەیەک بێت بۆ مرۆڤ، بەڵکو لەوێدا خەونەکانیشی بەرجەستە دەکات، بۆیە "ئێمە تەنیا کاتێک بەوە دەگەین، کە پەنا بۆ زیندەخەون دەبەین."(باشلار، ١٩٨٤: ٣٦)

ئەدەب بە شێوازی تایبەت بە خۆی بایەخ بە چەمکی شوێن دەدات. هەرچەندە ئەم بایەخدانە بەراورد بە توخمەکانی تر لە ئەدەبی گێڕانەوەدا درەنگتر دەرکەوت، چونکە تا درەنگانێک شوێن تەنیا ئەرکێکی وەسفیی بینیوە و لەوە زیاتر نەبووە. "لە ڕۆمانی کۆندا شوێن وەکو هەر توخمێکی دیکە گرنگی زۆر لە ڕێی وەسفەوە پێدەدرا. بۆ نموونە کاتێک وەسفی ژوورێکیان دەکرد، هەموو کەلێنەکانی ژوورەکە و هەرچی تێدابووایە وەسف دەکرا."(مەنتک، ٢٠١٣: ١٥١) ئەم وەسفانە، ئەگەرچی زۆر وردیش بن، هێشتا ناتوانن بەهای ئەم توخمە لەنێو پرۆسێسی

گێڕانەوەدا پیشان بدەن. وردەوردە ئەم ڕوانینە گۆڕانی بەسەردا هات و ئیتر شوێن تەنیا جیۆگرافیایەک نەبوو بۆ پیشاندانی ڕووداوەکان، بەڵکو لە جەستەی ڕۆماندا جێگەیەکی دیاری داگیر کرد. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین "لە ڕۆمانی نوێدا کاریگەریی شوێن لەوێدا دەردەکەوێت، کە لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا هەموو توخمەکانی تر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. کارەکتەر لە کاتێکی دیاریکراودا کارێک دەکات و گێڕەرەوەیەک ئەو ڕووداوە بە مەبەستێکی هونەری دەگێڕێتەوە. هەموو ئەم توخمانەی ڕۆمان لەنێو یەک بازنەدا دەخولێنەوە، کە شوێنی پێ دەگوترێت."(زغودة، ٢٠١٤: ١٣٤) تەنانەت (غالب هەلسا ١٩٣٢-١٩٨٩) نووسەری ئوردنی و وەرگێڕی کتێبی (ئێستاتیکای شوێن)ی (گاستۆن باشلار) لەبارەی گرنگیی شوێنی ناو ئەدەب لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت: "کاری ئەدەبی بە فەرامۆشکردنی شوێن، خەسڵەت و ڕەسەنایەتیی خۆی لە دەست دەدات."(هلسا، ١٩٨٤: ٥)

ئەم ڕوانینە جۆراوجۆرانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە شوێن لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا بایەخی هەیە، بەوەی بە تەنیا شانۆیەک نییە بۆ نمایشی کارەکتەر و ڕووداو و ئەرکێکی وەسفیی ببینێت، بەڵکو جووڵێنەری کارەکتەر و تەنانەت ڕووداوەکانیشە. خۆ هەر بە هۆی شوێنەوەیە خەسڵەت و ڕەهەندەکانی کارەکتەر پیشان دەدرێن و لە ڕووی پێکهاتەوە بڕیار لەبارەیەوە دەدرێت. کەواتە بە فەرامۆشکردنی شوێن لەنێو ڕۆماندا، شتێک نامێنێتەوە ناوی ئەدەبی گێڕانەوەی لێ بنرێت.

**جۆرەکانی شوێن لە ڕۆماندا**

هەریەک لە توێژەران (مۆل و ڕومێر، ڤلادیمێر پرۆپ، میکائیل باختین، جۆن برین، غالب هەلسا، یاسین نەصیر، شوجاع موسلم عانی، ئیبراهیم جنداری، ئیبراهیم قادر، پەرێز سابیر و تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵەح) پۆلێنی جۆراوجۆریان بۆ جۆرەکانی شوێن لە ڕۆماندا کردووە. توێژەر (تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵەح) لە کتێبی (بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا) جۆرەکانی شوێنی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە وەرگرتووە و جارێکی تر لە سێ ڕووەوە دایڕشتوونەتەوە، ئەوانیش: لە ڕووی هەبوونەوە، لە ڕووی هۆگرییەوە و لە ڕووی بەکارهێنانەوە. (سالح، ۲۰۱۱: ۷۹)

- لە ڕووی هەبوونەوە

١. شوێنی واقیعی: وێنەیەکی هاوچەشنی شوێنی ڕاستەقینەیە. واتە نووسەر ئەو شوێنانە لە واقیعەوە وەردەگرێت، وەک ناوی ڕاستەقینەی شار و شوێنەکان.

٢. شوێنی خەیاڵی: مەبەست لەو شوێنانەیە، کە بوونی ڕاستەقینەیان نییە و ناتوانرێت ببینرێن. واتە وێنەیەکی زەینییە، سەرچاوەکەی لەناو خەیاڵدایە و نووسەر دایدەهێنێت.

- لە ڕووی هۆگرییەوە*

١. شوێنی هۆگر (ئاشنا): ئەو شوێنانەن، کە مرۆڤ تێیاندا هەست بە ئارامی دەکات و پێیان هۆگر (ئاشنا) دەبێت.

٢. شوێنی ناهۆگر (نائاشنا): مەبەست لەو شوێنانەن، کە مرۆڤ پێیان هۆگر (ئاشنا) نابێت، هەر بە نامۆیی و لە دەرەوەی خۆی دەیانبینێت.

- لە ڕووی بەکارهێنانەوە

١. شوێنی گشتی: ئەو شوێنانەن، کە لە ڕووی بەکارهێنانەوە تایبەت نین بە کەسێک، بەڵکو بە ڕووی هەمووانیدا کراوەن. لەم بارەیەوە کۆڵان، گەڕەک، شەقام، بازاڕ، گوند و شار شوێنی گشتین.

٢. شوێنی تایبەتی: ئەو شوێنانەن، کە لە ڕووی بەکارهێنانەوە تایبەتن بە کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک، وەک ژوور، ماڵ، کێڵگە، زیندان، ئۆتۆمۆبیل و تا دوایی.

بەر لەوەی باس لە پێوەندیی نێوان کارەکتەر و شوێن وەک دوو توخمی گرنگی ڕۆمان بکەین، گرنگە ئەوە بڵێین لێرەدا مەبەست لە شوێن، جیۆگرافیای نێو ئەدەبە، نەک هیی واقیعی. شوێنێکی هونەریی هەیە و لەسەر کاغەزدا دەبینرێت، بەرجەستە نییە، بەڵکو تەنیا لە پرۆسێسی

---

* بە لای ئێمەوە (شوێنی ئاشنا و شوێنی نائاشنا) لە (شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر) دروستترن و سنووریشیان فرەوانترە، کە نووسەر خۆیشی لە پاڵ وشەکانی (هۆگر و ناهۆگر)دا هێناونی. هەروەها زاراوەکانی (ئاشنا و نائاشنا) ئاماژەی سایکۆلۆجین و دۆخی دەروونیی کارەکتەر بەرانبەر بەو شوێنەی تێیدان، دەردەخەن، تەنانەت لە ڕووی ناولێنانیشەوە لە زمانی کوردیدا بۆ نەرێکردن ناگوترێت (ناهۆگر)، بەڵکو دەگوترێت (نائاشنا).

خوێندنەوەدا هەستی پێ دەکەین، کە نووسەر بە هۆی کۆمەڵێک دەربڕینەوە دەینەخشێنێت. "ڕۆمان بە هۆی وشەوە شوێنی خەیاڵی دەخوڵقێنێت، کە پێکهاتە و ڕەهەندی تایبەت بە خۆیان هەن."(قاسم، ٢٠٠٤: ١٠٤) واتە شوێنەکان لەنێو تێکستی ئەدەبیدا "بوونێکی هەقیقیان نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی وشە و هێماو دەلالەتەکاندا بوونی خۆیان بەرجەستە دەکەن."(صالح، ٢٠٢٠: ٦٠٥) دەبێت ئەوەیش بڵێین، کە سەرچاوەی ئەم شوێنە ئەدەبییە هەر واقیعە و نووسەر خەسڵەت و وێنەیەکی جیاوازتری لە شوێنە ڕاستییەکە پێ دەبەخشێت. (کاروان عومەر کاکەسوور)ی ڕۆماننووس و نووسەری ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)، لەو گفتوگۆیەی، کە (شاخەوان سدیق) لە کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ) لەگەڵی ساز داوە، لەبارەی شێوازی بەکارهێنانی چەمکی شوێن لە بەرهەمەکانیدا دەڵێت: "بەگشتی من لایەنی شیعریی شوێن بایەخ پێ دەدەم، نەوەک لایەنە مێژووییەکەی."(سدیق، کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٢٤)

لە ژیاندا پێوەندییەکی بەهێز مرۆڤ و شوێن پێکەوە دەبەستێتەوە و کاریگەریی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تریان بە ئاشکرا دەردەکەوێت. ئەم پێوەندییە بەهێزە بۆ ناو ئەدەب پەڕیوەتەوە. لە ئەدەبدا "شوێن ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی کارەکتەرە، ژیانی کارەکتەریش سروشتی ئەو شوێنە ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدایە."(قاسم، ٢٠٠٤: ١١٨-١١٩) هەر لەم بارەیەوە (سەباح ئیسماعیل) لە کتێبی (چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا) لەگەڵ پێوەندیی کارەکتەر بە شوێنەوە، باس لە توخمی ڕووداویش دەکات و پێی وایە شوێن ئەو کاتە مانا پەیدا دەکات، کە ڕووداو هەبێت و کارەکتەر بیخوڵقێنێت: "شوێن لە ڕۆمان و چیرۆکدا بێ ڕووداو بوونی نییە، هەروەک چۆن بێ کەسایەتیش هەر بوونی نییە، کەسایەتیش بێ شوێن بوونی نییە."(ئیسماعیل، ٢٠٠٩: ٢٣)

توێژەر (شوان غازی پیرداود) لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی (تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆمانی کوردیدا) پێی وایە ڕۆماننووس نابێت شوێنێک دروست بکات، ئەگەر دۆخی دەروونیی کارەکتەر و هەڵسوکەوتی لە بەرچاو نەگرێت: "نووسەر کاتێک وێنەی شوێنێک دەکێشێت ، ڕەچاوی دەروونی کارەکتەر و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی دەکات، تاکو لەگەڵ ژیان و کەسایەتیەکەیدا بیگونجێنێت."(پیرداود، ٢٠١٥: ٦١)

بەکورتی لەنێو ڕۆماندا کاتێک لە بەهای کارەکتەر دەگەین، کە لە چوارچێوەی شوێندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. وەک چۆن ناتوانین گرنگیی شوێن ببینین، تەنیا لەو دۆخەدا نەبێت، کە خەریکە ڕەهەند، هەڵسوکەوت و خەیاڵەکانی کارەکتەرێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

### ١-٢-٤: کارەکتەر و گێڕانەوە

ڕۆمان پرۆسێسی گێڕانەوەیە، بەو مانایەی گواستنەوەی چیرۆکە لە واقیعەوە بۆ وێنەیەکی زمانی و لە ئەندێشەی خوێنەردا دەنەخشێنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ئەم ژانرە لە خانەی ئەدەبی گێڕانەوەدا پۆلێن دەکرێت. لە کۆندا مرۆڤ ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە بە سەری دەهاتن، بە شێوازی خۆی دەیگێڕانەوە. ئامرازەکانی دەربڕین بە درێژاییی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر مرۆڤ لە سەرەتادا دەستەڵاتی بەسەر زماندا وەک ئامرازێکی گرنگی دەربڕین نەشکاوە، ئەوە چیرۆک و ڕووداوەکانی ژیانی بە وێنە و هێما لەسەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکاندا نەخشاندوون، لەو ڕێگەیەوە گوزارشتی لە گێڕانەوەکەی کردووە و مێژوویەکی دیاریکراوی تۆمار کردووە. کەواتە مرۆڤ و گێڕانەوە لە یەک جودا ناکرێنەوە، لەبەر ئەوە "لەو کاتەوە لە قسە تێدەگەین تاوەکوو دەمرین، بە بەردەوامی چیرۆک دەورمان دەدات، لە سەرەتاوە لەناو خێزان، دواتر لە قوتابخانە و پاشانیش لە چوارچێوەی کۆبوونەوە، خوێندنەوە و ئەزموونی ژیانیشماندا ڕووبەڕووی چیرۆکی جۆراوجۆر دەبینەوە."(بوتور، ١٩٨٦: ٥)

گێڕانەوە لە ئەدەبدا تەنیا پرۆسێسی گواستنەوەی ڕووداوێک نییە، بەڵکو خەسڵەتە ئەدەبی و هونەرییەکەی ئەو ڕووداوە بایەخ پێ دەدات. ئەگەر مرۆڤ لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە دەستبەرداری گێڕانەوە ببێت، ئەوە بە هۆی ئەو ڕەهەندە ئێستاتیکییەوەیە، کە ئەم بنەمایەی ڕۆمان لە هەناوی خۆیدا پاراستوویەتی. بە مانایەکی تر، گێڕانەوە لە یەک کاتدا هەم چێژە، هەم هونەر، بۆ نموونە لە کتێبی (هەزارویەک شەو)دا بە هۆی چێژی گێڕانەوەوە بیری تۆڵە لە دەروونی (شەهریار)دا بەرانبەر بە ناپاکیی هاوسەرەکەی دەسڕێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەوە هونەری گێڕانەوەیە، کە (شەهرزاد)ی حیکایەتخوان لە مردن ڕزگار دەکات. کەواتە پێوەندییەکی مێژوویی بەهێز لەنێوان کارەکتەر و گێڕانەوەدا هەیە. مرۆڤ بوونەوەرێکە هەمیشە ویستی زانینی هەبووە، لەبەر ئەوە سەیر نییە ئەگەر بزانین "زاراوەی گێڕانەوە (Narrative) لە بنچینەدا بۆ وشەی (Gnarus)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە مانای زانین (المعرفة) دێت. گێڕەرەوە شێوەیەکی تایبەت لە زانین پێشکەش دەکات. واتە تەنیا ئەوانە ناگێڕێتەوە، کە ڕوویان داوە، بەڵکو پێشبینیی ڕوودانی ئەوانەیش دەکات، کە دەشێت لە داهاتوودا ڕوو بدەن."(برنس، ٢٠٠٣: ١٢٥) لێرەوە خەیاڵ دێتە ناوەوە، کە گێڕانەوە تەنیا تایبەت نییە بە کاتی ڕابردووەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پرۆسێسی خەیاڵکردنەوە بەرەو داهاتوو دەچێت و پێشبینیی ڕوودان، یان ڕوونەدانی شتێک دەکات.

بەگشتی چەمکی گێڕانەوە بریتییە لە "زاراوەیەکی ئەدەبی و هونەری کە نووسەر، یان یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان لە تێکستێکی گێڕانەوەییدا، ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا دەگێڕێتەوە."(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٨٧) گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێدا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، لەو بارەیەوە یەکێک لە ڕابەرانی ڕۆمانی نوێ لە فرانسا (ئالان ڕۆب گریێ ١٩٢٢-٢٠٠٨) لە

کتێبی (بەرەو ڕۆمانی نویَ)دا دەڵێت: "ڕۆماننووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە."(جرییە، ١٩٩٨: ٣٧)

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە گێڕانەوە ئەو سنوورەی تێپەڕاند، کە تەنیا توخمێکی ڕۆمان بێت، بەڵکو لەنێو توێژینەوەی ڕەخنەگرانی مێتۆدی بونیادگەریدا وەک ڕێگەیەک بۆ خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی بایەخی پێ درا. ئەم بایەخپێدانە وای کرد گێڕانەوە وەک زانست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ناویان لێ نا گێڕانەوەناسی. دەبێت ئەوەیش بڵێین، کە لەو بارەیەوە بونیادگەرەکان درێژەیان بە پڕۆژەی فۆرمالیستە ڕووسەکان دا و سنووری کارکردنی ئەوانیان فرەوان کرد، چونکە سەرەتا "گێڕانەوەناسی (Narratology) وەک زانستێک لای فۆرمالیستە ڕووسەکان و بە دیاریکراوی لەگەڵ توێژینەوە بەناوبانگەکەی (ڤلادیمێر پرۆپ ١٨٩٥-١٩٧٠) بە ناونیشانی (مۆرفۆلۆجیای چیرۆکە خورافییەکان: ١٩٢٨) سەری هەڵدا. لەو کتێبەدا نووسەر چیرۆکەکانی بەسەر بەش و ئەرکەکاندا دابەش کرد و تێیاندا سیویەک ئەرکی دەستنیشان کرد. (ئەرک) لای ئەو واتە (کردار)ی کارەکتەر."(مانفرید، ٢٠١١: ٧)

(پرۆپ) پێی وایە "بە شێوەیەکی بنچینەیی کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆسێسی گێڕانەوەدا هەمان کار دەکەن، ئیدی گرنگ نییە ئەم کارەکتەرانە لە ڕووی شێوە، تەمەن، ڕەگەز، پیشە، دیمەنی دەرەوە و هەموو خەسڵەتە جێگیرەکانی تریش جیاواز بن."(بروب، ١٩٨٩: ٢٦٥) لەو بارەیەوە دوو نموونە دەهێنێتەوە:

"١. پادشا ئیڤان دەنێرێت بە دوای شازادەدا بگەڕێت. ئیڤان دەڕوات.

٢. خوشک براکەی دەنێرێت بە دوای دەرماندا بۆی بگەڕێت. براکەی دەڕوات." لێرەدا کرداری ناردن و ڕۆیشتن بۆ گەڕان، جێگیرن، بەڵام کارەکتەری نێرەر، نێردراو، پاڵنەرەکانی پشت پرۆسێسی ناردن و هەتا دوایی، هەموو گۆڕاون."(بروب، ١٩٨٩: ٢٦٥) لێرەدا پرۆسێسی گێڕانەوە لە هەموو خەسڵەتە هونەری و ئەدەبییەکانی نێو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان داماڵراوە و تەنیا پێ لەسەر ئەرک (کردار)ی کارەکتەر دادەگیرێت.

ئەم ڕوانینەی (پرۆپ) نەیتوانی شوێنی خۆی بگرێت. پاشان بونیادگەرەکان لەژێر کاریگەریی فۆرمالیستەکاندا بایەخیان بە گێڕانەوە دا، بەڵام بە شێوەیەکی وردتر، وای لێ هات وەک زانستێک تەماشایان کرد و "یەکەم کەس ڕەخنەگری فرانسی (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ ١٩٣٩-٢٠١٧) لە ساڵی (١٩٦٩) لە کتێبی (ڕێساکانی دیکامیرۆن: ١٩٦٩)دا ئەم زاراوەیەی بە ناوی (زانستی چیرۆک)ـەوە دارشت. ڕۆژە پرشنگدارەکانی مێتۆدی بونیادگەری لە ئەدەبدا بە هۆی هەندێ بەرهەمی نایابی ڕەخنەگرانی وەک (تۆدۆرۆڤ، ڕۆلان بارت و گریماس)ـەوە هەڵهات، کاتێک هەوڵیان دا گێڕانەوەناسی بۆ پرۆژەیەکی زانستی بگۆڕن."(مانفرید، ٢٠١١: ٧)

ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخی توێژینەوەکەی ئێمەیە، هونەری گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا، کە لە گێڕەرەوەدا بەرجەستە دەبێت. لێرەوە دەتوانین پێوەندیی نێوان ئەم هونەرە و کارەکتەر بدۆزینەوە. بنیاتی گێڕانەوە لەسەر سێ پایە خۆی دادەمەزرێنێت، ئەوانیش: (گێڕەرەوە، بابەتی گێڕانەوە و بۆگێڕەرەوە) خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبیدا خۆی لە بەردەم دوو پرسیاردا دەبینێتەوە: یەکەم، بابەتی گێڕانەوەکە چییە و دووەم، کێ، یاخود کێن ئەوانەی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە؟ لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی پرسیاری دووەم دەبینەوە، کە پێوەندیی بە (گێڕەرەوە)وە هەیە و بە لای (بابەتی گێڕانەوە، بۆگێڕەرەوە)دا ناچین، چونکە گێڕەرەوە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کارەکتەردا هەیە و لە ڕێگەیەوە هەموو خەسڵەت و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کارەکتەر لەنێو تێکستدا پێشان دەدرێن.

گێڕەرەوە "ئەرکی گواستنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانە بۆ وەرگر. بە دەربڕینەکەی (ڕۆلان بارت) بوونەوەرێکی کاغەزییە و ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەری لە جیهانی ڕۆمانەکەیدا دەیخوڵقێنێت."(یوسف، ٢٠١٥: ٤٠) جیاوازیی نێوان گێڕەرەوە و ڕۆماننووس ئەوەیە، کە یەکەمیان داهێنراوی ئەندێشەی نووسەرە، لە کاتێکدا دووەمیان مرۆڤە و لە گۆشت و خوێن پێک هاتووە. ڕۆماننووس لەبەر ئەوە پەنا بۆ گێڕەرەوە دەبات، تاوەکو بەرهەمەکەی نەبێتە ژیاننامە. نووسەر لە پشتی گێڕەرەوەوە خۆی دەشارێتەوە و لە ڕێگەیەوە بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت. واتە لە ڕۆماندا گێڕەرەوە ئەرکی پێ دەسپێردرێت، کە بریتییە لە پێشاندانی "هەموو ئەو شتانەی نووسەر دەیزانێ لەبارەی کارەکتەرو هەوڵدانیەتی بۆ چوونە ناو ناخی شاراوەی کارەکتەرو دۆزینەوەی تایبەتمەندی و سیفەتەکانی."(موفتی، ٢٠١٢: ١٣) بەو مانایەی ڕۆماننووس بۆ ئەوەی ڕووداوێک بگێڕێتەوە و ڕەهەندێکی هونەری بەو ڕووداوە ببەخشێت، ئەوە پەنا بۆ گێڕەرەوە دەبات و ئەرکی گێڕانەوەی تێکستەکەی پێ دەسپێرێت.

**جۆرەکانی گێڕەرەوە**

تـوێژەرانی بـواری گێڕانەوەناسـی بە شـێوازی جۆراوجـۆر جۆرەکـانی گێڕەرەوەیـان پـۆلێن کردوون، کە ئەگەرچی پۆلێنەکان لە ڕواڵەتدا جیاواز خۆیـان دەنوێنن، بەڵام لە ناوەرۆکدا خـاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا دەبینرێت.

ڕەخنەگری ڕووسی (بۆریس ڤیکتۆرۆڤیچ تۆماشڤسکی ١٨٩٠-١٩٥٧) بە شێوەیەکی گشـتی لە ئەدەبدا دوو شـێوازی گێڕانەوە دەستنیشـان دەکات، بەبێ ئەوەی نـاوی گێـڕەرەوە بهێنێت، لە کاتێکـدا سـیمای گێـڕەرەوە لەگەڵ شـێوازی دووەمـدا دەردەکەوێـت. شـێوازەکانیش بـریتین لە (گێڕانەوەی بابەتی) و (گێڕانەوەی خودی)، کە لە "لە گێڕانەوەی بابەتیدا ڕۆماننووس دەستەڵاتی ڕەهای بەسەر کۆی فەزای تێکستەکەدا هەیە، تەنانەت بیرکـردنەوەی کارەکتەرەکـانیش، بەڵام لە گێڕانەوەی خودیدا خوێنەر پێبەپێ لەگەڵ گێڕەرەوەدا دەڕوات."(یوسف، ٢٠١٥: ٤٢)

ڕەخنەگری فرانسی (جیرارد جێنیت ١٩٣٠-٢٠١٨)یش لەبـارەی جۆرەکـانی گێڕەرەوەوە دوو جـۆر دیـاری دەکـات: "یەکەم: گێـڕەرەوە لە نـاوەوە ڕووداوەکـان شـی دەکـاتەوە و چیـرۆک بە جێنـاوی کەسـی یەکەمـی (مـن) دەگێـڕێتەوە. دووەم: گێـڕەرەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکـانە و کەسێکی چاودێرە. واتە بینەرێکی ئامادەیە و بەشداریی ڕووداوەکان ناکات."(عزام، ٢٠١٦)

لە لایەکی ترەوە ڕەخنەگری فرانسی (جان بۆیۆن ١٩١٦-٢٠٠٢) سێ جۆر لە گێڕەرەوە لەنێو ڕۆماندا دیاری دەکات، کە ئەو بە مانای (گۆشەنیگا) بە کاریان دەهێنێت، ئەوانیش:

١. بینــین لە دواوە (گێــڕەرەوەی هەمووشــتزان): ئەم جۆرەیــان زۆربەی جــار لە گێــڕانەوە کلاسیکییەکاندا دەبینرێت، کە تێیدا گێڕەرەوە زانیاریی لە کارەکتەر زیـاترە و بە جێنـاوی کەسـی سـێیەمی تـاک (ئەو) ڕووداوەکـان دەگێـڕێتەوە. لەم جـۆرەدا گێـڕەرەوە لە دەرەوەی ڕۆمـانەکەدا وەستاوە و بێکات و شوێنە. لێرەدا ئازادیی کـارەکتەر دەکەوێتە مەترسـییەوە و هەڵسـوکەوت و بیرکردنەوەکانی کۆنترۆڵ دەکرێت. بەپێی پۆلێنەکەی (تۆماشڤسکی) ئەم جۆرەیان لە گێڕانەوەی بابەتیدا جێگەی دەبێتەوە.

٢. بینین لەگەڵ (گێڕەرەوەی هەمانشتزان): ئەم جۆرەیـان لەگەڵ ڕۆمـانی نوێدا سـەر هەڵدەدات، کە تێیدا زانیارییەکانی گێڕەرەوە و کارەکتەر وەک یەکن. ئەمە مانـای ئەوەیە گێڕەرەوە یەکێکە لە کارەکتەرەکان و سنووری زانینی دیاریکراوە. بەگشتی بە جێناوی کەسی یەکەمی تـاک (مـن) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

٣. بینـین لە دەرەوە (گێـڕەرەوەی کەمشـتزان): لەم جۆرەیانـدا زانیارییەکـانی گێـڕەرەوە لە هیـی کارەکتەر کەمترن و تەنیا ئەوەمان پێشان دەدات، کە ئێمەیش دەیبینین و دەیبیستین، لەوە زیاتر نییە. ئەمە وای لـێ کـردووە لەنێو ئەدەبی گێڕانەوەدا ئەم جۆرەیـان لە هەردوو جـۆرەکەی دی کەمتـر بە کـار بهێنرێـت. (تـودوروف، ١٩٩٢: ٥٨-٥٩) چـونکە پشـت بە هەسـتەکانی بینـین و بیسـتن

دەبەستێت و دەستەڵاتی زۆر سنووردارە. بە مانایەکی تر ڕووکەشە و مامەڵە لەگەڵ ڕواڵەتی کارەکتەر و ڕووداودا دەکات. ئەم شێوازە لە هونەری سینەماوە بۆ ئەدەبی گێڕانەوە پەڕیوەتەوە و وەک گوترا نووسەران زۆر بە کەمی بە کاری دەهێنن، چونکە لێڵی و تەمومژێکی زۆری تێدان.

ڕەخنەگری فرانسی (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) لەژێر کاریگەریی پۆلێنەکەی (جان بۆیۆن)دا گێڕەرەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەکات:

١. زانیارییەکانی گێڕەرەوە لە هیی کارەکتەر زیاترن. (بینین لە دواوە)

٢. زانیارییەکانی گێڕەرەوە و کارەکتەر یەکسانن. (بینین لەگەڵ)

٣. زانیارییەکانی گێڕەرەوە لە هیی کارەکتەر کەمترن. (بینین لە دەرەوە) (عزام، ٢٠١٦)

لەبارەی جۆرەکانی گێڕەرەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا چەند پۆلێنێک بەدی دەکرێت، (دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ) لە کتێبی (تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ‹مارف بەرزنجی›دا) لە پاڵ ئەو سێ جۆرەی، کە (جان بۆیۆن) دیاری کردوون، جۆرێکی تر دەستنیشان دەکات و ناوی لێ دەنێت (چیرۆکگێڕەرەوەی بێمتمانە)، کە مەبەست لەو گێڕەرەوەیەیە، کە "زانیاری بە هەڵە پێشکەش بە خوێنەر دەکات."*(ڕەسول، ٢٠٠٥: ٢٩) لێرەدا ناتوانرێت وەک جۆرێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم گێڕەرەوەیەدا بکرێت، چونکە خەسڵەتەکانی لەنێو جۆرەکانی تر و بە تایبەت (بینین لەگەڵ/ گێڕەرەوەی هەمانشتزان)دا دەردەکەون. کاتێک دەگوترێت: (زانیاری بە هەڵە پێشکەش بە خوێنەر دەکات.) مەبەست لەوە نییە خوێنەر بە لاڕێدا ببات، بەڵکو پێشاندانی ئەو دۆخە سایکۆلۆجییە خراپەی گێڕەرەوەیە، کە وێنەکانی لێ تێکەڵ دەبن. نووسەر ئەم شێوازە وەک تەکنیک و پێشاندانی ڕەهەندە ئێستاتیکییەکەی تێکست بە کار دەهێنێت و لەو ڕێگەیەوە خوێنەر لە دۆخی دەروونیی گێڕەرەوە (کارەکتەر) ئاگادار دەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی ناولێنانەوە (گێڕەرەوەی بێمتمانە) مانای تەواو نابەخشێت و لەبری ئەوە (گێڕەرەوەی فریوەر) بە تەواوی ماناکەی دەپێکێت، چونکە بە گشتی لە ئەدەبی گێڕانەوەدا خەیاڵ بەشدارییەکی گەورە دەکات، کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم چەمکە ئەوەیە، فریودەرە، بەو مانایەی لە وێنەکانی نێو واقیع لا دەدات و وێنەی دیکە دەخاتە شوێنیان.

هەروەها نووسەر و شاعیر (فەرهاد شاکەلی) لە کتێبی (گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی)دا بەبێ ئەوەی پۆلێنی جۆرەکانی گێڕەرەوە بکات، باس لە شێوازی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا دەکات، کە بابەتییە و نووسەران ئازادیی کارەکتەر و خەسڵەتە دەروونی و فەلسەفییەکانیان پەراوێز دەخەن، بۆیە بە ڕەخنە ڕووبەڕووی بەشێک لەو تێکستانە دەبێتەوە، کە لەو کۆنتێکستە

---

* ئەم شێوازە لە گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا لە چەندین شوێنی تێکستەکەدا دێتە ناوەوە و لە بەشی پراکتیکدا نموونەیان بۆ دەهێنینەوە.

مێژووییەدا کاری لەسەر کردوون (لە سەرەتاوە تاوەکوو ساڵی ١٩٨٨) و دەڵێت: "زۆربەی نووسەرانی کورد شێوەیەک لە گێڕانەوەیان بەکار هێناوە کە لەودا سەرتاپێی باسەکە دەخرێتە ڕوو. گەلێ جاریش، وەسفی دیمەن، قۆناخ و کاراکتەرەکانی داستانەکەیان ئاوێتەی کارەکەیان کردووە و نووسەر تێیدا کەوتووەتە درێژدادڕی و ئەوەش پڕووکانی تاقەت و ماندووبوونی خوێنەری لە دووی خۆیدا هێناوە. لەو شێوازە باوەدا، تەنیا ڕواڵەت و ڕەوتاری ڕووکەشی کارەکتەرەکان ئاوڕی لێ دراوەتەوە و قووڵاییی دەروونیان بەسەر نەکراوەتەوە، یان ئەوەی کە داستانەکەیان تایبەتمەندییەکی فۆتۆگرافیکیان وەرگرتووە."(شاکەلی، ١٣٩٩: ١٣٢) ئەمە بەو مانایە دێت، کارەکتەرەکان ئازادییان لێ سەندراوەتەوە و خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیان نین، بەڵکو لە ڕێگەی (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)ـەوە وەسف دەکرێن، بە جۆرێک، کە خوێنەر تووشی بێزاری دەکات.

بەکورتی لە ڕێگەی پرۆسێسی گێڕانەوەوە هەموو خەسڵەت و ڕەهەندە فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی کارەکتەر پێشان دەدرێن. بە دەربڕینێکی تر، ڕۆمان بە گشتی پرۆسێسی گێڕانەوەی ژیانی کارەکتەرە لە شوێن و کاتە جیاوازەکاندا.

**١-٢-٥: کارەکتەر و زمان**

زمان جەوهەری کاری ئەدەبییە، ڕۆمانیش وەکوو ژانرێکی فرەڕەهەند خۆی لەسەر پێشاندان و دەرخستنی دەنگە جیاوازەکان لەنێو کۆنتێکستێکی گشتییدا دامەزراندووە. لە ڕۆمانی نوێدا هەر دەنگێک خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی و لە دەنگێکی تر ناچێت. ئەگەر دەربڕینەکەی (ئەفلاتون) لەبارەی شوێنەوە وەک نموونە وەربگرینەوە، کە دەڵێت: "شوێن ئەو دەفرەیە، کە هەموو شتەکان تێیدا کۆ دەبنەوە."(عبوش، ٢٠٢٠: ٢) ئەوە دەتوانین هەمان دەربڕین بۆ زمانیش بە کار بهێنینەوە، کە دەفرێکە و هەموو توخمەکانی تری تێدا کۆ بوونەتەوە. کەواتە ناکرێت زمان وەک ئەندامێکی جەستەی ڕۆمان تەماشا بکرێت، بەڵکو خودی جەستەکەیە، بەو مانایەی زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەربڕین، بەڵکو لەنێو تێکستدا خۆی ئامانجە، چونکە هەر بە هۆی زمانەوە دەتوانین شێوازی نووسەران لە یەکتر جیا بکەینەوە.

زمان لەنێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بە گشتی و فەلسەفە بە تایبەتیدا بایەخی گەورەی هەیە. لێرەدا ناکرێت هەوڵە گرنگەکانی فەیلەسووفی نەمساوی (لۆدڤیگ ویتگینیشتاین ١٨٨٩-١٩٥١) لەبارەی فەلسەفەی زمانەوە فەرامۆش بکرێت. ئەو فەیلەسووفە زمان بە فیکرەوە گرێ دەدات و پێی وایە ئەو دوو چەمکە هەمیشە پێکەوە دێن و لێک جیا ناکرێنەوە: "زمان فیکرە. واتە زمان بەبێ فیکر بوونی نییە، وەک چۆن فیکرێک نادۆزینەوە بەبێ زمان. بە جۆرێکی تر، زمان ئەو ئامرازەیە، کە دەتوانین لە ڕێگەیەوە بیرۆکەکانمان دەرببڕین."(العواودة، المعاني، ٢٠٢٠: ١٤٦) (ویتگینیشتاین) پێی وایە سەرەتا لە بیری مرۆڤدا کۆمەڵێک وێنە هەن، دواتر زمان ئەو وێنانە لە ناوەوە دەهێنێتە دەرەوە و لە چوارچێوەی وشەدا دایاندەڕێژێت. کەواتە زمان و فیکر تەواوکەری یەکترن. بە دەربڕینێکی تر، زمان تەنیا هۆکاری دەربڕین نییە، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ پرۆسێسی بیرکردنەوە. خوێنەر ئاشنای کارەکتەرەکان نابێت، ئەگەر لە ئاستی زمانیان تێنەگات، کاتێک دەدوێن و خۆیان دەردەبڕن.

لێرەدا نامانەوێت هەموو ئەو بوارانە بە سەر بکەینەوە، کە بایەخ بە چەمکی زمان دەدەن و لەو بارەیەوە نموونەیان لێ بهێنینەوە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان دۆزینەوەی ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانی زمانە لەنێو ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتیدا و لەو ڕێگەیەوە هەوڵ دەدەین پێوەندیی زمان بە کارەکتەرەوە ڕوون بکەینەوە، کە بە گشتی "گێڕانەوە بریتییە لە مامەڵەکردنی ڕۆماننووس لەگەڵ زماندا."(مەجید، ٢٠٢١: ١١٣)

بنیاتنانی کارەکتەر و دەرخستنی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی بە هۆی زمانەوە دەبێت. ئەوە بایەخی زمانە لەنێو تێکستدا وای لە نووسەری فرانسی (پۆول ڕیکۆر ١٩١٣-٢٠٠٥) کردووە پێی وا بێت زمان فرەمانایە و زیاد لە ڕێگەیەکیش هەیە بۆ خوێندنەوەی ئەو مانایانە. لەو بارەیەوە دەڵێت: "زمان هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی زیاد لە مانایەک، کە هەمیشە زیاد لە ڕێگەیەک هەیە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی."(محەمەد، ٢٠٢١: ٨٦) واتە چەند ڕێگە بۆ دەربڕین

هەبێت، ئەوەندەیش بۆ لێکدانەوەی ئەو دەربڕینە دەبێت. لای (پۆوڵ ڕیکۆر) زمان هەڵگری زیاد لە ئاماژەیەکە، کە لە پرۆسێسی خوێندنەوەدا مانای جیاوازجیاواز بە دەستەوە دەدەن.

(ڕۆلان بارت)یش نەک هەر زمان وەک پێویستییەکی سەرەکی بۆ تێکست دیاری دەکات، بەڵکو وای بۆ دەچێت خودی تێکست تەنیا زمانە، بۆیە بەوپەڕی پێداگرییەوە دەڵێت: "دەقێک، کە سروشتی لە زمانە، چۆن دەتوانێ لە دەرەوەی زمانەکان بێ؟ چۆن دەتوانێ زارەکانی جیهان دەربڕێ بێ وەی پەنابەرێتە زارێکی کۆتایی کە زارەکانی لە ڕووی ئەو بگێڕدرێنەوە و بووترێنەوە؟"(بارت، ٢٠١١: ٣٨)

ڕۆماننووس بە هۆی زمانەوە کارەکتەر دادەڕێژێت و خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی پێشان دەدات. لەبەر ئەوەی هەر کارەکتەرێک چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە و بە شێوازی خۆی دەیانگێڕێتەوە، ئەوە فەزای ڕۆمان دەبێتە شانۆی دەنگە جیاوازەکان، هەموو ئەم پرۆسێسانە تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن، بۆیە "لەدەرەوەی زماندا، کەسایەتی هیچ بوونێکی نیە، بەڵکو بەرجەستە بوونی لە خودی زمانەکەدایە."(سەڕاج، ٢٠٠٧: ٤٦) دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە زمان لەنێو ئەدەبدا خەسڵەتی ئاسایی ڕۆژانە لە دەست دەدات و ڕەهەندێکی ئێستاتیکی وەردەگرێت. لەو بارەیەوە نووسەر (کاروان عومەر کاکەسوور) لە گفتوگۆیەکدا، کە (دانا فایەق) لەگەڵیدا سازی کردووە، پێی وایە نووسەر دەتوانێت لە ڕێگەی زمانی خودییەوە داهێنان بکات، ئەو زمانەی، کە خۆی لە هیی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە: "زمان مەرجی یەکەمی داهێنانە بۆ هەر نووسەرێک. نە زمانی فەرەنسی بوو (ڕامبۆ)ی کردە شاعیرێکی گەورە و نە زمانی ئینگلیزییش بوو (ئیلیۆت)ی گەیاندە ئەو ئاستە، بەڵکو ئەوان بوون بەهۆی زمانی خۆیانەوە ئەو زمانەیان گەورەتر کرد. ئەوان ئەگەر بە کوردییش بیان نووسیبوایە، هەر وەکو (نالی) و (خانی) دنیایەکی دیکەیان لەسەر ئاستی ئێستاتیکا و زماندا بنیات دەنا."(فایەق، کاکەسوور، ٢٠٠٨: ٤٨) واتە لێرەدا داهێنەر بە هۆی ئەو زمانی ئاخاوتنەوە ناناسرێتەوە، کە ڕۆژانە قسەی پێ دەکات و کۆمەڵ لەسەری ڕێک کەوتوون، بەڵکو لە ڕێگەی تێکشکاندنی ئەو زمانە و دامەزراندنی زمانێکی تایبەت بە خۆی، ئەو کارە دەکات.

**١-٢-٦: کارەکتەر و فرەدەنگی**

فرەدەنگی (Polyphony- تعدد الأصوات) وەک زاراوە نوێیە و مێژووەکەی بۆ سییەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. ڕەخنەگری ڕووسی (میکایل باختین) لەناو ڕۆمانەکانی (دۆستۆیەڤسکی)دا ئەم تەکنیکە دەدۆزێتەوە و گەشەی پێ دەدات، تاوەکو لە تەکنیکێکی ڕۆمانەوە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە ڕۆمان دەیناسێنێت، بۆیە دەڵێت: "ناکرێت بەرهەمە داهێنەرەکانی ئەو ڕۆماننوسە بخەینە ناو چوارچێوەی جۆرێکی دیاریکراوەوە، بەوەی هیچ کلێشە و قاڵبێکی ئەدەبی، کە بە درێژاییی مێژوو ناسراون، ڕەچاو ناکات، بەڵکو ئەو بە شێوەیەکی گەوهەری جۆرێکی نوێی داهێناوە، کە ڕۆمانی فرەدەنگە."(باختین، ١٩٨٦: ١١) بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە مێژووی بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و بەرهەمەکانی نووسەری فرانسی (فرانسوا ڕابلێ ١٤٨٣-١٥٥٣) دەبنە نموونەی زەقی تێکستی فرەدەنگ. (باختین) هەمان کەشوهەوای کەرنەڤاڵی سەدەکانی ناوەڕاست لە بەرهەمەکانی ئەو ڕۆماننووسە و دواتریش لە ڕۆمانەکانی (دۆستۆیەڤسکی)دا دەدۆزێتەوە، بەوەی ئەم چەمکە بریتییە لە فرەڕەگی، فرەدەنگی، دایەلۆگ، ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو دەنگەکان و سڕینەوەی جیاوازیی چینایەتی. لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی (میکایل باختین)دا ئێستا فرەدەنگی تەنیا لە سنووری تەکنیکێکدا نەماوەتەوە، بەڵکو بووەتە جۆرێکی سەربەخۆی ڕۆمان و پێی دەگوترێت ڕۆمانی فرەدەنگ، بەڵام ئێمە لێرەدا وەک توخمێک مامەڵە لەگەڵ فرەدەنگیدا دەکەین، کە بایەخەکەی لەوەدا دەردەکەوێت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کارەکتەرەوە هەیە، چونکە ئایدیۆلۆجیای کارەکتەرەکان وەک خۆی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئەگەر پێوەندییەکی بەهێز زمان و کارەکتەر پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە هەر کارەکتەرێک لەنێو ڕۆماندا خاوەنی زمانێکی تایبەتە و لەو ڕێگەیەوە خۆی لەوانی تر جیا دەکاتەوە، ئەم جیاکردنەوەیە ڕێگە بۆ لەدایکبوونی فرەدەنگی خۆش دەکات. بە مانایەکی دی لەنێو ڕۆماندا فرەدەنگی بە تێکشکاندنی دەستەڵاتی دەنگی زاڵی نووسەر و گێڕەرەوەی هەمووشتزان دروست دەبێت و کەشێکی ئازاد دەڕەخسێنرێت، تاوەکو دەنگەکانی تر بێنە ناوەوە و خۆیان دەرببڕن. لێرەدا خوێنەر لەبری یەک گۆشەنیگا، بەر چەندین گۆشەنیگای جیاواز دەکەوێت، تەنانەت گێڕانەوەی یەک ڕووداویش لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە، دەبێتە خەسڵەتی دیاری تێکستی فرەدەنگ.

ڕۆماننووسی چیکی (میلان کۆندێرا ١٩٢٩- لە ژیاندایە) لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا چەمکی فرەدەنگی بە میوزیک دەچووێنێت و پێی وایە ئەگەر لە میوزیکدا هاوسەنگیی دەنگەکان گرنگ بێت، هەمان پێوەر بۆ ڕۆمانیش ڕاستە. "یەکێک لە پرنسیپە بناغەییەکانی پسپۆڕە گەورەکانی فرەدەنگیی هاوسەنگیی دەنگەکان بوو: هیچ دەنگێک نابێ سەروەر بێ، هیچ دەنگێک نابێ تەنیا وەکو دەنگ بۆ هاودەنگیی بە کار بهێنرێ."(کۆندێرا، ٢٠٠٨: ١٢٢)

ئەگەر وا بیر بکرێتەوە زۆریی ژمارەی کارەکتەر تێکستی فرەدەنگ بەرهەم دەهێنێت، ئەوە تێگەیشتنێکی ڕاست نییە، بەڵکو ئەوەی خەسڵەتی فرەدەنگی بە ڕۆمان دەبەخشێت، فرەیی لە گۆشەنیگا، دایەلۆگ و بەشداریکردنی ڕاستەقینەی کارەکتەرە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا.

ڕۆمانی فرەدەنگ بە هۆی چەند تەکنیکێکەوە دەناسرێتەوە، کە پێوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کارەکتەردا هەیە. لێرەدا تەنیا باس لە گۆشەنیگا، دایەلۆگ و کەرنەڤاڵ دەکەین.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی فرەدەنگ، گۆشەنیگایە، کە زیاتر پێوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە و خوێنەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ڕوانینی ئەو لەبارەی ڕووداوەکانەوە بزانێت، چونکە گۆشەنیگا "ئەو ڕووانگەیەیە کە لەوێوە دەنگی وەگێڕ بە خوێنەر دەگات، ڕووانگەکەش جۆری دیتنی ئەو کەسەیە، کە خوێنەر بۆ بیستنی ڕووداوەکان چاولەدەمیەتی."(کەسنەزانی، ٢٠١٢: ٢٥٦) گۆشەنیگا لە ڕۆماندا وا دەکات کارەکتەر سەربەخۆیی خۆی بەرانبەر بە نووسەر بپارێزێت و بە ئازادی ئایدیۆلۆجیای خۆی دەرببڕێت.

گۆڕینی گۆشەنیگا و یاریکردن بە جێناوەکان، خەسڵەتی دیاری ڕۆمانی فرەدەنگە. هەر بۆیە سێ جۆر لە گۆشەنیگا هەن: یەکەم، گۆشەنیگای کەسی یەکەم. دووەم، گۆشەنیگای گێڕەرەوەی هەمووشتزان و سێیەم، گۆشەنیگای فرەدەنگ، کە ئەم جۆرەیان مەبەستی توێژینەوەکەیە و وەک تەکنیک لە ڕۆمانی نوێدا بە کار دێت، تێیدا چەند گێڕەرەوەیەک لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. واتە فرەیی لە گۆشەنیگا ڕۆمان لە ئاستی تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ دەگوێزێتەوە.

دایەلۆگ یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی فرەدەنگ، بەو مانایەی دایەلۆگ شوێنی بەریەککەوتنی هۆشیاریی دەنگە جیاوازەکانە، کە هەریەکەیان خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆیەتی. لێرەدا ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە، کەشێکی ئازاد بۆ کارەکتەرەکانی بڕەخسێنێت، تا لە ڕێگەی دەربڕینی خۆیانەوە ڕەهەندە جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانیان پێشانی خوێنەر بدەن.

(میکایل باختین) لەنێو دایەلۆگ لە ڕۆماندا بایەخ بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی کارەکتەر دەدات و پێی وایە مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەکەرە، ئەوە دەیەوێت لە ڕێگەی زمانی کۆمەڵایەتییەوە دایەلۆگ لەگەڵ ئەوانی تردا دابمەزرێنێت. ئەگەر هۆشیاریی هەر کارەکتەرێک لە کارەکتەرێکی تر جیاواز بێت، ئەوە دەربڕینەکەیشی جیاواز دەبێت، ئەمە بنەمای فرەدەنگییە لە ڕۆماندا. "کەسی قسەکەر لە ڕۆماندا مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە، وشەکانیشی بە زمانی کۆمەڵایەتی دەردەبڕێت و لە ڕێگەی وشەکانیەوە ئایدیۆلۆجیای خۆی پێشان دەدات. هەروەها ئەو زمانەی پێی دەدوێت، گۆشەنیگای تایبەتیی ئەوە و لەناو جیهانی ڕۆماندا بەهای کۆمەڵایەتیی ئەو دیاری دەکات."(بختین، ١٩٨٨: ١١٠)

ئەم ڕەخنەگرە ڕووسییە مەرجی بوونی ڕۆمانی فرەدەنگ بە کردارەوە دەبەستێتەوە، کە پێویستیی سەرەکییە بۆ پێشاندانی ئایدیۆلوجیای کارەکتەر، لە کاتێکدا (باختین) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کارەکتەر لە سەدەی نۆزدەیەمدا تەنیا قسەکەر بوو. "کردەوە و ڕەفتاری کارەکتەر لە ڕۆماندا پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ئایدیۆلۆجیاکەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی هەڵوێست و هەروەها وشەکانیەوە. لە ڕاستیدا لە سەدەی نۆزەیەمدا جۆرێک ڕۆمانمان هەبوو، کە تێیدا کارەکتەر تەنیا قسەکەر بوو، لە کردەوە دابڕێنرابوو."(بختین، ١٩٨٨: ١١١)

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی تێکستی فرەدەنگ، کەرنەڤاڵە، کە ڕیشەی وشەکە لە زمانی ئیتالیدا بۆ ساڵی (١٥٤٩) دەگەڕێتەوە. (باختین) ڕەگی ڕۆمانی فرەدەنگ بۆ کەرنەڤاڵی سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێنێتەوە و وای دەبینێت بەرهەمەکانی (فرانسوا ڕابلێ)ی فرانسی و ڕۆمانەکانی (دۆستۆیەڤسکی) لەبارەی فرەڕەگی و فرەدەنگییەوە سەرچاوەکەیان لە کەرنەڤاڵدایە. بە تێگەیشتنی ئەم ڕەخنەگرە ڕووسییە "کەرنەڤاڵ جۆرێک وردە فەرهەنگی رەخنەگرانەیە کە داب و نەریتی رەسمی و ئاکاری دەسەڵاتدار دەخاتە ژێر پرسیار. لە کەرنەڤاڵدا نەریتی ڕەسمی و ئاکاری زاڵ، لە زەمینە و قاڵبێکی جیاوازدا بە شێوەی کاریکاتۆر و گاڵتەجاڕانە پیشان دەدرێن و گاڵتەیان پێدەکرێ."(زیما، ٢٠٠٨: ٧٢)

(باختین) هەمان کەشوهەوای ئازاد لە بەرهەمەکانی (فرانسوا ڕابلێ) و ڕۆمانەکانی (دۆستۆیەڤسکی)دا دەدۆزێتەوە، کە بریتین لە فرەییی لە شێواز، گۆشەنیگا، دەربڕین، دایەلۆگ و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی، چونکە "لە کەرنەڤاڵدا پلەوپایەی کۆمەڵایەتی تێک دەشکێت و هەموو ئەو دەنگانە دەردەکەون، کە لەلایەن تاکەدەنگەوە سەرکوت کرابوون. ئینجا دایەلۆگ هەموویان پێکەوە گرێ دەداتەوە."(کاکەسوور(ب)، ٢٠٢١: ٦)

بەکورتی، ئەم شەش خاڵەی لەم تەوەرەدا خرانە ڕوو، پێشاندانی ئەو پێوەندییە بەهێزەیە، کە کارەکتەر لەگەڵ هەریەک لە بنەماکانی تری ڕۆمان وەک (ڕووداو، کات، شوێن، گێڕانەوە، زمان و فرەدەنگی)دا هەیەتی، کە لەناو بەشی پراکتیکدا ئەو پێوەندییە بە ئاشکرا دەردەکەوێت و لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا نموونەیان بۆ دەهێنینەوە.

# بەشی دووەم

## ڕەهەندەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)

### تەوەری یەکەم: ڕەهەندی جەستەیی (فیزیکی)

### تەوەری دووەم: ڕەهەندی دەروونی

### تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

### تەوەری چوارەم: ڕەهەندی فەلسەفی

## بەشی دووەم

## ڕەهەندەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)

بۆ بنیاتنانی کارەکتەر لەنێو ڕۆماندا ڕۆماننووس چەند ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەرشان، کە ڕەهەندەکانی کارەکتەر (فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی) یەکێک لەو ئەرکانەیە و پێویستە بە شێوەیەکی هونەری وێنەیان بنەخشێنێت، بە جۆرێک، کە ئەو وێنانە لای خوێنەر جێگەی بڕواپێکردن بن. وەک چۆن لە ژیانی واقیعیدا ئەستەمە دوو مرۆڤ بدۆزرێتەوە خاوەنی یەک خەسڵەت بن و لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەک بچن، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە لە یەکتر جیاوازن، ئەوە هەمان تێگەیشتن بۆ ژانری ڕۆمانیش ڕاستە، بەوەی تێیدا هیچ دوو کارەکتەرێک نابینرێن، کە لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا هاوشێوە بن.

ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە گونجان لەنێوان ڕەهەندەکانی کارەکتەردا دروست بکات. واتە پێشاندانی کارەکتەر لە ڕووی فیزیکییەوە، ڕێگە بۆ خوێنەر خۆش بکات ئاسانتر لە دیوە دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکەی تێ بگات. بە مانایەکی تر، ڕەهەندەکانی کارەکتەر بەناویەکدا چوون و هەریەکەیان کار لەوی تریان دەکات، چونکە "پێوەندیی نێوان ئەم ڕەهەندانە وا دەکات ڕۆمانەکە بە تەواوی مانابەخش و بەجێ بێت."(یاقووب، ٢٠٢١: ١٤٢) بۆ نموونە شێوازی جلوبەرگی کارەکتەرێک، ئاستی دەروونی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی ئەو کەسەیش دەردەخات، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو جلوبەرگەی مامۆستایەکی ئایینی لەگەڵ مامۆستایەکی قوتابخانەدا دەیپۆشن، ئەگەرچی هەردووکیان نازناوی (مامۆستا)یان هەڵگرتووە، بەڵام جیاوازن و لەنێو کۆمەڵگەدا دەتوانرێت بە ئاسانی لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

لێرەدا لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە باس لە چوار ڕەهەندی سەرەکیی کارەکتەر (جەستەیی "فیزیکی"، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی) دەکەین و لەو بارەیەوە لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا نموونەیان بۆ دەهێنینەوە.

**تەوەری یەکەم: ڕەهەندی جەستەیی (فیزیکی)**

بایەخدان بە جەستە لای مرۆڤ مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ داستان و ئەفسانە کۆنەکانی سەردەمی پێش زانین دەگەڕێتەوە، لەو بارەیەوە دەکرێت داستانی (گلگامێش- Gilgamesh)* وەک نموونەیەکی دیاری ئەو بایەخە سەیر بکرێت، کە (گلگامێش)ی خوداوەند بەو مەبەستەی جەستەی خۆی لە مردن بپارێزێت و بە نەمری بیهێڵێتەوە، بە دوای گیای نەمریدا دەگەڕێت. بابەتی جەستە بۆ شارستانیەتی یۆنان دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی سەرەتا بەلاوە دەنرێت، بەڵام لەگەڵ فەلسەفەی نوێدا ڕەهەندێکی فەلسەفی وەردەگرێت. ئەگەر زانیمان فەلسەفە خۆی لەسەر پرسیار و گومان دامەزراندووە، ئەوە پرسیار و گومان لەبارەی بوون بە گشتی و بوونی مرۆڤ بە تایبەتی دەبێتە جێگەی بایەخی ئەم زانستە. لێرەدا ڕەهەندە فەلسەفییەکەی جەستە بایەخ پێ دەدەین و بۆچوونی هەندێ فەیلەسووف و بیریار دەخەینە ڕوو.

لە فەلسەفەی کۆنی یۆنانیدا ناوی جەستە لەگەڵ ڕۆحدا هاتووە و بە کەم تەماشا کراوە، بەو مانایەی وەک پاشکۆی ڕۆح بینراوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر بایەخ بە جەستە دراوە، لەبەر گرنگیی خۆی نەبووە، بەڵکو وەک ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕۆح سەیر کراوە.

(سۆکرات ٤٧٠-٣٩٩ پ. ز)ی فەیلەسووف جەستەی وەک ئامرازێک بۆ پێشاندانی گەورەییی ڕۆح بینیوە و وا وێنای کردووە بەندیخانەی ڕۆحە، ئازادبوونی ڕۆحیش لەو زیندانە، تەنیا بە مردنی جەستە دەبێت. "ڕۆح جەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤە و جەستە تەنیا ئامرازێکی ئەو ڕۆحەیە، کە لە مردندا لێی ڕزگار دەبێت."(قاسم، ١٩٦٩: ٢٣)

ڕەنگە ئەو گوتەیەی (سۆکرات)، کە لەسەر دەرگەی پەرستگەی (دێلفی) نووسراوە: (خۆت بە خۆت بناسێنە) باشترین نموونەی بایەخدانی ئەم فەیلەسووفە بێت بە ڕۆح، مەبەست لێی ڕۆحی خۆت بناسە، نەوەک جەستەت.

ئەم تێگەیشتنەی (سۆکرات) لەبارەی جەستەوە بۆ (ئەفلاتون ٤٢٧-٣٤٧ پ. ز)ی خوێندکاری دەگوێزرێتەوە، بەڵام لە زەمینەیەکی فەلسەفیی جیاوازتردا. ئەو فەیلەسووفە جەستەی وەک ڕێگرێک لە بەردەم بەدەستهێنانی مەعریفەدا بینیوە، کە "تاکوو ڕۆح لەناو جەستەدا بەند بێت، ناتوانێت بە مەعریفەی ڕاستی بگەیت."(کریمة، ٢٠١٤: ١٦) کەواتە لای (ئەفلاتون) سەرچاوەی

---

* گلگامێش داستانێکی کۆنی سۆمەرییە و مێژووەکەی بۆ نزیکەی دووهەزار ساڵ پێش زانین دەگەڕێتەوە. ئەم داستانە بە کۆنترین کاری ئەدەبی لە جیهاندا دادەنرێت و باس لە پادشایەکی شاری (ئۆرک)ی سۆمەری بە ناوی (گلگامێش) دەکات، کە دایکی خوداوەندێکی نەمر و باوکیشی پیاوێکی ئاسایی بوو، ئەمە وای کردبوو (گلگامێش) بەشێکی جەستەی کەسێکی ئاسایی و بەشەکەی تری خوداوەند بێت. دوای مردنی (ئەنکیدۆ)ی هاوڕێی، دەیەوێت جەستەی لە مردن بپارێزێت، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە (ئۆتنابشتم) دەکات هونەری نەمریی فێر بکات، ئەویش پێی دەڵێت لەژێر دەریادا جۆرە ڕووەکێک هەیە، ئەگەر بیخۆیت، ئەوە نەمر دەبیت. (گلگامێش) پەیدای دەکات و لە ڕێگەی گەڕانەوەدا مارێک ئەو گیایە دەخوات، کاژە کۆنەکەی فڕێ دەدات و نوێ دەبێتەوە. (گلگامێش) بە نائومێدی بەرەو مەملەکەتەکەی دەگەڕێتەوە و لەوێ دەمرێت. (ماڵپەڕی ویکیپیدیا) ئەمە لینکەکەیەتی: https://ar.wikipedia.org

ژیانی مرۆڤ، ڕۆحە، چونکە لەو باوەڕەدایە "سەرهەڵدانی مرۆڤ لەنێو ئەم جیهانەدا بە لەشەوە ڕووداوێکی کاتییە، بەڵام بوونی مرۆڤ، وەکو فۆرمێکی هەمەکی یان دەروون هەمیشەیی و نەمرە."(کەمال، ٢٠١٠: ١٩٤) ئەم تێگەیشتنە بۆ فەیلەسووفی فرانسی (ڕێنییە دیکارت ١٥٩٦–١٦٥٠) دەگوێزرێتەوە و لە کۆجیتۆ بەناوبانگەکەیدا (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)دا خۆی دەنوێنێت. واتە من وەک جەستەیەک لە جیهاندا بە هۆی پرۆسێسی بیرکردنەوەوە بوونی خۆم دەسەلمێنم، کە سەرچاوەکەی لە ناوەوەی مرۆڤدایە. لەناو بەشێک لە ئایینەکانیشدا بە ڕوونی ئەم تێگەیشتنەی (ئەفلاتون) ڕەنگ دەداتەوە، کە جەستە وەک سەرچاوەی تاوان و گوناه سەیر دەکرێت و ئەگەر لە خزمەتی پاکبوونەوەی ڕۆحدا نەبێت، ئەو جەستەیە هیچ بەهایەکی نییە.

دواتر (ئەریستۆ ٣٨٤–٣٢٢ پ. ز) لەو بارەیەوە هەردوو چەمکی جەستە و ڕۆح پێکەوە دەبەستێتەوە و ئەو پێوەندییە دەدۆزێتەوە، کە لەنێوانیاندایە و گەورەیی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا نادات، چونکە "هەردووکیان لە پێکهێنانی کەسێتیی مرۆڤدا دوو بنەڕەتی گرنگن. دەروون بۆ جەستە هاوشێوەی ئەو وێنەیەیە، کە سروشت بە شتە نازیندووەکانی دەبەخشێت... کاردانەوەکانی وەک تووڕەیی، ترس، تکاکردن، شادی، ڕق و خۆشەویستی بە تەنیا تایبەت نین بە دەروونەوە، بەڵکو لە پێوەندیی نێوان دەروون و جەستەوە دروست دەبن."(کریمة، ٢٠١٤: ١٨) کەواتە (ئەریستۆ) هاوشێوەی (سۆکرات) و (ئەفلاتون) وەک دوالیزم لە جەستە و ڕۆحی نەڕوانیوە و وای دەبینێت ئەوەی ژیانی مرۆڤ هەڵدەسووڕێنێت، تەنیا ڕۆح نییە، بەڵکو پێوەندیی ڕۆح و جەستە ئەو کارە دەکات. واتە ئەم فەیلەسووفە هێشتا لە جەستەی وەک چەمکێکی سەربەخۆ نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو وەک هاوڕێیەکی ڕۆح تەماشای کردووە.

فەلسەفەی نوێ ئەم تێگەیشتنە مێتافیزیکییانە لەبارەی جەستەوە بەلاوە دەنێت و (ڕۆح و جەستە) بە دوالیزم نابینێت، وەک لە فەلسەفەی یۆنانیی کۆندا دەبینرا. لە سەردەمی مۆدێرنێتییەوە بایەخی زیاتری جەستە دەرکەوت و بووە بابەتی توێژینەوەی فەیلەسووفان، چونکە لە فەلسەفەی نوێدا وەک ڕەخنەگری مەغریبی (هیشام عەلەوی ١٩٦٤- لە ژیاندایە) جەختی لێ دەکاتەوە "جەستە عەقڵێکی گەورەیە و چەندین شێوەی جیاواز بۆ یەک مانا دادەهێنێت."(العلوي، ٢٠٠٤: ٦٠) فەیلەسووفی ئەڵمانی (فریدریک نیتشە ١٨٤٤–١٩٠٠) لەو بارەیەوە شۆڕشێکی فەلسەفی بەرپا دەکات و تێگەیشتنی نوێ بۆ جەستە دەهێنێتە ناوەوە، تەنانەت بوونی مرۆڤ لە ڕێگەی جەستەوە دەناسێنێت و بە تەواوی ڕۆح پەراوێز دەخات. لە کتێبی (زەردەشت ئاوا دوا)، لە بەشی یەکەم و لە گوتاری (بە سووکسەیرکەرانی جەستە)دا پێی وایە ڕۆح تەنیا وشەیەکە و بە جەستەوە لکێنراوە و کەسی هۆشیار "بە زانایییەوە دەڵێت: من بە تەواوی جەستەم و جگە لەو هیچ شتێکی تر نیم؛ ڕۆحیش بە تەنها وشەیەکە بۆ ناوی شتێک لە ناو لەشدا."(نیتشە، ٢٠٢١: ٤٥)

(نیتشە) دەگاتە ئەو باوەڕەی خۆی لەوانە جیا بکاتەوە، کە بەها بۆ جەستە دانانێن، چونکە لای ئەو بەرزەمرۆڤ (Superman) بە هۆی ئەو بایەخەوە دروست دەبێت، کە مرۆڤ بە جەستەی خۆی دەدات. "من بە ڕێگای ئێوەدا ناڕۆم، ئەی بەسوک سەیرکەرانی جەستە! ئێوە بۆ من ئەو پردە نین بەرەو بان مرۆڤ!" (نیتشە، ٢٠٢١: ٤٧) بەکورتی جەستە لای (نیتشە) بە هەموو خەسڵەت و دەرکەوتە بەهێزەکانیەوە خودی ژیانە، هەر بۆیە ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە میتافیزیکییە وەستایەوە، کە جەستەی خستبووە پەراوێزەوە.

دواتر فەیلەسووفانی فەلسەفەی بوونگەرایی دێن و بە بایەخەوە لە جەستە دەڕوانن. فەیلەسووفی ئەڵمانی (مارتن هایدیگەر ١٨٨٩-١٩٧٦) لە کتێبی (بوون و کات)دا، لە یەکێک لە دەربڕینەکانیدا دەستەواژەی (بوون لەنێو جیهان)دا بە کار دەهێنێت، مەبەستی بوون و ئامادەیی جەستەییی منی مرۆڤە لەنێو جیهاندا. واتە من لە جیهاندا شوێنێکم هەیە و جێگەیەکم داگیر کردووە، هەروەها کەسانی تریش، لەو ڕێگەیەوە جەستەم لەگەڵ جەستەی ئەوانی تردا پێوەندی دادەمەزرێنێت. ""خۆ" بە بێ جیهان نییە و نابێت، لەبەرئەمە (من)ێکی دابڕاو لە کەسانی دیکەش نییە."(هایدیگەر، ٢٠١٣: ٢٠٩) ئەم فەیلەسووفە پێی وایە مرۆڤ بوونێکی زەمەنییە و بەرەو مەرگ ئاڕاستەیە، بۆیە نیگەرانی دایدەگرێت، چونکە کات جەستەی مرۆڤ بەرەو نەمان دەبات و مرۆڤ نیگەرانی جەستەی خۆی دەبێت.

نووسەری فرانسی (ژان پۆڵ سارتەر ١٩٠٥-١٩٨٠) لە کتێبی (بوون و نەبوون)دا جەوهەری مرۆڤ بە جەستەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە ئەوەی مرۆڤ بە جیهانەوە گرێ دەدات، جەستەیەتی، بۆیە دەڵێت: "لەش بەرجەستەبوونی هەڵکەوتی بوونمە."(سارتەر، ٢٠١١: ٣٢٦) لای ئەم ڕۆماننووسە جەستە تەنیا کاتێک بایەخی هەیە، کە بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەبەر ئەوە دەڵێت: "من بەبێ ئاگایی لە بوونی خۆم هیچ نیم، کەوابوو دەبێت لەش بخرێتە نێو ئاگاییەوە."(سارتەر، ٢٠١١: ٣٤٢) ئەم نووسەرە فرانسییە بە هێنانەوەی نموونەیەک لەسەر چەمکی شەرم، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە جەستەی من کارلێک لەگەڵ جەستەی ئەوانی تردا دەکات و دەڵێت: "من شەرم لەشێوازی لەشم، کە هەمە ناکەم. بەڵکو لەشم بەو شێوەیەی کەسانی دیکە دەیبینن توشی شەرمم دەکات."(سارتەر، ٢٠١١: ٣٦٥-٣٦٦) لێرەدا ئەوە بە دەست دێت، کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە دەوروبەر و کاریگەرییەکانی داببڕێت و لەگەڵیاندا بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لەبەر ئەوەی "مرۆڤ بەبوونیەوە و سروشتی جەستەی و چۆنیەتی پێکهاتەیەوە وابەستەیە بە دەوروبەرەوە."(بچکۆل، ٢٠١٩: ٣٥)

فەیلەسووفی سکۆتلەندی (جۆن ماکواری ١٩١٩-٢٠٠٧) لە کتێبی (بوونگەرایی)دا جەخت لە بۆچوونەکەی (سارتەر) دەکاتەوە، کە پێی وایە بوونی مرۆڤ لە جیهاندا تەنیا لە ڕێگەی جەستەیەوە دەبێت و هەر ئەو جەستەیەشە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنێت. "بوونت

له جیهاندا واته جەستەیەکت هەبێت... من ناتوانم له جیهاندا بم تەنها له ڕێگەی بوونمەوە نەبێت له شێوەیەکی جەستەییدا، له ڕێی جەستەوە دەرک بەو کەس و شتانە دەکەم کە جیهان پێکدەهێنن."(ماکواری، ٢٠٠٧: ١٤٠)

ئەگەرچی له سەرەتای سەدەی بیستەم و بە هۆی شەپۆلەکانی بواری دەروونناسی، بە تایبەتی بۆچوونەکانی (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩) لەبارەی دەروونی مرۆڤەوە، نووسەرانی ئەدەبی گێڕانەوە کەمتر بایەخیان بە دیوی دەرەوەی کارەکتەر دا و ڕوویان له ناوەوەی کرد، کە ئەمە زیاتر له ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا دەبینرێت، بەڵام ئەم شەپۆلە هێشتایش نەیتوانی بایەخی ڕەهەندە فیزیکییەکەی کارەکتەر بشارێتەوە. مەبەستی نووسەر له پیشاندانی ڕەهەندی جەستەییی کارەکتەر بۆ ئەوەیە زانیاریمان لەبارەیەوە پێ بدات، چونکە "ئەم ڕەهەندە سیمای کارەکتەر دەنەخشێنێت و له دیوی دەرەوەدا پیشانی دەدات، وەک درێژی و کورتی، باریکی و قەڵەوی، ئایا پیاوە، یان ژن، بچووکە، یان گەورە، جەستەیەکی تەندروست، یان نەخۆشی هەیە، جوانە، یان ناشیرین، ڕوخساری دەوڵەمەند، یان هەژارانە خۆی دەنوێنێت."(أحمد، ٢٠١٢: ١٣٥) هەروەها هەموو ئەوانەی تریش، کە خەسڵەتە فیزیکییەکەی کارەکتەر دەردەخەن.

**ڕەهەندی فیزیکی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)***

باسکردنی ئەو مێژووە کرۆنۆلۆجییەی چەمکی جەستە لە بواری فەلسەفەدا، لەو پێناوەدایە، کە (کاروان عومەر کاکەسوور)** لەم ڕۆمانە و لەوانەی پێشووتریشدا ڕوانینێکی جیاوازی بۆ جەستە هەبووە و بە تەنیا ڕەهەندە فیزیکییەکەی وەرنەگرتووە، بەڵکو ئاڕاستەی جۆراوجۆری تێدا دۆزیوەتەوە. لەو بارەیەوە دەنووسێت: "لای من جەستە لەوە دەردەچێت تەنیا ڕەهەندی بایۆلۆجی لە خۆی بگرێت، بەڵکوو دەگاتە ئاستی ئاماژە و هۆشیاری. لە جیهانی ئاماژەکاندا ناکرێت سنوورێکی بۆ دابنرێت و لەناو چەمکێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێتە سەرچاوەی ماناکان. جەستە لە بەرهەمەکانمدا ڕووبەڕووی ئەو ئایدیۆلۆجییایانە دەبێتەوە، کە پەلاماری دەدەن و دەیانەوێت ئاڕاستەکانی سەرکوت بکەن."(سدیق، کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٣٤)

ئەم تێگەیشتنەی نووسەر بە زەقی لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا دەردەکەوێت. (کوڕەقژدرێژ) کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و لە ساتی لەدایکبوونیەوە خاوەنی قژێکی درێژە، ئەمە وای کردووە لەنێو کۆمەڵگەدا نامۆ دەربکەوێت. قژە درێژە نائاساییەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانی تر پەلاماری بدەن و بیانەوێت سەرکوتی بکەن، بەڵام ئەم نەک هەر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵکو بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەیدا دەکات، چونکە ئەو جەستەیە بە چارەنووسی خۆی دەزانێت. "کاتێ لە دایک بووە، قژی خاوی گەیشتووەتە سەر شانی، بە ڕادەیەک دۆکتۆر و سیستەرەکان سەریان لێی سووڕ ماوە. تاکوو ئەو کاتە نەک کوڕ، بەڵکوو کچیشیان نەدیوە بە قژی وا درێژەوە هاتبێتەوە دنیاوە. تەلەفۆنیان بۆ ڕۆژنامەنووسان کردووە، تاکوو بێن وێنەی بگرن و وەک هەواڵێکی سەیر لە ڕۆژنامەدا بە خوێنەری بگەیەنن. هیچ کاتێ ئەو قژە درێژە بۆ کوڕەقژدرێژ مایەی ئاسوودەیی نەبووە، بەڵکوو هەمیشە نەهامەتیی بۆ هێناوە. هەر لە سەرەتاوە گاڵتەیان پێ کردووە، کە لە کچ دەچێت."(کاکەسوور(أ)، ٢٠٢١: ١١) یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکردنی لە قوتابخانە، قژە درێژە نائاساییەکەیەتی. پاشان لە گەڕەک گاڵتەیان پێ کردووە و لە بازاڕیش پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت چەندین جار بە مەقەستی کول قژیان هەڵپاچیوە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا هێندە بایەخ بە ئاماژەکانی جەستە دەدات، تەنانەت ناوی هەندێک لە کارەکتەرەکان بە هۆی خەسڵەتە فیزیکییەکانیانەوە دێن، وەک (کوڕەقژدرێژ،

---

* (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) بەرهەمی (کاروان عومەر کاکەسوور)ـە و (ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە) لە ساڵی (٢٠٢١) لە دووتوێی (٥٠١) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. ڕۆمانەکە لە دەروازەیەک و هەشت بەش پێک دێت.

** (کاروان عومەر کاکەسوور) لە ڕێکەوتی (١٩٦٤/٥/١٥) لە هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (زێوەر)، ناوەندیی لە (سەیداوە) و ئامادەییی لە (ڕزگاری) تەواو کردووە.

- ساڵی (١٩٨٥) لە بەشی (مێژوو)ی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی مووسڵ وەردەگیرێت و لە ساڵی (١٩٩١) تەواوی دەکات. (فایەق، کاکەسوور، ٢٠٠٨: ١٢٤-١٢٥)

- لە ساڵی (١٩٨٥)ـەوە دەنووسێت و تاوەکوو ئێستا خاوەنی (٢٥) بەرهەمە، کە پێک دێن لە چیرۆک، ڕۆمان، فیکر، ڕەخنە، دایەلۆگ و وەرگێڕان.

- لە ساڵی (١٩٩٢)ـەوە کوردستان جێ دەهێڵێت. ئێستا لە وڵاتی (دانمارک) نیشتەجێیە.

کوڕەکەچەڵ، ژنە قەڵەوەکە و چەندین ناوی تر). واتە لای (کاکەسوور) جەستە تەنیا ڕەهەندێکی بایەلۆجی نییە، چونکە لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا جەستە "لە ئاماژە پێک هاتووە، نەوەک لە شت."(فەتاح، ٢٠٢١: ١٧٧)

لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا باسکردنی ڕەهەندی فیزیکیی کارەکتەرەکان بە تەنیا لەپێناوی دەرخستنی دیوی دەرەوەیاندا نییە، بەڵکو پێوەندیی لەگەڵ ڕەهەندەکانی تردا دادەمەزرێنێت و دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ پیشاندانی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی کارەکتەر. لە سەرەتای بەشی یەکەمدا (جیهانگر)* چیرۆکی هاوڕێیەکی دەگێڕێتەوە، کە باوکی لە ساڵی شەستوسێ بە دەستی حەرەسقەومی دەکوژرێت، دایکی تووشی نەخۆشیی سیل دەبێت و براکەی بە مەبەستی چارەسەر بۆ بەغدادی دەبات. گێڕەرەوە بەبێ ئەوەی درێژدادڕی بکات، لە ڕێگەی وەسفی دەرگەی حەوشەیانەوە، ڕوخساری دایکی ئەو هاوڕێیەی دەردەخات، کە ئەو نەخۆشییە چی گۆڕانێکی تێدا دروست کردووە: "دەرگەی حەوشەی تۆتیایە. نازانم پێشتر چ ڕەنگێکی هەبووە، بەڵام لەبەر کۆنی ئێستا خۆی وەک کەڕووی نان دەنوێنێت. ئەمە هەمان ڕەنگی دەموچاوی خۆیشیەتی."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧-١٨)

لە بەشی چوارەمدا چیرۆکی (نیرڤاسەنا) دێتە ناوەوە، کە ژنێکی پاکستانییە و لە گەڕەکێکی میللیدا دووکانی هەیە. کوڕەکەی بە بایسکل و عەرەبانەکەی لە بازاڕەوە شتومەک بۆ دووکانەکەی دایکی دەهێنێتەوە و ئێوارانیش بۆ ستادیۆم دەچێت. گێڕەرەوە وەسفی جەستەی ئەو کوڕە دەکات و خوێنەر لە ڕێگەی سیمۆلۆجیاوە دەیناسێتەوە، کە ئەو دوو خەسڵەتە (باریکی و باڵای بەرز) ئاماژەن بۆ یاریکەری باسکیتبۆڵ: "ئێوارانیش هەر بەو بایسکلەی دەچێتە ستادیۆم، کە یاریکەرێکی زۆر بەتوانای باسکیتبۆڵە. بەوەدا باریکەلەیەکی باڵابەرزە، هەر دەڵێی لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو یارییە هاتووەتە دنیاوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٨٧)

لە تەوەری دووەمی بەشی یەکەمدا و لە خاڵی (کارەکتەر و گێڕانەوە)دا ئاماژەمان بۆ جۆرێک لە گێڕەرەوە کرد، کە فریودەرە و هەواڵی ناڕاست بە خوێنەر دەدات، هۆکاری ئەمەیش بۆ خراپیی دۆخی سایکۆلۆجی دەگەڕێتەوە و بەو هۆیەوە وێنەکانی لێ تێکەڵ دەبن.

لە ناوەڕاستی بەشی چوارەمدا (جیهانگر) لەگەڵ دوو هاوڕێی (سەرجۆنی ئەکەدی) و (برای مارلین مۆنرۆ)دا پلان بۆ ئەوە دادەڕێژن بچنە شاخ، بەڵام ئەمە وەک بڕیارێکی قورس دەبینێت، بۆیە ڕاستەوخۆ بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە و لەرز دەیگرێت. کاتێک دەزانێت وا لە دەرگەیان دەدرێت، پێی وایە پلانەکەیان ئاشکرا بووە و ئەمن هاتووە دەستبەسەری بکەن، بۆیە دۆخی دەروونی تێک دەچێت و لەناو وڕێنەکانی خۆیدا وەسفی جەستەی بەهێزی ئەو ئەمنە دەکات، کە وا

* (جیهانگر) لە ڕۆمانەکەدا هەم کارەکتەری سەرەکییە، هەم گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە و نووسەر بە گشتی پرۆسێسی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی پێ سپاردووە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم بەرهەمە چیرۆکی گێڕانەوەی ژیانی (جیهانگر) و (شەکشەک)ی هاوڕێی منداڵییەتی.

دەزانێت لە ژوورەکەیدایە: "کاتێ بە ئاگا دێمەوە، دۆخی ژوورەکەمان گۆڕاوە. ئەمنێک لە ناوەڕاستی دەرگەدا وەستاوە و لێم دەڕوانێت. کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی پۆشیوە. جووتێ پێڵاوی تۆکمەی لە پێدان. گەنمڕەنگێکی باڵابەرزە. لووتێکی باریکی هەیە. تەمەنی دەگاتە پەنجا. قژی هێشتا بە گشتی ڕەشە، بەڵام لاجانگەکانی بە لای ڕەساسیدا دەڕوانن. دیمەنەکەی ترسناکە."*(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٧) ئەم خەسڵەتە جەستەییانەی ئەمنەکە وا دەکەن (جیهانگر) زیاتر هەست بە ترس بکات، بەڵام کاتێک هێز دەداتە بەر خۆی و لەو دۆخە دەروونییە خراپە ڕزگاری دەبێت، بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەو وێنەیەی لە خەیاڵی خۆیدا کێشاویەتی، تەنیا وەهمێک بووە، بۆیە دەڵێت: "وردەوردە بۆم دەردەکەوێتماڵێکی ناسیاومانن. لە بنەڕەتدا خەڵکی ئاکرێن، بەڵام لە سەرەتای شەستەکانەوە لێرە نیشتەجێن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٨)

لە بەشی پێنجەمدا (جیهانگر) وەسفی ژنێک دەکات، کە لە نۆرەی بۆتڵی گازدا بینیویەتی. لە ڕێگەی پێشاندانی وێنەی فیزیکیی ئەو ژنەوە، ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەیشی دەردەخرێن: "ژنان سەرەیان جیاوازە و هەیە دوو سێ منداڵیشی لەگەڵ خۆیدا هێناون. ئەوەتا یەکێکیان وا بە لای ئێمەدا تێدەپەڕێت. پاڵتۆیەکی شڕی پیاوانەی پۆشیوە. قژی ئاڵۆزکاوی بە پشتیدا هاتووەتە خوارێ. تاکێک پێڵاوی لاستیکی لە پێدایە، کە هیچ دوور نییە تاکەکەی تری لەو گەڕەلاوژەیەدا لێ ون بووبێت. بە قاچ بۆتڵێکی بەتاڵ تلۆر دەکاتەوە و منداڵێکی ساوایشی لە باوەشە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٤٤) لێرەدا ڕەهەندی فیزیکی لەگەڵ هەردوو ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا پێوەندییەکی بەهێز دادەمەزرێنێت. دەستەواژەکانی (قژی ئاڵۆزکاو و تاکێک نەعلی لاستیک) ئاماژەن بۆ خراپیی دۆخی دەروونیی ئەو کارەکتەرە و (پاڵتۆی شڕی پیاوان) ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی پێشان دەدات، کە کەسێکی هەژارە و سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەیە.

هەر لەو بەشەدا چیرۆکی (ژنە بێبرژانگەکە) باس دەکرێت، کە لە هەموو ڕوویەکەوە کارەکتەرێکی یاخییە. لە ڕێگەی جەستەیەوە جیاوازی دروست دەکات، بۆ نموونە قژی وەک پیاو کورت دەکاتەوە. هەروەها لە دژی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەوەستێتەوە، بۆیە دانیشتووانی گەڕەک هاوەڵناوی (هار) دەدەنە پاڵی. لە ڕێستۆرانتێکدا لەگەڵ باوکیدا کار دەکات و چەندین جار لەگەڵ ئەو سەربازانەدا جەنگاوە، کە پارەیان نەداوە و کەلوپەلی ڕێستۆرانتەکەیان شکاندوون. دەوروبەرەکەی دەیانەوێت قێزەونی بکەن، بۆیە نەبوونی برژانگ وەک خەسڵەتێکی فیزیکی دەکەنە بیانوو، بۆ ئەوەی تانەی لێ بدەن و کەسایەتیی ناشیرین بکەن. گێڕەرەوە دەڵێت: "برژانگەکانی وەک هیی هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی وان. ئایا ژنێکی ناشیرینە؟ باڵایەکی بەرزی هەیە. قژی وەک هیی پیاو کورت دەکاتەوە. گەنمڕەنگە. کوڕەکەی دەڵێت (حەسەن زیرەک) کاتێ هاتووەتە ئەم شارە و سەردانی ماڵی باپیری کردووە، سەری لە جوانیی دایکی سووڕ ماوە و

---

* ئەگەر ئەم نموونەیە و چەند نموونەیەکی تر لە بەش و تەوەرەکانی تردا دووبارە دەبنەوە، ئەوە هەر جارێک بۆ مەبەستێک و لە پێناوی دەرخستنی ڕەهەند و خەسڵەتێکی کارەکتەردا دێن.

گــۆرانیی پێــدا هەڵگوتــووە، کە ئەودەم کچێکــی ســەربەخۆ دەبێــت و هێشــتا هاوســەری هەڵنەبژاردووە. باوکی بەر لەوەی ڕێستۆرانت دابنێت، کوورەی هەبووە و ئەم هەر لە منداڵییەوە کاری لەگەڵدا کردووە، بۆیە خاوەنی لەشولارێکی پتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٤٥) واتە وەسفکردنی جەستەی (ژنە بێبرژانگەکە) لەو پێناوەدایە، کە ئەوە بسەلمێنرێت جەستە لای ئەم کارەکتەرە لە یەک کاتدا هەم سەرچاوەی هێزە، هەم ڕێگەیەکیشە بۆ پێشاندانی جیاوازی.

(گەربووشە) هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە، کاتێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە سـەرەی بـۆتڵی گازدا دەوەستن، بە هـۆی پێکەنین و دەنگی بەرزیانەوە ئەوانەی دواوەی خۆیـان بێزار دەکەن، بـۆیە کەسێک لەوانەی دواوە جنێو بە (گەربووشە) دەدات و ڕەهەندە جەستەیییەکەی ئاشکرا دەکات. لێـرەدا لەبـری گێـڕەرەوە، یەکێـک لە کارەکتەرەکـان ڕوخســاری ئەم کـارەکتەرە دەردەخــات: "یەکێکیان لە (گەربووشە) دەڕوانێت و بەوەی تەنیشتی دەڵێت:

ـ ئاخۆ چەند ئینگلیز سواری دایکی بووبێتن، هەتا توانیویانە ئەو چاوشینە قژزەردەی پێ فڕێ بدەن!"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٤٦)

لە بەشــی شەشــەمدا خــوێنەر بەر چیرۆکــی (دایکــی لاکــێ) دەکەوێــت، کە دوو جــار هاوسـەرگیریی کـردووە. نووسـەر لە ڕێگەی پێشـاندانی جلـوبەرگیەوە، وێنەی کەسـایەتیی ئەو ژنانە دەنەخشێنێت، کە لەناو کۆمەڵگەدا قەبووڵکراو نین، چونکە دەست بە دابونەریتەوە ناگرن و لە هەر شــوێنێکدا بیانەوێـت قســە بـکەن، قســە دەکەن و باکیـان بە دەوروبەر نیـیە. کـاتێ بـۆ پرسیاری کوڕەکەی دێتە قوتابخانە، گێڕەرەوە وەسـفی جەسـتەی دەکـات: "ئەگەرچـی عەبـای بە خۆی داداوە، بەڵام قاچەکانی هەتا ئەژنۆ و دەستەکانی هەتا ئانیشکی ڕووتن. جـووتێ پـاپووچی ئیرانیی لە پێدان. لەو ژنانە دەچێت، کە لە گەڕەکە دێرینەکانی شاردا لە دایک بوون و لەو کۆڵانە تەسکانەدا پێ گەیشتوون. بێشەرمن و لە هەر شـوێنێک بیانەوێت، قسـەی خۆیـان دەکەن، ئینجا چۆن لێکی دەدەنەوە، با لێکی بدەنەوە!"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢٦)

لە سەرەتای بەشـی حەوتەمـدا، کاتێـک (جیهـانگر) و (شەکشـەک) لە تورکیـان، مـاڵی (تیئێنتـی) دەبیننەوە. نووسـەر لە ڕێگەی خەیـاڵی (جیهانگر)ـەوە بـۆ مـارچی سـاڵی حەفتـا و بە تـایبەتی بـۆ ڕۆژی دەرچـوونی بەیاننـامەی یـانزدەی ئـادار دەگەڕێتەوە. جلی کوردیی دایکی (تیئێنتی) وەک ڕەهەندێکی فیزیکی دەبێتە سیمبۆلێک بـۆ دەربڕینـی خۆشـی، کە خەڵکی لەو ڕۆژە مێژووییەدا ئاهەنـگ دەگێـڕن. (جیهـانگر) لەبـارەیەوە دەڵێت: "ئەمـڕۆ (دایکـی تیئێنتـی) جلـوبەرگی کـوردیی پۆشیوە. کراسێکی سـوور، کە گـوڵی سـەوزی تێدان لەگەڵ ئێلەگێکی هەنـاری. بەوەدا کراسـەکە تەنکە، قۆڵەکانی لەژێرەوە بە ڕوونی دیارن. قژی درێژی بەسـەر پشتیدا هێناوەتە خوارێ. هەتاو بریقوباقی پێ خستووە. جووتێ پێڵاوی پاژنەبەرزی لە پێ کردوون. کاتێ بەسـەر شۆستەی ئەو شەقامەدا هەنگاو دەنێت، گوارەکانی دەلەرنەوە، کە لە شێوەی گەڵای درەخت دروست کراون و

تـا نزیـک چەنـاگەی خـڕی هـاتوون، بە ڕادەیەک دەموچـاوی بچـووکتر لەوەی هەیە، پیشـان دەدەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٥٥)

لە بەشی حەوتەمدا، (جیهانگر) کاتێک ون دەبێت و لەناکاو خۆی بە ماڵی (دایکی زەینەب)دا دەکات، لە خەیاڵی خۆیدا لێکچوون لەنێوان (دایکی زەینەب)ی کتێبی پۆلی یەکەم و ئەم ژنەدا دروست دەکات، بەڵام جیاوازییان ئەوەیە، ئەمەی دووەمیان بە عەرەبی قسە دەکات: "ڕاستە هەمان جلوبەرگی لە بەردا نین، بەڵکوو درێسێکی شینی کاڵی پۆشیوە، کە قۆڵەکانی هەتا ئانیشک و قاچەکانی تا ئەژنۆ ڕووتن، بەڵام دڵنیام (دایکی زەینەب)ە. قژی ڕەشی لەسەر شانیدا جێگیر بووە و بە گوڵاو ڕشاندوویەتی. برۆکانی هێندە باریکن، دەتوانم بە پەنجەی تووتەم بیانسڕمەوە. جووتێ پێڵاوی پاژنەبەرزیشی لە پێدان."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٦٢) واتە لە ڕێگەی ئەم لێکچوواندنەوە خوێنەر بۆ کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی (ئەلفوبێ)ی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) دەگەڕێتەوە، کە هەر منداڵێکی کورد لە ڕابردوودا بەر ئەم کتێبە کەوتبێت، یادەوەرییەکی تایبەتی لەگەڵدا هەیە، چونکە بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی ئەم کتێبە بووەتەوە.

لە بەشی هەشتەمدا، کاتێک (جیهانگر، شەکشەک، پاژان و پ....ن) لەناو یەک ئۆتۆمۆبیلدان و بەرەو بەغداد گەشت دەکەن. لە بازگە بەر ئەم دیمەنە دەکەون: "ئێستا چاومان لێیە دوو پیاوی چوارشانە، کە جلی زەیتوونییان پۆشیوە و دەمانچەیان بە قەدەوەیە، کوڕێکی لاو لە تاکسییەک دادەگرن و بە شەق بۆ بنکەکەیانی دەبەن. ژنێک، ڕەنگە دایکی بێت، دوایان کەوتووە و بە عەرەبییەکی شڕ دەیەوێت تێیان بگەیەنێت بێتاوانە، بەشکوو وازی لێ بهێنن. ئێمە هەرچوارمان بێدەنگ دەبین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٨) لێرەدا لە ڕێگەی پیشاندانی جەستەی ئەو دوو سەربازەوە، خوێنەر هەست بەو ترس و نیگەرانییە دەکات، کە سەرجەم شۆفێر و سەرنشینەکانی نێو بازگەکەی داگرتووە. لە لایەکی ترەوە لە ڕێگەی پیشاندانی ڕەهەندی جەستەیی ئەو دوو سەربازەوە ئەو مێژووە دەگێڕدرێتەوە، کە کورد لە ڕابردوودا چەند ئازاری بە دەستی ڕژێمی بەعسەوە چەشتووە.

لە کۆتایی بەشی هەشتەمدا، (جیهانگر) و (پاژان) دایەلۆگ لەبارەی جەستەوە دادەمەزرێنن و ڕەهەندێکی فەلسەفی بەو چەمکە دەبەخشن. کاتێک (جیهانگر) دەڵێت لە ناسینەوەدا خراپم و لە منداڵی هاوڕێکانم لە بەرچاومدا جلوبەرگیان دادەکەند، خۆیان هەڵدەدایە ناو حەوز و مەلەیان دەکرد، لێم دەڕوانین و نەمدەناسینەوە. (پاژان) پێی دەڵێت: "_ جەستە لە گۆڕانی بەردەوامدایە و جەستەکانیش بە شێوازی جیاواز دەگۆڕێن. هەندێک کێشەیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەرەوەدا هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەوانەی ناوەوەدا. لە ناسینەوەی دەنگدا خراپم، کە ئەمەیش هەر پێوەندیی بە گۆڕانکاریی جەستەوە هەیە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٨٣) لەم دایەلۆگەدا ڕەهەندی فەلسەفیی کارەکتەری (پاژان) دەردەخرێت و خوێنەر بە بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئاشنا دەبێت، کە

جەستە بە ناوەوەی مرۆڤەوە گرێ دەدات و لە ئاستی زانراو و دیارەوە دەیباتە ئاستی نەزانراو و نادیار.

بەکورتی دەتوانین بڵێین چەمکی جەستە لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا بە تەنیا بابەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو فرەڕەهەندە و هەوڵ دەدرێت ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانی بدۆزرێنەوە. لەم ڕۆمانەدا باسکردنی خەسڵەتە فیزیکییەکانی کارەکتەر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕەهەندەکانی تریدا دامەزراندووە و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا وێنەیەکی تەواویان لەبارەی کارەکتەرەوە نەخشاندووە.

**تەوەری دووەم: ڕەهەندی دەروونی**

ئەگەر ئەرکی ڕەهەندی جەستەیی پێشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەر بێت، ئەوە هیی ڕەهەندی دەروونی ڕوونکردنەوەی دیوی ناوەوەیەتی. بە مانایەکی تر، لە ڕۆماندا ئەگەر ڕەهەندی سایکۆلۆجی لە کارەکتەر داببڕێنرێت و بە تەنیا بایەخ بە ڕەهەندە جەستەیی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی بدرێت، ئەوە بنیاتەکەی تەواو نابێت و لەو بارەیەوە ناتوانرێت وێنەیەکی دروستی کەسێتییەکەی بکێشرێت. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو پێوەندیی نێوان ئەدەب و دەروون، پێوەندییەکی بەردەوامە و کار لە یەک دەکەن، چونکە "دەروونی مرۆڤ ئەدەب دەخولقێنێت و ئەدەبیش دەروونی مرۆڤ پەروەردە دەکات."(ئیمامی، ٢٠١٨: ٢٤٢) لێرەدا نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە دەخرێتە بەردەم ئەرکێکی قورس، کە دەبێت لە ڕێگەی پرۆسێسی گێڕانەوەوە هەموو هەست، سۆز و هەڵچوونەکانی ناوەوەی کارەکتەر بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە.

هەر لە کۆنەوە ئەم ڕەهەندە جێگەی بایەخی ئەدەب و هونەر بووە و زۆر جاریش ئەم دیوە شاراوەیەی کەسەکان بووەتە سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی ڕووداوی جۆراوجۆر، بۆ نموونە (ولیام شێکسپیر ١٥٦٤-١٦١٦) لە شانۆنامەی (هاملێت: ١٦٠٢)دا ئەو دۆخە سایکۆلۆجییەی (هاملێت) پێشان دەدات، کە بە هۆی گەڕانەوەی تارماییی باوکیەوە بۆ ناو کۆشک بۆی دروست دەبێت. کاتێ لە (پەردەی چوارەم) و لە (دیمەنی چوارەم)دا تارماییەکە دێتەوە و کوڕەکەی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی، کە (کلۆدیۆس)ی برای کوشتوویەتی، تاکوو ببێتە پادشای دانمارک، بۆیە هانی (هاملێت)ی کوڕی دەدات تۆڵەی ئەمی لێ بکاتەوە. لێرەوە دۆخی دەروونیی (هاملێت) بە ڕادەیەک تێک دەچێت، تەنانەت ناتوانێت لەو بارەیەوە بڕیاری تەواو بدات و دەڵێت: "نازانم بۆچی هێشتا من دەڵێم ئەو شتە دەبێت بکرێت؟ کاتێک من هۆ و ویست و هێز و ڕێگاکانی کردنیم لە بەردەستایە؟"(شێکسپیر، ٢٠٠٨: ١٩٠) ئەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە دەگاتە ئەو ئاستەی (هاملێت) ئەو دونیایە بە نەفرەت دەکات، کە خۆی تێدا لەدایک بووە. (یاقووب، ٢٠١٥: ٣٤)

له سـەرەتای سـەدەی بیستەمەوە قوتابخـانەیەک بە نـاوی (دەروونشیکاری) لەسـەر دەسـتی دەروونناسـی نەمسـاوی (سـیگمۆند فرۆیـد ١٨٥٦-١٩٣٩) لە دایـک دەبێـت، کە تێیـدا بـایەخ بە دەروونی مرۆڤ و ئەو حەز و ویستە چەپێنراوانە دەدرێت، کە لە نەستدا جێگیرن. (فرۆید) ئەم قوتابخانەیە بە ئەدەب و هونەرەوە گرێ دەدات و لەو بارەیەوە کتێبێک بە نـاوی (شـیکردنەوەی دەروونـی و هونەر)ـەوە دەنووسـێت و لە دوو بەش پێـک دێـت؛ بەشـی یەکەم بە ناونیشـانی (لیۆناردۆ داڤینشی و لێکۆڵینەوە لە سایکۆلۆجیای سێکسی) و بەشی دووەمی تایبەت کردووە بە ڕۆمـانی (برایـانی کارامـازۆڤ: ١٨٨٠)ی (فیـۆدۆر دۆستۆیەڤسـکی ١٨٢١-١٨٨١) بە ناونیشـانی (دۆستۆیەڤسکی و تاوانی کوشتنی باوک) لە ڕۆمانەکەدا (دیمیتری) دەیەوێت (فیـۆدۆر)ی بـاوکی بکوژێت، چونکە هەست دەکات خۆشەویستەکەی لێ داگیر کردووە. (فرۆید) شیکردنەوە بۆ ئەم ململانێـیەی نێـوان کـوڕ و بـاوک دەکـات و لەو ڕووەوە دۆخـی سـایکۆلۆجیی کـارەکتەری (دیمیتری)، هەروەها ئەو ئارەزووەی بۆ کوشتنی باوکی هەیەتی، دەخـاتە ڕوو. لە شـیکردنەوەی دەروونـی (دیمیتری)ـەوە دەگـاتە ئەو ئەنجـامەی بڵێـت ئەم کـارە "لە کۆتاییـدا گواسـتنەوەی کەسـێتیی بـاوکە بۆ نـاو "مـن"ی دیمیـتری."(فروید، ١٩٧٥: ١٠٤) لێرەدا دەتـوانین بڵێین پرۆسێسـی کوشتن لە ئەنجامی هەستی سەرسامبوونی کوڕ بەرانبەر بە بـاوک دروست دەبێت، لەبەر ئەوە ویستی دروستکردنەوەی وێنەی باوک لە دەروونی (دیمیتری)دا سەر هەڵدەدات.

(فرۆیـد) وا لە کـارەکتەری نێو ڕۆمانەکـانی ئەو نووسـەرە ڕووسـییە دەڕوانێت، کە کەسـانی دوودڵ، نیگەران، دابڕاون و خاوەنی دۆخێکی دەروونیی ناجێگیرن. هەر بۆیە بەرهەمەکانی ئەو ڕۆماننووسـە دەکـاتە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ توێژینەوەکـانی، تـاوەکوو دەگـاتە ئەوەی بڵێـت: (دۆستۆیەڤسکی) مامۆستایەکی گەورەیە لە دەروونزانیدا و مـن نەمتـوانی بە تەواوی تـوێژینەوە لە دەروونی مـرۆڤ بکەم، تـا ئەو کـاتەی لە بەرهەمەکـانی ئەو نووسـەرەم نەکۆڵییەوە،* چونکە (دۆستۆیەڤسکی) بایەخێکی زۆر بە گواسـتنەوەی نەسـتی کارەکتەرەکانی دەدات، کە لە ڕوانینی (فرۆید)دا ئەم چەمکە جێگەیەکی گەورە لە پێکهێنانی کەسـێتیی مرۆڤدا داگیر دەکات و پاڵنەر و غەریزەکان لێرەدا جێگیر کراون. "گەورەترین بەشی بیری مـرۆڤ «نائاگایی»یە، کە پێکدێت لە هەمـوو ئەو شـتانەی ئاسـان نییە بیـانهێنینەوە ئاگـایی خۆمـان، پێکدێت لە زۆرشـت کە ڕەگ و ڕیشەیان لەوێدایە، وەکو: پاڵنەر و غەریزەکان، یان ئەو شتانەی ناتوانین سەیریان بکەین، وەکو ئەو سۆز و یادەوەریانەی توشی شۆکمان دەکەن."(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٣: ٣٨)

ئەم بـایەخەی سـایکۆلۆجیا لەنێـو بەرهەمە ئەدەبییەکانـدا وای کـردووە مێتـۆدێکی گرنـگ بە نـاوی (شـەپۆلی هۆش)ـەوە بێـتە نـاو ئەدەبـی گێـڕانەوە بە گشـتی و ڕۆمـان بە تایبەتیـدا و لە بەرهەمەکـانی (ولیـام فـۆکنەر، جەیمـس جۆیس و ڤێرجینـا وۆڵـف)دا زیـاتر بـرەوی پـێ درا، کە

* بۆ زیاتر، بڕوانە گوتاری (دوستويفسكي رائد الرواية النفسية في القرن التاسع عشر)
لەم لینکەوە دەست دەکەوێت: https://www.syr-res.com

گرنگیی بە گواستنەوەی ئەو وێنە و بیرە ناتەواوانەی ناو زەینی کارەکتەر دەدات، کاتێک بە شێوەی شەپۆل دێن و دادەبارن. ڕەخنەگری ئەمەریکی (ڕۆبێرت هەمفری ١٩٤٧- لە ژیاندایە) لە کتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێ)دا پێناسەی شەپۆلی هۆش دەکات، بەوەی "جۆرێکی گێڕانەوەیە و جەخت لەسەر ئاستەکانی پێش قسەکردن دەکاتەوە، بە ئامانجی زانینی لایەنی سایکۆلۆجیی کەسێتییەکانی نێو تێکست."(همفری، ٢٠١٥: ٢٧) واتە شەپۆلی هۆش لە ڕێگەی تەکنیکەکانی (مەنەلۆگ، خۆدواندن، پێشخەری و فلاشباک)ەوە لۆجیکی کات (ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو) تێک دەشکێنێت و کاتی ناوەوەی کارەکتەر دادەمەزرێنێت، کە بە (کاتی دەروونی) ناسراوە. ئەمەی دواییان (فلاشباک- Flashback) لە ڕووی بەکارهێنانەوە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام وەک زاراوە نوێیە و لە هونەری سینەماوە بۆ ناو ئەدەبی گێڕانەوە پەڕیوەتەوە، کە بەوە ناسراوە "لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا وا لە گێڕەرەوە دەکات، کە ئێستای گێڕانەوەکەی ڕابگرێت و بگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێک کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە."(صالح، ٢٠٢٠: ٥٢٨) لەو بارەیەوە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) بە گشتی لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە بنیات نراوە و گێڕەرەوەی سەرەکی پرۆسێسی گێڕانەوە لە کاتی ئێستا ڕادەگرێت و بۆ ڕابردووی دەگەڕێتەوە، تا ڕووداوەکان لە کاتی ئێستا بگێڕێتەوە، بەو مەبەستەی (کارا فاتیح)ی هاوڕێی لەبارەی بینینەوەی ئەو هاوڕێیەی منداڵییەوە بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.

لەنێو ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتیدا بایەخی ئەم ڕەهەندە لەوەدایە، کە زۆر جار کاریگەرییە سایکۆلۆجییەکانی کارەکتەر وا دەکەن ڕەهەندەکانی تر (جەستەیی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی) دەربکەون. ئەوەی وا دەکات ڕووداو دروست ببێت، ئەو هێزە دەرەکییانەن، کە پاڵ بە دەروونی کارەکتەرەوە دەنێن. لەبەر ئەوە ڕۆماننووس "پاڵنەرە دەرەکییەکان بۆ فشار خستنەسەر کارەکتەر بەکاردێنێ."(شێخانی، ٢٠١٤: ٦٨) تاوەکو فشارە دەروونییەکان ببنە سەرچاوەی جووڵە و بەو هۆیەوە گۆڕان لە ئاراستەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دروست بکەن.

لە ڕەهەندی دەروونییدا کارەکتەر دوو جار دەکەوێتە نێو پرۆسێسی ململانێوە، جارێک لەگەڵ خۆی و جارێکیش لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. لێرەوە نووسەر لە پێکهێنانی کەسێتیی کارەکتەردا قووڵ دەبێتەوە و وێنەی ناوەوە زەق دەکاتەوە. ئەم کارکردنە وردەی ڕۆماننووس وا دەکات خوێنەر بە ئاسانی پێوەندیی لەگەڵ کارەکتەردا دابمەزرێنێت، ئایا لەگەڵیدا هاوسۆز دەبێت، یان لە دژی دەوەستێتەوە، کە وەک گوتمان ئەمە ئەرکێکی قورسە بۆ ڕۆماننووس و دەبێت ناوەوەی کارەکتەر و دۆخە دەروونییەکەی بخاتە ئاستی بینراوەوە، بە جۆرێک، ئەو وێنەیە هیچ لێڵییەک لای خوێنەر دروست نەکات. ئەم خەسڵەتە تایبەتە بە ڕەهەندی دەروونی و لەوانی تردا کەمتر دەبینرێت.

**ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

ئەگەر بەرهەمەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) بخوێنرێنەوە، خێرا ئەوە بە دەستەوە دێت، کە سایکۆلۆجیا ڕۆحی چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێت و لە نووسینەکانیدا بـایەخێکی گەورە بەم لایەنە دەدات. ململانێـی نێـوان کارەکتەرەکـانی ئەم ڕۆماننووسـە پـێش ئەوەی هەرچییەک بێت، ململانێـی دەروونیـانە لەگەڵ یەکتریـدا. لەو ڕووەوە (عەلـی عوسـمان یـاقووب)ی نووسـەر و ڕەخنەگر لە گوتـاری (بونیـادی کـارەکتەر و ئیسـتاتیکای گێـڕانەوە لە ڕۆمـانی "کەنـاڵی مەیمـوونە چەکـدارەکان"دا) لەبـارەی کـارەکتەرەوە پێـی وایە (کـاروان) لە ڕۆمانەکانیـدا "زیـاتر بـایەخ بە ڕەفتـار و بەو هەسـتە دەدات، کە دەریـدەبڕن و هەروەهـا بە شێوازی ئاخاوتن و ئەو ڕستە و دەستەواژانەی، بەکاریان دێنن لەپاڵ کارکردنێکی چڕ لەسەر نەستی کارەکتەرەکەدا."(یاقووب، ٢٠٢٠: ٤٦٩) کەواتە وێنەکانی ناوەوەی کارەکتەر زەق دەکاتەوە و کەمتـر بە لای ڕەهەنـدە فیزیکـی و کۆمەڵایەتییەکانیـدا دەچێت، خـۆ ئەگەر باسـی جەسـتە بێتە ناوەوە، ئەوە لەپێناو دەرخستنی ئەو پێوەندییەدایە، کە لەگەڵ ڕەهەندەکانی تـری کـارەکتەر و بە تایبەتی دەروونیدا، دایمەزراندووە.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی پیشاندانی ڕەهەندی دەروونیی کارەکتەرەکانەوە وێنەی سێ دەیەی سەدەی ڕابردووی کێشـاوە، کە هەم تـاک، هەم خێزانی کوردی هەمیشـە لەنـاو تـرس و دڵەڕاوکێدا ژیاون و بەردەوام لەژێر فشارێکی گەورەی دەروونیدا ناڵاندوویانە.

(جیهـانگر)، گێـڕەرەوە و کـارەکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکە، لە هەر پێشـهاتێکی نوێـدا، گۆڕان بەسەر دۆخی سایکۆلۆجیدا دێت و وێنەکانی ناوەوەی خۆی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە. لە بەشـی (چـوارەم)دا کاتێک لەگەڵ (سـەرجۆنی ئەکەدی) و (بـرای مـارلین مـۆنرۆ)دا بڕیـار دەدەن واز لە قوتابخـانە بهێـنن و ڕوو لە شـاخ بـکەن، تـاکوو ببـنە پێشـمەرگە. ئەم بڕیـارە کـار لە دەروونـی (جیهانگر) دەکات، چونکە لە لایەک تەمەنی تەنیا پانزدە ساڵە و لە لایەکی ترەوە تا ئێستا بۆ یەک ڕۆژیش ماڵەوەی جێ نەهێشتووە. کاتێک بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، دەچێتە نێو جێگە و لەرز دەیگرێت، دەترسێت ئاشکرا ببن و دەسـتەڵات هەمـوو ئەندامانی خێزانەکە دەستبەسـەر بکەن، تەنـانەت وای دەهێنێـتە بەرچـاو هەمـوو لەدەرگەدانێک ئەمنەکـانن و بـۆ گرتنـی ئەم هـاتوون. سـەرچاوەی ئەم ترسـە وەک دۆخێکـی دەروونـی، بـۆ بڕیـاری وازهێنـان لە قوتابخـانە و چـوونەڕیزی پێشـمەرگە دەگەڕێتەوە. (جیهـانگر) بەم جـۆرە وێـنەی ئەو دۆخە سـایکۆلۆجییەی خۆی دەکێشێت: "جارێکی دی زەنگی دەرگەمان لێ دەدرێت. هاوکات لە سـەربانیش تەپەتەپێک دەبیسـتم. دڵـم خێراتـر لـێ دەدات. نـازانم بـۆچی ئەمجارەیـان تەواو گەیشـتوومەتە ئەو بـاوەڕەی ئەمنەکـانن و وا دەگەنـە سـەرم. سـێ چوارێکیـان بە پایەکـانی قاڵـدرمەدا دێـنە خـوارێ و دوو سـێیەکیش لە دەرگەوە شـاڵاو دەهێـنن. هەموومـان دەپێچـنەوە و دەمانخەنـە نـاو ئۆتۆمـۆبیلە

ترسناکەکەوە. دیسان براکەم دەچێت، بیکاتەوە. ئاگام لە دنیا بڕاوە. بە حاڵ گوێم لێیە لە دەرگەی حەوشەوە هاوار دەکات:

_ مام دووشەممەیە.

پیاوێکی سواڵکەرە. باوکم پێی گوتووە هەموو دووشەممەیەک بێت، تا سێسەد فلسی بداتێ."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٦) لێرەدا هێنانی ناوی (مام دووشەممە) وەک دۆخێکی کۆمێدی کار لە دەروونی (جیهانگر) دەکات و لەو بارە ئاڵۆزە سایکۆلۆجییە دەریدەهێنێت. کەواتە دەتوانین بڵێین چەمکی کۆمێدیا لە توانایدایە گۆڕان لە دۆخی سایکۆلۆجیی کارەکتەردا دروست بکات و دەروونی لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی بگوێزێتەوە.

لە سەرەتای بەشی شەشەمدا، گێڕەرەوە باسی چیرۆکی کارەکتەری کابرای شێلمفرۆش (باوەپیارەی لاکێ) دەکات، کە تاوەکوو ساڵی شەستوسێ گەراژێکی دەبێت، چەکدارانی حەرەسقەومی هەڵدەکوتنە سەری و قۆڵی چەپی دەشکێنن، دەست بەسەر گەراژەکەیدا دەگرن. مانگێک پێش ئەم ڕووداوە، داوای ژن لە ماڵی یەکێک لە فیتەرەکانی دەکات، کاتێک دەزانن وای بەسەر هاتووە، لە بەڵێنەکەیان پەشیمان دەبنەوە. لێرەوە دۆخی دەروونیی تێک دەچێت و ئەم ڕووداوە کاریگەریی لەسەر تەواوی ژیانی دادەنێت. ڕۆماننووس ئەو دۆخە سایکۆلۆجییە پێشان دەدات، کە کابرای شێلمفرۆشی تێ کەوتووە: "تەنیا مانگێکی ماوە خوشکی یەکێک لەو فیتەرانەی لای کار دەکەن، ببێتە هاوسەری، کە هەموو شتێکیان بڕاندووەتەوە، بەڵام کاتێ کەسوکاری کچە دەبینن زاواکەیان ئاوای بەسەر هاتووە، پەیمانەکە هەڵدەوەشێننەوە. ئەمە هێندەی دیکە باری دەروونیی دادەڕووخێنێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢٧)

لە بەشی حەوتەمدا، باوکی (جیهانگر) کاتێک دەزانێت خوێندکاران بۆ لای (جیهانگر) دێن، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتیان بۆ بنووسێت، ترس دایدەگرێت و پێی وایە کوڕەکەی بەم کارەی تەواوی خێزانەکە دەخاتە مەترسییەوە، چونکە (باوکی جیهانگر) کارەکتەرێکی ترسنۆکە و بەردەوام لە دەستەڵات دەترسێت. هەروەها ترسەکەی گەورەتر دەبێتەوە کاتێک وا بیر دەکاتەوە لە پاڵ ئەو کاغەزانەی کوڕەکەی بۆ خوێندکارانی دەنووسێت، هیی نهێنییشی لەگەڵدا بڵاو بکەنەوە و حوکوومەت بەم کارە بزانێت، ئەنجام هەمووان تێدا بچن. کاتێک (نارکۆ)*ی هاوپۆلی کوڕەکەی دێتە ماڵیان، (جیهانگر) پێی وایە سیخوڕە و دەستەڵات بۆ گیانی ئەمی ناردووە، دواتر ئەمنەکان دێن و دەیگرن. باوکیشی لە قسەکانی (نارکۆ)دا هەست بەوە دەکات پێشمەرگەیە. بەگشتی هەموو ئەندامانی خێزانەکە لەناو دۆخێکی دەروونیی زۆر خراپدان، بەڵام باوکی (جیهانگر) لە هەموویان زیاتر و (جیهانگر) بەم جۆرە ئەو ترسەی پێشان دەدات:

---

* وشەی (Nark) لە زمانی ئینگلیزیدا مانای سیخوڕ دەدات و نووسەر خەسڵەتی ئەم کارەکتەرەی لە ڕێگەی ناوەکەیەوە پێشان داوە.

"باوکم هەڵدەستێتەوە و دێتە نزیکم، بەڵام سەرتاپێی گیانی دەلەرزێت. بە چپە دەپرسێت:
_ پێشمەرگەیە؟ هیی کام لایەنەیە؟ زۆر لە شار دەمێنێتەوە؟
هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە:
_ بە گۆڕی باوکم پێشمەرگەیە و تازە لەم شاخە هاتووەتە خوارێ. جلوبەرگی گۆڕیوە، هەتا نەناسرێتەوە. بۆ نایشناسرێتەوە؟ دەناسرێتەوە و قورگی پڕ لە مسی تواوە دەکرێت، لەگەڵ ئەوانەی داڵدەیشیان داوە. بە شێوازی ڕۆیشتنی دەزانم پێشمەرگەیە. بۆ دەیهێنێتەوە؟ بۆ درۆ دەکەیت و دەڵێیت لە پۆلەکەتە؟ بۆ دەڵێیت لە قوتابخانەیە؟ قوتابخانەی کوێ؟ مەبەستت چییە؟ من بە کێ تێدەگەیت؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٤٧) نووسەر لە ڕێگەی دەرخستنی ترس و دڵەڕاوکێی باوکی (جیهانگر)ـەوە لە دەستەڵات، وێنەی ڕۆژگاری ساڵانی هەشتا و ئەو سیستەمە داپڵۆسێنەرەی ڕێژیمی بەعس پێشان دەدات، کە کارەکتەری ترسنۆکی وەک دایک و باوکی (جیهانگر)ی دروست کردووە و هەموو جووڵەیەک بە سەرچاوەی نەهامەتیی بۆ خێزانەکەیان لێک دەدەنەوە. بەکورتی، لێرەدا ئەدەب و مێژوو لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕەهەندی دەروونیی کارەکتەرەکانەوە یەک دەگرنەوە و پێوەندیی لەگەڵ یەکتردا دادەمەزرێنن.

لە سەرەتای بەشی هەشتەمدا، کاتێک هەڵۆیەک لە باخچەی ماڵی (جیهانگر)دا دەکەوێتە خوارەوە و دەندووکی لە خۆڵ دەچەقێت. (جیهانگر) ئەو ترسەی ناوەوەی خۆی دەخاتە ڕوو، کاتێک ویستوویەتی لێی نزیک ببێتەوە: "چەند جارێک هەوڵ دەدەم دەستی لێ بدەم، کەچی هەموو گیانم دەلەرزێت و ناتوانم نزیکی ببمەوە. ئەگەر دەستیشی لێ نەدەم، چۆن دەتوانم فریای بکەوم؟ کاتێ ئەمە دەڵێم، زیاتر شەرمی لێ دەکەم. بۆ ژوورەوە دەگەڕێمەوە. دڵم خێرا لێ دەدات و هەناسەم تەنگ بووە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٩٠) ئەم ترسە لە دەروونی (جیهانگر)دا پێوەندیی بەو چیرۆکە ئەفسانەیی و واقیعییانەوە هەیە، کە بە منداڵی لەبارەی ئەم باڵندەیەوە بیستوونی، چۆن ئاژەڵی وەک گورگ، بەران، ئاسک و تەنانەت مرۆڤیشی بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوە.

لە بەشی هەشتەمدا، کاتێک (جیهانگر) ترامپ (ئەو هەڵۆیەی لە باخچەکەیاندا کەوتە خوارەوە) بە مەبەستی چارەسەر دەباتە ماڵی (د.ا.و.ر) و بەو هۆیەوە چەند ڕۆژێک لەوێ دەمێنێتەوە. ڕۆژێک لەناو کەشێکی ئارامدا دانیشتوون، کەیک و چا دەخۆن و قسەی خۆش دەکەن، لەناکاو دۆخەکە دەگۆڕێت و (د.ا.و.ر) لە دەرگەی ئەو ژوورە دەڕوانێت، کە (ترامپ)ی تێدا خەوێنراوە. گێڕەرەوە لە ڕێگەی پێشاندانی ڕەهەندە فیزیکییەکەی (د.ا.و.ر)ـەوە ئاماژە بۆ تێکچوونی باری دەروونیی (د.ا.و.ر) دەکات: "لەناکاو ڕەنگی تێک دەچێت. دڵم دادەچڵەکێت. بەوەدا دەرگەکە کراوەیە و ئەم لە بەرانبەری دانیشتووە، لێی دیارە. ڕا دەکات و من دوای دەکەوم، بەڵام دەرگە دادەخات و ناهێڵێت بچمە ژوورێ. کاتێ لێی دەپرسم، ئاخۆ هیچ بووە، پێم دەڵێت:

_ نا، نا، شتێکی وا نییە.
ئەمە بە تۆنێک دەردەبڕێت، وەک ئەوەی بگری."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٩٩)

گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ئەو دۆخە سایکۆلۆجییە بەردەوام دەبێت، تەنانەت لە کاتی گواستنەوەی قسەی (د.ا.و.ر)دا هێمای (...)* دادەنرێت، کە ئاماژەیە بۆ گوتەیەک، قسەکەر ناتوانێت تەواوی بکات: "ئەم دوای ماوەیەک پێم دەڵێت:
_ تۆ دەتوانیت بڕۆیتەوە ماڵ و من خۆم دوایی لە هەر گۆڕانکارییەکت... بۆی تەواو ناکرێت. ڕەنگە لەودیو دەستی بە چاوانیەوە گرتبێت و بە بێدەنگی بگری. بەو مەراقەوە دەگەڕێمەوە ماڵ و ئەو شەوە خەیاڵم هەر لای باڵندە تێکشکاوەکەیە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٩٩)

جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا چەندین کارەکتەری ئاژەڵ و باڵندە دێنە نێو پرۆسێسی گێڕانەوە و بە دەوری خۆیان کار لە گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوەکان دەکەن، وەک باڵندەی هەڵۆ (ترامپ). (لەقلەق) باسی مردنی سەیری دایک و باوکی (کچە پاڵتۆسوورەکە) بۆ (جیهانگر) دەکات، کە هۆکارەکەی چۆلەکەیەک بووە: "_ چۆلەکەیەک دایک و باوکی کچە پاڵتۆسوورەکەی کوشت، بەڵام چۆلەکەیەکی سوور."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٣٨) هەروەها سەگەکەی (ئالیلی)، کە ناوی (نایدەم)ە، لە بەشی کوتاییی ڕۆمانەکە دێتە ناوەوە، چیرۆکی خۆی هەیە.

(جیهانگر) کاتێک لە بازاڕدا ون دەبێت، یەکەم شت، کە سەرنجی ڕادەکێشێت، بینینی کەڵەشێرێکە بە دەستی ژنێکەوە، بۆیە دەڵێت: "ئەوەی یەکەمجار لەو بازاڕەدا من دەدۆزێتەوە، ژنێکە، زەرفێک و کەڵەشێرێکی سووری پێن، دەڵێی دەمی کوورەی ئاگرە. پەڕەکانی لە بەرهەتاودا دەبریسکێنەوە. نازانم زەرفەکە چیی تێدایە، بەڵام کەڵەشێرەکە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت. هیوا دەخوازم بڵێ بۆ خۆت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٦٣)

(کاروان کاکەسوور) زۆر جار بۆ بەرجەستەکردنی دۆخی دەروونیی کارەکتەرەکانی، پەنا بۆ دایەلۆگ دەبات، کە تێیدا هەم زانیاریی لەبارەی ژیانی کارەکتەرەوە دەخرێتە ڕوو، هەم دۆخە سایکۆلۆجییەکانیان بۆ خوێنەر دەگوێزرێتەوە. کاتێک (جیهانگر) و (م..ز..ن) لە عەسرێکدا لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدادی پایتەختدا پیاسە دەکەن، باسی چیرۆکی ژیانی (ئالیلی)ی کچی (پاژان) دەکەن، کە ماوەی دە ساڵە لای (نازی) جێی هێشتووە و ئێستا جارێکی تر بۆ لای گەڕاوەتەوە. (جیهانگر) زۆر بە مەبەستەوە دەیەوێ زانیاری لەبارەی (ئالیلی)ـەوە دەست بکەوێت، (م..ز..ن) هەندێکی پێ دەڵێت و دواتر لێی دەپرسێت:
"_ پێت خۆشە چیی دیکەیش لەبارەیەوە بزانیت؟
دەمم تێک دەئاڵێت:

* (کاروان عومەر کاکەسوور) لە هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا ئەم هێمایە وەک تەکنیکێک بە مەبەستی گواستنەوەی وێنە ناتەواوەکانی ناوەوەی کارەکتەر و ئەو دۆخە ئاڵۆزە دەروونییەی، کە تێی دەکەوێت و ناتوانێت دەربڕینەکانی تەواو بکات، بە کار دەهێنێت.

ـ من؟ نازانم چیت پێ بڵێم. هەر ئەوەیە، کە...
بۆم تەواو ناکرێت، چونکە ڕاستییەکەی لام ڕوون نییە، ئاخۆ پێم خۆشە هیچ شتێک لەبارەیەوە بزانم، یان نا."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٥٣)

(کاردی) ژنی دووەمی باوکی (شەکشەک)ە، کە ناوی (ج..م...ل)ە، لە یەک جیا دەبنەوە. دوای بیستوحەوت ساڵ، ئێوارەیەک دەگەڕێتەوە و دەبینێت وا ژنێک لەگەڵ کوڕەکەیدا وەستاوە. (شەکشەک) زۆر هەوڵ لەگەڵ باوکیدا دەدات، تا ئەم ژنەی لەگەڵیدایە، بناسێتەوە، کە لە ڕابردوودا هاوسەری بووە، هەوڵەکانی بێسوود دەبن. لە کۆتاییدا (کاردی) بە (شەکشەک) دەڵێت: "ـ باوکت ترسی هەیە نهێنییەکانی ئاشکرا بکەم. خۆ ئەگەر ئێستا دوو سێ شت بڵێم، کە جگە لە خۆم و خۆی، کەسی تر نایانزانێت، بۆی دەردەکەوێت من کێم و چەند پێکەوە خەوتووین. (ج..م...ل) زیاتر ڕەنگی تێک دەچێت، تەنانەت ناتوانێت جوێنی دیکەی پێ بدات. دەچێتە ژوورەوە و دەرگە دادەخات. دواییش نەیوێراوە ئەو باسە لەگەڵ کوڕەکەی بکاتەوە و لێی بپرسێت ئەو ژنە کێیە، بەڵکوو ئەم خۆی پێی گوتووە. گیانی دەلەرزێت، نانی بۆ ناخورێت و ڕەنگی هەڵدەبزرکێت. لە کونجی ژوورەوە دەرناچێت، بگرە تای گەرمی لێ دێت و لە جێدا دەکەوێت. هەمیشە دەناڵێنێت، گۆرانیی بێسەروبەر دەڵێت و وڕێنە دەکات. ژنەکەی نازانێت هۆکارەکەی ئەوەیە، دوای بیستوحەوت ساڵ (کاردی)ی بینیوەتەوە و ئەو شەڕە سەیرە لەنێوانیاندا ڕووی داوە، ئەنجامیش هەر بەمە دەمرێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٣) کەواتە بینینەوەی هاوسەری پێشووی، باوکی (شەکشەک) دەخاتە ناو دۆخێکی سایکۆلۆجیی خراپەوە و دواتریش هەر ئەو دۆخە دەبێتە سەرچاوەی مردنی.

لە بەشی هەشتەم و لاپەڕەی کۆتاییی ڕۆمانەکەدا، کاتێک (جیهانگر) لە وڵاتی (دانمارک)ـە و (شەکشەک)ی هاوڕێی دەیەوێت سەردانی بکات، دەکەوێتە دۆخێکی دەروونیی خراپەوە و لەو بارەیەوە ناتوانێت بڕیار بدات، بۆیە لەبارەی ئەو سەردانەوە نامە بۆ (کارا فاتیح)ی هاوڕێی دەنێرێت، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا بوونی نییە، بەڵکو کەسێکی گریمانەییە و (جیهانگر) لە کۆتاییی هەر بەشێکدا پێی دەڵێت گوێ لەم چیرۆکەیش بگرە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پێی بڵێت جارێکی تر ئەو هاوڕێیەی منداڵیی ببینێتەوە، یان نا؟ هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەم پێوەندییە تەلەفۆنییەی (شەکشەک)ـەوە دەست پێ دەکەن، کە وا لە (جیهانگر) دەکات سەرتاپێی ژیانی خۆی و (شەکشەک) بۆ (کارا فاتیح) بگێڕێتەوە: "گەیشتوومەتەوە نزیک ماڵەکەم، بەڵام ئارەزووی کردنەوەی دەرگەم لە دەست داوە. بۆ وێستگەی شەمەندەفەر دەگەڕێمەوە. نامەوێت بۆ هیچ لایەک بچم و دێمەوە. نەخێر، تاقەتی ماڵەوەم نییە. بۆ وێستگەی شەمەندەفەر دەگەڕێمەوە. ماوەیەکی زۆرە لەو هاتوچۆیەدام. ماڵەوە، یان وێستگەی شەمەندەفەر؟ دەمەوێت لێی بێزار ببم، بەڵام ئەستەمە. بۆچی لە خۆمی دەشارمەوە، چێژ لەو بێزارییە دەبینم؟ زەنگی

مۆبایلم بە ئاگام دەهێنێتەوە. (شەکشەک)ـە. وەڵامی نادەمەوە، بگرە دەیکوژێنمەوە، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کاتم نەگرێت. کارا گیان، تکایە دەتوانیت پێم بڵێیت، جارێکی تر ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە، یان نا؟

هاوڕێت/ جیهانگر"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییەی (شەکشەک) لە کاتێکدایە، کە (جیهانگر) لەناو دۆخێکی دەروونیی خراپدایە و بەردەوام لەنێوان ڕێگەی ماڵ و شەمەندەفەردا هاتوچۆیەتی، بۆیە داوا لە (کارا فاتیح) دەکات، تا لە بینینەوەی ئەو هاوڕێیەی منداڵییدا یارمەتی بدات. خۆ ئەگەر (جیهانگر) لە ڕووی دەروونییەوە لە دۆخێکی جێگیردا بووبا، ڕەنگە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ئاڕاستەیەکی دیکەیان وەرگرتبا. لێرەدا هێزی ڕەهەندی دەروونی دەردەکەوێت، کە لە توانایدایە گۆڕان لە ئاستی ڕووداوەکاندا دروست بکات.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین ڕەهەندی دەروونی پانتاییەکی فرەوان لە بەرهەمەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) و بە تایبەت لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا داگیر دەکات، چونکە وەک (ئاراس وەهاب)ی ڕەخنەگر دەڵێت: "شێوازی نووسینی (کاروان) بە پلەی یەکەم دەروونییە. تێکشکاندنی کات و دابەشکردنی بەسەر یەکەی وردوورددا پێوەندیی بە لایەنی دەروونییەوە هەیە."(وەهاب، ٢٠٢١: ١٣) ئەمە وای کردووە ئەم نووسەرە چیرۆک و ڕۆمانەکانی بە میتۆدی شەپۆلی هۆش بنووسێت، کە تێیدا کات بازنە کرۆنۆلۆجییەکەی لە دەست دەدات و کاتی ناوەوە دادەمەزرێت.

**تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**

بەگشتی سەرچاوەی تێکستی ئەدەبی ئەو واقیعەیە، کە تێکستەکەی تێدا لە دایک بووە، هەر بۆیە ژینگە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا دەگێڕێت و ناتوانرێت پەراوێز بخرێت.

هەردوو ڕەخنەگر (ئۆستن وارین ١٨٩٩-١٩٨٦) و (ڕێنیە ویلَک ١٩٠٣-١٩٩٥) لە کتێبی (تیۆری ئەدەب: ١٩٤٢)دا لەبارەی کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر ئەدەب دەنووسن: "ئەدەب ژیان دەگێڕێتەوە، ژیانیش واقیعێکی کۆمەڵایەتییە. سەرەڕای ئەوە، بۆ تاکی نووسەر، جیهانی دەرەوە و هیی ناوەوە دەبنە بابەتی گێڕانەوەی ئەدەبی، چونکە ئەو ئەندامێکی کۆمەڵگەیە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە."(ولیک، آوستن، ١٩٩٢: ١٣١) ئەم پێوەستبوونەی نێوان نووسەر و کۆمەڵگە بە ڕادەیەکە، ناتوانرێت لێکیان داببڕیت. دەکرێت کتێبی (ئەدەب لە پێوەستیدا بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان)ی ژنە نووسەری فرانسی (مەدام دی ستایل ١٧٦٦-١٨١٧) لە ساڵی (١٨٠٠)دا وەک یەکەم هەوڵ لە فرانسا لەبارەی کۆکردنەوەی هەردوو چەمکی ئەدەب و کۆمەڵگە لە توێژینەوەیەکدا تەماشا بکرێت. ئەم پێوەندییە بەهێز و بەردەوامە وای کردووە لە سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٥٠)دا ئەم دوو چەمکە لێک بدرێن و وەک زانستێکی سەربەخۆ بە ناوی (سۆسیۆلۆجیای ئەدەب- Sociology of Literature)ـەوە بناسێنرێت، کە مەبەست لەو زانستەیە لە پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە. یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت. (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٥٧)

ئەم بایەخە وای کردووە نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا گرنگی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بدەن و سیمایەکی ئێستاتیکی پێ ببەخشن، کە بەگشتی ئەم ڕەهەندە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا پشت بە وەسف دەبەستێت و لە ڕێگەی ئاماژەوە دەردەکەوێت. (میکایل باختین ١٨٩٥-١٩٧٥) ڕەخنەگری ڕووسی بە وردی لە دیوە سۆسیۆلۆجییەکەی ژانری ڕۆمان دەکۆڵێتەوە، کە خەسڵەتەکانی لە ڕێگەی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دەردەکەون. ئەوەی ئەم ڕەخنەگرە جەختی لێ دەکاتەوە، ئەوەیە، لە ڕۆماندا هەر کارەکتەرێک خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆیەتی و لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەوێتە دایەلۆگەوە، ئامرازی گوزارشتکردن لە ئایدیۆلۆجیای کارەکتەر، زمانە، کە وشە و دەربڕینەکانی ئەو کەسە کۆمەڵایەتین. مادام کۆمەڵایەتین، ئەوە ئەو دەربڕینانە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو لەناو جیهانی تێکستەکەدا دیاری دەکەن، چونکە "مرۆڤی قسەکەر لە ڕۆماندا هەمیشە خاوەنی ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی و وشەکانیشی دەربڕینێکی ئایدیۆلۆجییانەیە. زمانی لە ڕۆماندا گۆشەنیگای تایبەتی ئەوە بۆ ئەو جیهانەی، کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکات."(بختین، ١٩٨٨: ١١٠) مەبەستی (باختین) لە ئایدیۆلۆجیا، دیوە کۆمەڵایەتییەکەی کارەکتەرە و پێوەندیی بە ڕەهەندی سیاسییەوە نییە. کەواتە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی دایەلۆگەوە

هۆشیارییان بەر یەک دەکەوێت و زمانی کۆمەڵایەتی دەبێتە سەرچاوەی دەربڕینەکانیان. لێرەوە ئازادیی ئاخاوتن دێتە ناوەوە، تێکست خۆی لە تاکدەنگ ڕزگار دەکات و دەرگە بۆ دەنگەکانی تر دەکاتەوە خۆیان دەرببڕن. واتە لێرەوە دەسەڵاتی تاکدەنگ تێک دەشکێنرێت و ڕێگە بۆ هاتنەناوەوەی دەنگەکانی تر دەکرێتەوە. دەتوانین بڵێین لای (باختین) هەر دەربڕینێکی کارەکتەر لەنێو ڕۆماندا دەبێتە هۆی دەرخستنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی.

ئەم ڕەهەندە پانتاییەکی فرەوان لە تێکستی ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتیدا داگیر دەکات و خوێنەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک پرسیاری جۆراوجۆراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی کارەکتەری بۆ ئاشکرا دەبێت، لەوانە، ئایا ئەو کەسە لە ڕەگەزی نێرە، یاخود مێ. هاوسەرگیری کردووە، یان نا. هەروەها خاوەنی چ پیشەیەکی کۆمەڵایەتییە و سەر بە کام چینی کۆمەڵگەیە؟ ئایا دەوڵەمەند، مامناوەند، یان هەژارە؟ کارەکتەر لە ژینگەی شار، یان گونددا نیشتەجێیە؟ لە ڕووی پلەوپایەوە، خاوەندەسەڵات، یان کەسێکی ئاساییە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ڕەهەندە لایەنی ئایینی، نەتەوەیی، دۆخی کۆمەڵایەتیی کەسەکە و پێوەندیی لەگەڵ ئەوانی تردا لە چ ئاستێکدایە، دەگرێتەوە. ڕۆماننووس ئەم پرسیارانە دادەڕێژێتەوە و ڕەهەندێکی هونەرییان پێ دەبەخشێت، کە بەبێ دەستوەردان لە کاروباری کارەکتەر، هەڵدەستێت بە "پێوانەکردنی پلەی گەشەسەندنی نێوان کارەکتەرەکان، دۆزینەوەی بۆشایی و جیاوازییەکانی نێوانیان. هەروەها چاودێریکردنیان."(سعودي، ٢٠١٧: ٢٥) نووسەر لە ڕێگەی پرۆسێسی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان کارەکتەرەکانەوە ئەم فەزایە دادەمەزرێنێت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان پیشان دەدات.

**ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، لە بەرهەمەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ئاماژەوە دەبینرێت، هەر بۆیە لە دەروازەی ڕۆمانەکەدا بۆچوونی خۆی لەبارەی پێکهاتەی خێزان وەک دامودەستگەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەبڕێت و پێی وایە لە ڕۆماندا ئەوە تەنیا بایۆلۆجیا نییە گۆڕان لەناو خێزاندا دروست دەکات، بەڵکو ڕێگەی تریش هەن: "لە دنیای مندا خێزان تەنیا لە ڕێی منداڵدانەوە ژمارەی زیاد و بە هۆی مەرگەوە ژمارەی کەم ناکات، بەڵکوو زۆر ڕێگەی تریشم دۆزیوەتەوە. بە مانایەکی تر، تەنیا بایۆلۆجیا نییە خێزان پێک دەهێنێت و تێکی دەشکێنێت، بەڵکوو ڕەگەزی تریش هەن. تاکە دەنگێک، کە لەناو خێزاندا دەبیسرا، هیی باوک بوو، بەڵام من کۆمەڵێک کەناڵی ترم لەناو دامەزراند."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٢)

گێڕەرەوە لە سەرەتای بەشی یەکەمدا، چیرۆکی ژنێک دەگێڕێتەوە، کە نەخۆشیی سیلی هەیە و لە ڕێگەی وەسفی دەرگەی حەوشەوە هەژاریی ئەو کارەکتەرە دەردەخات: "لە کەرکووکەوە هاتووە و لێرە خانوویەکی بە کرێ گرتووە. لە خشتی سوور دروست کراوە، بەڵام بە کاریتە سەری گیراوە و بانەکەی گڵە. لە دوو ژووری بچووک پێک دێت. هەیوانەکەی لە تەنەکەی ڕۆن دەچێت، بە درێژی پاڵ خرابێت... دەرگەی حەوشەی تۆتیایە. نازانم پێشتر چ ڕەنگێکی هەبووە، بەڵام لەبەر کۆنی ئێستا خۆی وەک کەڕووی نان دەنوێنێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧) ئەم وێنانە ئەوە دەسەلمێنن، ئەم کارەکتەرە سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵە و لەبەر دەستکورتی، تەنانەت نەیتوانیوە ڕەنگی دەرگەی حەوشەیشی بگۆڕێت.

هەر لە بەشی یەکەمدا، (جیهانگر) وەسفی ماڵی (شەکشەک)ی هاوڕێی دەکات، کە لە گەڕەکدا کەس بە ئەندازەی ماڵی ئەوان دەوڵەمەند نەبوون. لێرەدا دوو تێگەیشتن دێنە ناوەوە؛ یەکەم، ئەوە پێشان دەدرێت، کە باسەکە لەبارەی گەڕەکێکی میللییەوەیە. دووەم، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی خێزانی (شەکشەک) دەردەخرێت، کە لە خێزانەکانی تری گەڕەک جیاوازن. نموونەیەک لەم جیاوازییە، پێدانی پارەی ڕۆژانەیە بە کوڕەکەیان، کە بەراورد بە هاوڕێکانی، چەند هێندەیە: "هیچ منداڵێکی ترم نەدیوە نە لە گەڕەک و نە لە قوتابخانەیش ڕۆژانەکەی بگاتە نیوەی ڕۆژانەی (شەکشەک). هۆکارەکەیشی ئەوەیە دایکی، باوکی، نەنکی، باپیری، پووری و مێردی پووری هەموو بەیانییەک دەیدەنێ، بەوەی ماڵیان لە ڕیزی یەکترە و دەوڵەمەندیشن، بۆیە سەیر نییە ئێستا شەشسەد فلسی پێیە، کە کرێکارێک بە هەشت سەعات پەیدای دەکات."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٣) لەگەڵ ئەوەیشدا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەی (فلس)ـەوە هێما بۆ سالانی حەفتا دەکرێت، کە لەو کاتەدا دراوی جۆری (فلس) بە کار هاتووە. لەم وەسفەدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە مێژووەوە گرێ دراوە و تێیدا سەردەمێک دەگێڕدرێتەوە.

کاتێک (جیهانگر) و (شەکشەک) لە قوتابخانە دەردەکرێن و دەبێت بۆ ماڵ بڕۆنەوە، بەڵام بە پارەیەکی زۆرەوە بە مەبەستی کڕینی ڕیشۆڵە، بۆ بازاڕ دەچن، کەچی لەناکاو قەرەباڵغییەک دەبینن و گێڕەرەوە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دیمەنە پیشان دەدات: "ئەوەتا وا گەیشتووینەتە لای قەرەباڵغییەکە، بگرە لای ئەو پیاوە قەڵەوەین، کە هۆکاری دروستبوونی قەرەباڵغییەکەیە. دوو داری ئەستوور و درێژی هێناون و لە زەویی چەقاندوون، کە ماوەی نێوانیان نزیکەی سێ مەتر دەبێت. لە سەرەوەیش بە دارێکی تر پێکی گەیاندوون، بە ڕادەیەک لە تیپی (U) دەچێت، سەرەوخوار دانرابێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٧) ئەم یارییە ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی نییە، بەڵام ڕیشە و هاوشێوەی لەگەڵ یارییەکانی تری ڕۆژگاری گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا هەیە، کە ناوەڕاستی حەفتاکانە. ئەم جۆرە یارییانە لە گەڕەکە میللییەکاندا کراون و دەربڕینەکانیش هیی ئەو چینەی کۆمەڵگەن، کە لە ئاستی مامناوەند و خوارەوەدان، ئەمە خەسڵەتێکە و (کاروان)ی پێ دەناسرێتەوە، کە بە گشتی لە بەرهەمەکانیدا گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکان دەکاتە شانۆی ڕووداوەکان.

وەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێ دا، ڕەهەندەکانی کارەکتەر پێوەندییەکی بەهێز پێکەوەیانی بەستووەتەوە و یەکتری تەواو دەکەن. ئەوەتە لە بەشی پێنجەمدا گێڕەرەوە لە ڕێگەی وەسفی فیزیکییەوە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی (گەربووشە) و تەنانەت هیی خێزانەکەیشی پیشان دەدات: "هەمیشە ڕەخنەمان لێی گرتووە، کە هێندە بایەخ بە شێوەی دەدات و وەک ئێمە گوێ ناداتێ چی لە بەر دەکەین و چی لە پێ، تەنانەت (سەرجۆنی ئەکەدی) گەیشتووەتە ئەوەی بڵێت نەیتوانیوە خۆی لەو هەستە ڕزگار بکات، کە کوڕی ماڵێکی ئۆرۆستۆکراتییە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٠) لە درێژەی وەسفی خێزانەکەدا دەڵێت: "هەر بە ڕاستی ماڵێکی جیاوازن، نەک تەنیا لە گەڕەک، بگرە لە سەرتاپێی شارەکەیشدا. زۆر کەس هەقیانە ئەگەر وا بزانن کورد نین... دایک و باوکی پێوەندییان تەنیا بە چەند کەسێکی دیاریکراوەوە هەیە، کە ئەوانیش دانیشتووی ئەم گەڕەکە نین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٠-٢٠١)

دیاریکردنی وێنەی ئەم خێزانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو کاتە بە تەواوی دەنەخشێنرێت، کە (جیهانگر) لەگەڵ هاوڕێکانیدا کاتێ دایک و باوکی (گەربووشە) سەفەریان کردووە، دەچنە ماڵیان و لە ڕێگەی وەسفێکی درێژەوە خەسڵەتەکانی ئەو خێزانە پیشان دەدات: "کاتێ دەچنە ئەوێ، وا دەزانن بۆ وڵاتێکی دیکە سەفەریان کردووە و چێژێکی زۆر دەبینن. لە چاوترووکانێکدا بەفردانە کارەباییەکە چۆڵ کراوە. سەوزە و میوە، بگرە زەیتوون، ماست و پەنیریش خوراون، تەنانەت قوتووی بیرەیش هەڵدەپچڕن و دەیخۆنەوە. هەندێکیان ئەم هەستە سەیرە لە (گەربووشە) ناشارنەوە. دەڵێن هەرگیز ئەو شتانە هەمان ئەوانە نین، کە دانیشتووانی دیکەی شار لە بازاڕ و لە گەڕەکدا دەیانکڕن، بەڵکوو لەوە دەچن بە کۆپتەر لە شوێنی دوورەوە هاتبن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠١)

له سـەرەتای بەشـی حەوتەمـدا، کاتێـک ژنـان بە مەبەسـتی کڕینـی جلـی کـوردی، لە مـاڵی (جیهانگر) کۆ دەبنەوە. گێڕەوەوە باسی دایک و کچێک دەکات، کە لەوانی تر ناچن و بێدەنگن. دایکــی (جیهــانگر) ئەمە بە هۆکــاری لووتبەرزییــان لێــک دەداتەوە و پێــی وایە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان لە ئاستی ئەوانی تردا نابینن، بۆیە قسە ناکەن. (جیهانگر) دەڵێت: "دایکم دوای ئەوەی پارەی دەستێ جلوبەرگی کوردی لە ژنـە وەردەگرێت، کە بۆ کچەکەی کڕیوە، بە ڕێیان دەکات، بەڵام دوایی ناڕەزایی دەردەبڕێت، بەوەی وەک بت وان و دەنگیان نایەت، بگرە دەڵێت لە ژیانی خۆیدا ژنی وا لووتبەرزی نەدیوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٥٧) لێرەدا تانەدان لەوانی تـر دەبێـتە خەسـڵەتی دیـاری ئەو کەسـەی لە گەڕەکە میللییەکانـدا دەژی، کە لەم وێـنەیەدا لە کارەکتەری (دایکی جیهانگر)دا بەرجەستە کراوە.

(جیهـانگر) کاتێـک لە زانکـۆی مووسـڵ دەخوێنێـت، پێوەنـدیی خۆشەویسـتی لەگەڵ کچێکـی عەرەب بە ناوی (ئـ..ل)دا دادەمەزرێنێت و دواتر بە هۆی ئەوەی ئەم لە زانکۆ دەردەکرێت، ئەو پێوەندییە کۆتایی پێ دێت. لە ماوەی پێکەوەبوونیاندا چەند جارێک بۆ ماڵیان دەچێت، کە ئەمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێمـایە بـۆ کراوەییی ئەو خێزانە و نووسـەر لە ڕێگەی دایەلۆگی نێوان (جیهــانگر) و بــراکەی (ئـ..ل)ــەوە وێـنەی ئەو کـرانەوەیە دەنەخشـێنێت. (جیهــانگر) لەبــارەی بۆچـوونی بـرای خۆشەویسـتەکەیەوە دەڵێـت: "پێـی گوتـووم (ئــ..ل)ی خوشـکی ئـازادە کـێ هەڵدەبژێرێت، بەڵام هیوادارە کەسەکە بە دڵی ئەوانیش بێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٨٩)

لە بەشــی کۆتاییـدا، کاتێـک (جیهــانگر) لەگەڵ مــاڵی ســێ بـراکەدا کـۆ دەبێـتەوە، باسـی هاوسـەرگیریی بـرای گەورە دێـتە پێشـەوە، دایکیـان ئەو ڕوانینـە نەریتییەی کـۆمەڵگە دووبـارە دەکـاتەوە، کە دەبێت کوڕەکـان بە شـێوەی زنجیرەیـی ژن بهێـنن و سـەرەتایش نـۆرەی بـرای گەورەیە: "ئینجـا بـرای بچـووک دەرفەت دەهێنێـت و گلەیـی دەکـات، کە خـۆی لەگەڵ کچێکـی کۆلیجەکەیدا پەیمانی بەستووە و هەموو شتێکیان بڕاندووەتەوە، تەنانەت کەسوکاری سـەرەڕای ئەوەی لە زانکۆ دەرکراوە، پێی ڕازین، کەچی دایکی ڕێگرە، گوایە هەتـا بـرای گەورە و هیـی ناوەنجی ماڵی خۆیـان دانەنێن، ئەم بـۆی نییە بە لای بـابەتی وادا بچێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٩٨) لێـرەدا کـارەکتەری دایکـی سـێ بـراکە دەبێـتە نـوێنەری ئەو چینـەی کـۆمەڵ، کە دەسـت بە دابونەریتەوە دەگرن و ڕووبەڕووی هەر هێزێک دەبنەوە، کە دەیەوێت ئەو نەریتە بشکێنێت.

(نایدەم) نـاوی سـەگەکەی (ئـالیلی)ی کچی (پاژان)ـە. کاتێک (شەکشـەک) و هاوڕێکانی دوای سـەفەرێکی دە ڕۆژی، لە بەغـدادەوە بـۆ کوردسـتان دەگەڕێـنەوە و لەگەڵ خۆیانـدا (نایـدەم) دەهێننەوە. لێرەدا خوێنەر بەر ڕوانینی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی بەرانبەر ئاژەڵی ماڵی دەکەوێت، کە سـەرچاوەی ئەم تێگەیشـتنە لەنـاو گەڕەکە هەژارنشینەکاندا دێتە دەرەوە: "هێشـتا لێرە خەڵک نەگەیشتوونەتە ئەوەی بینینی سەگ لە کۆڵان بە ئاسایی بزانن. بە مانـایەکی دی، بە

یەک چاو لە سەگی ماڵی و سەگی بەرەڵا دەڕوانن. هەردووکیان گڵاون و کوشتنیان خێرە، مادام بۆ سەرگەرمی ڕاگیراون، نەوەک بە مەبەستی پاسەوانی."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٥٧)

لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەر تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیی دەیەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردی دەکەوێتەوە، کە ژن دوای جیابوونەوەی، ناتوانێت بە ئاسانی ژیانی هاوبەش پێک بهێنێتەوە، کە هێشتا ئەم تێگەیشتنە لە هەندێ ناوچەدا بە تەواوی نەسڕاوەتەوە. لێرەدا ڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەو کەسانە ڕوانینێکی دواکەوتووانەیە و لە ڕێگەی گەڕەکە میللییەکانەوە بەرجەستە دەبێت. ڕۆماننووس لە زمانی (جیهانگر)ـەوە دۆخی سەختی ئەم ژنانە لە بازنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا دەردەبڕێت و دەڵێت: "لێرە نەریتێک خۆی سەپاندووە، کە ژن دوای جودابوونەوەی، بە زەحمەت دەتوانێت ژیانی هاوبەش لەگەڵ پیاوێکی تردا دەست پێ بکاتەوە. خۆ ئەگەر ئەو بوارەیشی بۆ ڕەخسا، ئەوا دەست لە زۆر مافی خۆی هەڵدەگرێت، بەڵام لای (کاردی) شتەکە پێچەوانە دەکەوێتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٠)، چونکە ژنێکی چاوکراوەیە، منداڵیی خۆی لە ئیستانبۆڵ بە سەر بردووە و سێ زمانی بە باشی زانیون، ئەمە ئەو هۆکارەیە وای کردووە (کاردی) بە ئازادی چوار جار هاوسەرگیری بکات و گوێ بە کەلتوور و نۆرمی کۆمەڵایەتی نەدات. کارەکتەری ئافرەت لەم ڕۆمانەدا بە زۆری کەسانی بوێرن و دەست بۆ شتە تابووەکان دەبەن. واتە بە ئاسانی خۆیان بە دەست تێگەیشتنی کۆمەڵگەوە نادەن و نایەڵن دابونەریت هێزی خۆی بە سەریاندا بسەپێنێت، بۆ نموونە (پاژان، کاردی، نیرڤاسەنا، نازی، ژنە بێبرژانگەکە، ئالیلی و دایکی زەینەب).

بەکورتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەم ڕۆمانەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە ڕێگەی ئاماژەوە وێنەی دیوە کۆمەڵایەتییەکەی کارەکتەر دەکێشرێت.

**تەوەری چوارەم: ڕەهەندی فەلسەفی**

ئەگەر یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی، بیر بێت، ئەوە لەگەڵ فەلسەفەدا یەک دەگرێتەوە، بەوەی، ئەم زانستە لە ڕێگەی پرۆسێسێکی عەقڵییەوە پرسیار و گومانەکانی خۆی لەبارەی بوون بە گشتی دادەمەزرێنێت. هەر بۆیە بە درێژاییی مێژوو ئەدەب و فەلسەفە لە پێوەندییەکی بەردەوامدان و بۆ دەربڕینی خۆیان سوود لە کەرەستەکانی یەکتر وەردەگرن، بۆ نموونە (ئەفلاتون) کتێبی (کۆمار)ی لەسەر شێوازی دایەلۆگ داڕشتووەتەوە، کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی گێڕانەوە بە تایبەتی.

هەروەها فەیلەسووفی ئەڵمانیی (فریدریک نیتشە ١٨٤٤-١٩٠٠) کتێبی (زەردەشت ئاوا دوا)ی بە زمانێکی ئەدەبی و لە شێوەی گێڕانەوەدا نووسیوە. (مارتن هایدیگەر) بە هۆی شیکردنەوەی شیعرەکانی (فریدریک هۆڵدەرلین ١٧٧٠-١٨٤٣)ـەوە گەیشت بەوەی بڵێت ئەدەبیش وەک فەلسەفە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیە، چونکە "گرنگی ئەدەب بۆ فەلسەفە لەوەدایە کە زمان لەوە ڕزگاردەکات ئامرازێک بێت بۆ پەیوەندی، بەڵکو زمان دەکات بە بوارێک بۆ بیرکردنەوە."(لەتیف، ٢٠٢٠) ئەدەبیش بۆ دامەزراندنی خۆی، سوود لە پرسیارە فەلسەفییەکان وەردەگرێت و لە شێوەی هونەریدا دایاندەڕێژێتەوە. نووسەرانی وەک (ژان پۆڵ سارتەر، میلان کۆندێرا، ئەلبێرت کامۆ و هتد) بیرۆکە فەلەسەفییەکانیان لە ڕێگەی ژانرە ئەدەبییەکانی وەک (چیرۆک، ڕۆمان و شانۆ)وە دەربڕیون.

لە هەندێ نامە و تێزی ئەکادیمیی کوردیدا، ئەم ڕەهەندە بە ئایدۆلۆژی*، هزری** و سیاسی*** هاتووە، کە هەر یەکێک لەم زاراوانە مانای جیاواز دەگەیەنن، بەڵام ئێمە لێرەدا بەبێ ئەوەی ئەم زاراوانە بە هەڵە بزانین، ڕەهەندی فەلسەفی بە کار دەهێنین، کە مەبەست لێی دیاریکردنی ئاڕاستە فەلسەفییەکانی کارەکتەرە لەنێو تێکستدا، چونکە هەر کارەکتەرێک خاوەنی بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیەتی و لە ڕێگەی زمانەوە بیرۆکەکانی دەردەبڕێت، کە ئەمە وا لە خوێنەر دەکات بە فیکر و فەلسەفەی کارەکتەرەکان ئاشنا ببێت. زمان واتە توانای بیرکردنەوە و دەربڕین، کە ڕۆماننووس لەنێو هەموو توخمەکانی ڕۆماندا، تەنیا بە کارەکتەری دەبەخشێت. دەگونجێت ئەوە بگوترێت، کە مەرج نییە هەموو کارەکتەرەکانی ڕۆمان هەڵگری بیری فەلسەفی بن، بەڵکو ئەوەی لەو بارەیەوە بڕیار دەدات، هۆشیاری و ئاستی ڕۆشنبیریی کارەکتەرە. کەواتە

---

* جەوهەر شێخانی (٢٠١٤)، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل:٥٥

** عەونی ئەمین عومەر (٢٠١٥)، بنیاتی کارەکتەر لە دوو رۆمانی "فەرهاد پیربال"دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل:٤٨

هەروەها د. مەریوانی عومەر دەوڵەت (٢٠١١)، سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردیدا (١٩٢٥-١٩٥٠)، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ل:٨١

*** پ. ی. د. نەجم ئەڵوەنی (٢٠٢١)، گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەترو ئاگری)ی (بەیان سەلمان)دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل:١٥٣

ئەم ڕەهەندە بە هۆشیارییەوە گرێ دەدرێت، بەو مانایەی کارەکتەر چۆن لە ڕووداوەکانی دەوروبەری دەڕوانێت، چونکە گۆشەنیگای کارەکتەر لەبارەی ڕووداو و دیاردەکانەوە، ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو پێشان دەدەن، کە ئایا خاوەنی خەسڵەتی فەلسەفییە، یان نا.

ڕەهەندی فەلسەفی بە زۆری لە ڕۆمانی فرەدەنگدا دەبینرێت، چونکە ئەم ڕەهەندە زیاتر لە دایەلۆگدا خۆی دەنوێنێت، دایەلۆگیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی تێکستی فرەدەنگ و دەبێت بە شانۆیەک بۆ بەریەککەوتنی هێزە جیاوازەکان، کە هەر دەنگێک خاوەنی هۆشیاریی تایبەت بە خۆیەتی و لەوی تر ناچێت. لە دایەلۆگدا ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانی بیری کارەکتەر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبن، کە هەریەکەیان بیرۆکەکانی خۆی بە ئازادی لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت.

ئەگەر نموونەی ڕەهەندی فەلسەفی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا لەوانی تر زیاتر دەهێنینەوە، لەبەر ئەوە نییە، کە بەهای ئەم ڕەهەندە بەسەر ئەوانی تردا بدەین، بەڵکو لەو ڕووەوەیە، کە بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە لەڕووی پێکهاتەوە کراوەن و خاوەنی بیرۆکەی فەلسەفیی تایبەت بە خۆیانن.

**ڕەهەندی فەلسەفی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

ڕۆماننووس بۆ بنیاتنانی کارەکتەر لەنێو ڕۆماندا چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر بە کار دەهێنێت، یەکێک لەو ڕێگایانە دیاریکردنی ڕەهەندەکانیەتی و لەناویشیاندا ڕەهەندی فەلسەفی، کە نووسەر بۆ پێشاندانی بۆچوونە فەلسەفییەکانی و بۆ ئەوەی خۆی لە دەربڕینی ڕاستەوخۆیی بپارێزێت، پەنای بۆ دەبات. (کاروان عومەر کاکەسوور) لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا بایەخێکی زۆر بەم ڕەهەندە دەدات، پێی وایە ئەم لایەنەی کارەکتەر ڕۆمان دەباتە ئاستێکی قووڵترەوە و خوێنەر لە بەردەم بیرکردنەوەدا ڕادەگرێت: "ڕەهەندی فەلسەفی لای من واتە تێپەڕاندن. پەڕینەوەیە لە زانراوەوە بۆ نەزانراو. لەم ڕۆمانەدا شێوازی قسەکردنی بەشێک کارەکتەرەکانم لە ئاستێکی فەلسەفیدایە، بەڵام خودی فەزای ڕۆمانەکە، فەزایەکی فەلسەفییە."(فەتاح، کاکەسوور، ٢٠٢٢) هەر لەبارەی ئەم نووسەرەوە، (ئاراس وەهاب) پێی وایە "تێڕوانینی فەلسەفی بەشێکی گەورەی کارەکانی پێکدەهێنێت."(وەهاب، ٢٠٠٩: ١٣)

ئەم تێکستە هەموو خەسڵەتەکانی فرەدەنگی تێدایە، تەنانەت ناونیشانی ڕۆمانەکە (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) هەڵگری ئاماژەی فرەدەنگییە، بەوەی، لەم ناونیشانەدا سێ کارەکتەر ئامادەییان هەیە: (جیهانگر) وەک گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکە، کاتێک لە وڵاتی دانمارکە، لەبارەی هاتنی هاوڕێیەکی منداڵییەوە، کە ناوی (شەکشەک)ـە و لە وڵاتی سوێدە، تەلەفۆن بۆ (جیهانگر) دەکات، بۆ ئەوەی سەردانی بکاتەوە، بۆیە (جیهانگر) بەر لەوەی وەڵامی ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییە بداتەوە، پرس بە (کارا فاتیح)، هاوڕێ گریمانەییەکەی دەکات، کە ئایا جارێکی تر ئەو هاوڕێیەی منداڵیی ببینێتەوە، یان نا. بەگشتی هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە دەوری ئەم سێ کارەکتەرەدا دەخولێنەوە و کاریگەری تەواو لەسەر فەزای تێکستەکە جێ دەهێڵن.

هەندێ لە کارەکتەرەکانی تێکستەکە خاوەنی دیدی فەلسەفین و لە ئەتمۆسفێرێکی کراوەدا ئایدیاکانی خۆیان دەردەبڕن، کە لێرەدا هەندێکیان بە نموونە وەردەگرین و ڕەهەندی فەلسەفییان پێشان دەدەین:

(جیهانگر)

هەم گێڕەرەوە، هەم کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و نووسەر بە گشتی ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای ئەمەوە دەگێڕێتەوە، کە بە خەسڵەتە تایبەتی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیەوە، خۆی لەوانی تر جیا دەکاتەوە. ئەم کارەکتەرە لەنێو ڕۆمانەکەدا خاوەنی ڕەهەندی فەلسەفییە و نووسەر لە چەند ئاستێکی جیاوازدا دەریخستوون.

دەبێت سەرەتا ئاماژە بەوە بدەین، کە (جیهانگر) لە گەورەییدا بۆ سەردەمی منداڵیی خۆی و هاوڕێکانی دەگەڕێتەوە. بە مانایەکی دی، ڕووداوەکان هیی قۆناغی منداڵین و گێڕانەوەیان دەکەوێتە قۆناغی گەورەییەوە، کە (جیهانگر) خاوەنی هۆشیارییەکی فەلسەفییە، بۆیە لە گێڕانەوەیاندا دیوە شاراوە و ڕەهەندە فەلسەفییەکانی ئەو ڕابردووە پیشان دەدات. ئەم تەکنیکە وای کردووە لە هەر خاڵێکی گێڕانەوەدا، با ئەو گێڕانەوەیە هیی منداڵییش بێت، هۆشیاریی نووسەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئامادەیە، بۆیە زمانی تێکستەکە لە ئاستی زانراوەوە گەیشتووەتە ئاستی نەزانراوەوە، کە ئاستی فەلسەفییە.

لە بەشی پێنجەمدا، کچێک بە ناوی (س..ی..ا...ر)* دێتە لای (جیهانگر) و داوای نووسینی داڕشتنێکی لەبارەی خۆشەویستییەوە لێ دەکات، بۆ یەکەمجار وەک خۆشەویست لێی دەڕوانێت، بەڵام دواتر بە دیدێکی فەلسەفییەوە گومان لەو هەستەی دەکات و پێی وایە ئەمەی ناوی لێ ناوە خۆشەویستی، خۆفریودانە. (جیهانگر) دەڵێت: "گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی شتێک نییە بە ناوی خۆشەویستی، بەڵکوو کاتێ لەگەڵ کەسێکدا تووشی کێشەیەکی لەم بابەتە دەبیت، سۆزت دەورووژێت و لەو دۆخە سەیرە ناگەیت، بۆیە دەتەوێت بە هەر شێوەیەکە ناوێکی بۆ بدۆزیتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٦٨) تاوەکوو دەگاتە ئەوەی بڵێت خۆشەویستی وەرگرتنەوەی ئەو بەشەی خۆتە، کە داگیر کراوە: "ڕێک وەک ئەوە وایە بەشێکی گەورەتی لەگەڵ خۆیدا بردبێت و بتەوێت بیهێنیتەوە. کەواتە ئەوەی تۆی ئاوا پەرێشان کردووە، ئەو نییە، بەڵکوو بەشە داگیرکراوەکەی خۆتە. هەر هێندە وەرتگرتەوە، داگیرکەرەکەت لە بیر دەچێت، چونکە کێشەکە نامێنێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٦٨)

لە کۆتاییی بەشی شەشەمدا، کاتێک (لەقلەق) دێتە کتێبخانەکەی (جیهانگر)، لەسەر چەند بابەتێک دایەلۆگ دەکەن و لەنێویاندا چیرۆکی تراجیدیی خێزانی (کچە پاڵتۆسوورەکە) دێتە پێشەوە. لێرەدا نووسەر ڕەهەندە فەلسەفییەکەی چەمکی تراجیدیا لەسەر زمانی (جیهانگر)ـەوە پیشان دەدات: "خەریکە پێی بڵێم نامەوێت گوێی لێ بگرم، چونکە باوەڕم وایە بەسەرهاتی تراجیدی تەنیا پێوەندیی بەو کەسەوە هەیە، ئازارەکەی چەشتووە. کاتێ لەو کەسە دوور خرایەوە، ماناکانی لە دەست دەدات و دەبێتە شتێکی تری تەواو جیاواز. واتە ئەوەی بە تۆ دەگات، هەرگیز ئەوە نییە، کە لای خۆی هەیە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٣٥) ئەم تێگەیشتنەی (جیهانگر) لە چەند ئاستێکدا هۆشیاریی فەلسەفیی ئەو کارەکتەرە پیشان دەدات؛ یەکەم، خاوەنی کتێبخانەیە

* لە ڕۆمانەکەدا ناوی هەندێ لە کارەکتەرەکان بەم جۆرە هاتوون، وەک (پ....ن، س..ی..ا...ر، د.ا.و.ر، م..ز..ن، ج..م...ل، ئـ..ل، س..و..د، ف..ز...ڕ، هـ..ژ..ا، س.و..ن، د.ل.ا، ن..و..ل، ب..ا..س..ـە، ب.ش.ر و س. ج) ئەمە یەکێکە لەو تەکنیکە نوێیانەی، کە نووسەر لەبارەی ناونانی کارەکتەرەکانیەوە خوێنەر بەشدار دەکات. دەکرێت ئەو کۆدانە لای هەر خوێنەرێک مانای ناوی جیاواز بدەن، بۆ نموونە (پ....ن) دەشێت لای خوێنەرێک (پەروین) و لای یەکێکی تر (پەخشان) بێت. وەک چۆن دەگونجێت (د.ا.و.ر) ئاماژە بێت بە ناوی (دلاوەر) و خوێنەرێکی تر ناوێکی تری لێ دروست بکات. هەروەها (د.ل.ا) دەشێت خوێنەرێک بە (دالیا) و یەکێکی تر ناوێکی جیاوازتری بۆ هەڵببژێرێت. (ب.ش.ر) ڕەنگە خوێنەرێک ناوی (بەشار) و یەکێکی تر (بەشیر)ی لێ بنێت.

و دووەم، ئامادەییی بۆ دایەلۆگ لەگەڵ (لەقلەق)دا دەربڕیوە. سێیەم، بیرکردنەوەی لە ئاستی ناوەوەدا بووە (خەریکە پێی بڵێم نامەوێت گوێی لێ بگرم) و هێشتا نەیخستووەتە ئاستی دەربڕینی زمانییەوە، کە قووڵاییی ئەو ئاستەی ناوەوە لە هیی دەرەوە زۆرترە.

لە بەشی حەوتەمدا (جیهانگر) ون دەبێت و لە ماڵی (دایکی نوونوو)دا خۆی دەبینێتەوە، دیمەنی خانووەکەیان سەرنجی ڕادەکێشێت، کە زۆر گەورەیە و سێ دەرگەی هەیە. (جیهانگر) بە گشتی بینینێکی نێگەتیڤی بۆ دەرگە هەیە و ئەمەی لە ڕوانینێکی فەلسەفیدا دەربڕیوە: "دەڵێن ئەو خانووەی زیاتر لە دەرگەیەکی هەیە، ئاژاوەی تێ دەکەوێت و زوو کوێر دەبێتەوە. لە نزیک قوتابخانەمدا خانوویەکی لەم شێوەیە دەبینم..."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٩٦)

(جیهانگر) لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییە دووپات دەکاتەوە و پێی وایە بوونی دەرگەی حەوشە، جوانیی خانوو دەکوژێت، چونکە لە شێوەی باوکدا دەیبینێت. ئەم ڕوانینە خراپەیش بۆ دەرگە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە منداڵییەوە لە دەستەڵاتی باوک ترساوە و وەک دەرگە بینیویەتی. کاتێک لە (بەغداد) لەگەڵ (شەکشەک، پاژان و پ....ن)دا دەگەنە بەردەمی ماڵی (نازی)، کە خانووەکەیان پەرژینێکی جوانی هەیە. ئەم دیمەنە چێژ بە (جیهانگر) دەبەخشێت و دەڵێت: "پێم وایە پەرژین سامی دەرگە دەشکێنێت، کە لە منداڵییەوە ڕووبەڕووی بوومەتەوە. هەمیشە خەونم بە ماڵێکەوە بینیوە، دەرگەی نەبێت. ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێم ماڵێک، خاڵی لە باوک، چونکە دەرگە هیی باوکە. بۆی هەیە لەوێوە فڕێت بداتە دەرێ، یان ڕێگەت نەدات لە دەرەوە پێیدا بێیتە ژوورەوە. وام لێ هاتووە بڵێم دەرگە لە شێوەی باوک و پەنجەرە لە شێوەی دایک دروست کراوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٣٧)

لە بەشی هەشتەمدا (جیهانگر) باس لە خۆکوشتنی (پاژان) دەکات و ڕەهەندێکی فەلسەفی پێ دەبەخشێت: "شەمەندەفەر لە وێستگەی شارەکەمدا دەوەستێت. ڕێگەی ژن و سەگەکە دەدەم لە پێش منەوە دابەزن. ئێستا زیاتر لە (پاژان) دەچێت، یان ڕەنگە خۆم بمەوێت هێندە لەو بچێت. بۆم دەرکەوتووە ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لەوانە زیاتر لە یادەوەریدا دەمێننەوە، کە کەسانی تر دەیانکوژن، بۆیە (پاژان) لە خەیاڵی مندا هەمیشە بەئاگایە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)

(شەکشەک) هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە و بەراورد بە کارەکتەرەکانی دی، زۆرترین بەرکەوتنی لەگەڵیدا هەیە، هەر بۆیە دایەلۆگی نێوانیان لە زۆر شوێنی تێکستەکەدا دەبینرێت. لە سەرەتای بەشی دووەمدا، لەبارەی باڵندەوە دایەلۆگ دەکەن، هەریەکەیان بیرۆکەی جیاوازی هەیە و بەڵگە بۆ سەلماندنی دەهێنێتەوە: "ئێوارەیەکیان پشتمان بە دیواری دەرەوەی ماڵی نەنک و باپیری داوە و لەبارەی هەنگاونانی باڵندەوە دەدوێین. ئەم پێی وایە ئەو دوو ئەندامەی باڵندە پێیان دەڕوات، دەستن و من دەڵێم نەخێر، قاچن. من بەڵگەم ئەوەیە ئێمەی مرۆڤ بە قاچ دەڕۆین، بەڵام ئەم دەڵێت باڵندە مرۆڤ نییە و بە دەست دەڕوات."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٤) لێرەدا

ئەوەی تێبینــی دەکرێـت، ئەوەیە، ئەم دوو بۆچـوونە جیـاوازە لەبـارەی باڵنـدەوە لە ڕێـگەی خەیاڵدانی منداڵەوە دەربڕاون. ئەم دایەلۆگەیان لە سەرەتای بەشی حەوتەمدا، بە شێوەیەکی جیاوازتر دووبارە دەبێتەوە، کاتێک ساڵی (١٩٩٢)ـە و لە پارکێکی شاری ئەنکارە دانیشتوون. (شەکشەک) لەناکاو تەقلەیەک لێ دەدات و (جیهانگر) تەریق دەبێتەوە، چونکە خەڵکی سەیریان دەکەن. لێی دەپرسێت بۆ وا دەکەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت:

"ـ ئەگەر وا نەکەم، لە بیرم دەچێتەوە.

ـ ئینجا چییە، ئەگەر لە بیرت چووەوە؟ باشترا!

بە شێوەیەک لێم دەڕوانێت، وەک بڵێی قسەیەکی زۆر نابەجێم لە دەم دەرچووبێت:

ـ گرنگە من هەمیشە بزانم لانی کەم ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ ڕۆیشتن. ئەوانەی تەنیا لەسەر قاچ دەڕۆن، دەقەیەک ئاســـوودەیی نـــابینن، بگـــرە دیـــوە هەرە گەورەکەی ژیانیـــان لـــێ شـــاراوەیە."(کاکەســوور، ٢٠٢١: ٢٥٢) تەنـانەت (شەکشـەک) ئەو بـاوەڕەی لا دەچەســپێت، کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی مرۆڤ، قاچەکانیەتی: "ـ مادام مرۆڤ لەسەر قاچ دەڕوات، چاوەڕێی تاوانی گەورەی لێ دەکرێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٥٢)

(شەکشەک)

هـاوڕێی منـداڵیی (جیهانگر)ـە، یەکـێکە لە کـارەکتەرە سـەرەکییەکان و ڕۆڵـی لە گـۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا هەیە، تەنانەت نووسەر کۆی ڕۆمانەکەی لەسەر ڕابردووی ئەم دوو هاوڕێیە دامەزراندووە و لە زاری (جیهانگر)ـەوە سەرکێشییەکانی (شەکشـەک) دەگێڕێتەوە. ئەم کارەکتەرە لە یەک کاتدا ڕەهەندی فەلسەفی و خەسڵەتی کۆمێدیشی پێ بەخشراوە. لە ڕژدیترین دایەلۆگدا بۆ لای پێکەنین دەگەڕێتەوە. چەندین کەتن دەنێتەوە، بەبێ ئەوەی مەبەستی ئازاردانی کەسی هەبێت، پێستی ملی ئەم بە تێلی یاری دەدڕێنێت، سەری چەند کەسێک دەشکێنێت، قۆریی چـا بەسـەر کەسـێکدا دەکـات، شـانی ئەو بە چەقۆ برینـدار دەکـات، بەرد لە پێـی یەکێکی دیکە دەدات، شووشەی پرتەقاڵ لە قاچی خاڵۆژنی (جیهانگر)دا دەشکێنێت و جانتاکەیەکی گەورە بە پیرەژنێکدا دەکێشێت. لەبارەی نازناوی (شەکشەک)ـەوە (ژیڤان بەکر) لە گوتـاری (ڕۆمـانی "ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟")دا پێی وایە ئاوازی وشـەکە لەگەڵ ڕەفتارەکانیدا یەک دەگرێتەوە: "ڕیتمـی نـاوی (شەکشـەک) گومـان دەکەم لە چەمکـی "شکاندن"ـەوە خواسـترابێت، چـونکی ئەم کارەکتەرە سەرەکییە، دەیان ڕێچکە و بەربەست دەشکێنێت، گوێ بە دابونەریت نادات، پێبەندی هـیچ سیسـتمێک نابێت، ئەوەی خـۆی بیخـوازێ ئەو دەکـات!"(بەکر، ٢٠٢١) کەواتە ئەم کـارەکتەرە دژی ڕێکییە، بەردەوام بە ڕێگەی جیاواز ڕووبەڕووی دەبێتەوە و سنوورەکان دەبەزێنێت، هەر ئەمەیە وا لە (ئـاراس وەهـاب)ی نووسـەر دەکـات کـارەکتەری (شەکشـەک) وەک زاراوەیەکـی فەلسەفی ببینێت: "زۆر تێرمی فەلسەفی و سایکۆلۆجی لە تێکستی ئەدەبییەوە وەرگیراون. بۆ نموونە سادیزم، ماسۆکیزم و دۆنکیخۆت. دەکرێت لەمەودوا (شەکشـەک) بەوانە بگوترێت، کە

ئەگەرچی هیچ ئارەزوویەکی ئازاردانیان نییە، بەڵام بگەنە هەر کەسێک شوێنێکی دەشکێنن و خوێنیلێ دەهێنن.“(وەهاب، ٢٠٢١: ١٢)

لە کۆتاییی بەشی چوارەمدا، کاتێک ماڵی (پ....ن) بۆ کۆڵانی ماڵی (جیهانگر) دەگوێزنەوە، (شەکشەک) لە داگرتنی کەلوپەلدا یارمەتییان دەدات. کاتێک (پ....ن) ڕەخنەی لێ دەگرێت، ئەویش بە هێنانەوەی نموونەیەک ڕەهەندە فەلسەفییەکەی بە شێوەیەکی کۆمێدی دەردەبڕێت و بە (پ....ن) دەڵێت:

”_ خۆت بە بلیمەت دەزانیت؟ بلیمەتی و گەمژەیی خوشکی یەکترن. ئاینشتاین دوو پشیلەی دەبن، یەکێکی قەڵەو و یەکێکی لاواز. دوو کون لە دەرگەی دەرەوە دەکات، یەکێکی گەورە و یەکێکی بچووک. کونە گەورەکە بۆ پشیلە قەڵەوەکە و بچووکەکە بۆ پشیلە لاوازەکە. خۆ هەردووکیان دەتوانن بە کونە گەورەکەدا بچنە دەرێ و بێنەوە ژوورێ. کەواتە ئەو کونە بچووکە زیادەیە و گەمژەییە.

(ئاقا گاردنەر)، (پ....ن) و هەردوو کچەکە لە قاقای پێکەنین دەدەن. ئەویش بەردەوامە:

_ ئاینشتاین لە فیزیا بلیمەت بوو، بەڵام ئەو گەمژەییەیش دەنوێنێت.“(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٢٠-١٢١)

لە بەشی هەشتەمدا، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە بازگەی پشکنین چاوەڕێن، (شەکشەک) بەردێکی گەرم دەهێنێت، بەو مەبەستەی بیخاتە سەر ئەو شوێنەی، مێشوولە گەستوویەتی. (پاژان) پێی دەڵێت ئەو بەردەت بۆ چییە؟ (شەکشەک) وەڵامی دەداتەوە: ”_ دەزانن مێشوولە تەنیا بۆ مژینی خوێن نییە، لە مرۆڤ نزیک دەبێتەوە، بەڵکوو پێویستیشی بەوەیە هەستی پێ بکات؟ سەرجەم بوونەوەرەکان دەیانەوێت پێوەندییان بە ئێمەوە هەبێت.

(پ....ن) وەڵام دەداتەوە:

_ مەبەستتە بڵێیت مرۆڤ سێنتەری گەردوونە. ئەمە ڕەوایەتیدانە بە قڕکردنی سەرجەم گیاندارەکانی تر.

_ لەوەتەی دەستت داوەتە خوێندنەوەی ئەو فۆکۆ و مۆکۆیە، هێندەی ڕەخنە لە شتە بچووکەکان دەگریت، لە شتە گەورەکانی ناگریت.

ئینجا پێدەکەنێت و دەڵێت: _ بزانە باسەکە لە خورانی کۆمی منەوە بە کوێ گەیشت! سێنترالیزم و لۆکالیزم.“(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٤-٤٠٥)

بە هۆی (شەکشەک)ـەوە ئەو بەردە دوو ڕووداو دروست دەکات، جارێک دەیخاتە سەر شوێنی برینێکی و جارێک بە قاچی ئەمنێکیدا دەکێشێت. لێرەدا نووسەر ڕەهەندە فەلسەفییەکەی (بەرد)ی وەرگرتووە، کە لە لایەک ئاراستەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت و لە لایەکی ترەوە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت بە کاری بهێنێت و بیهاوێژێت. کاتێک (جیهانگر) ئاگاداری (شەکشەک) دەکاتەوە ئەو بەردە فڕێ بدات، نەوەک تووشی بەڵایەکیان بکات. (شەکشەک) بە ڕوانینێکی فەلسەفییەوە پێی دەڵێت:

"_ ئەم بەردە لەبەر ئەوە هەڵناگرم، کە پێوەندیی بە ڕابردوومەوە هەیە. لەبەر ئەوەیش نییە بەر قاچی ئەمنێک کەوتووە و ئازاری پێ گەیشتووە، کە نایشارمەوە، هیچ بە ئازاری ئەو دڵخۆش نیم، بەڵام گۆڕانێکی لە ژیانمدا دروست کردووە. ئەو شتانە کۆ دەکەمەوە، کە بۆ من نیشانەی گۆڕانکارین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٢٢)

لە بەشی هەشتەمدا، (جیهانگر) لەبارەی بابەتی هاتنیان بۆ بەغداد دەترسێت فێڵیان لێ کرابێت، لەو کاتەدا (شەکشەک) بیرۆکەیەکی فەلسەفی دەردەبڕێت، کە جووڵە لە ژیانی مرۆڤدا چەند جێگەی بایەخە و دژی نەجووڵان دەوەستێتەوە. واتە لای (شەکشەک) ئەوەی مرۆڤ بە زانین دەگەیەنێت، جووڵانە، نەوەک نەجووڵان، بۆیە دەڵێت:

"_ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دەرکەوت نازی بە فێڵ پاژانی هێناوە، یان پاژان بە فێڵ ئێمەی هێناوە، یاخود هەردووکیان بە فێڵ ئێمەیان هێناوە، هێشتا ئەوەی تۆ، دروستتر ئەو نەجووڵانە هەر بێبەهایە، چونکە لە ڕێگەی ئەو نەجووڵانەوەوە نییە زانیومانە فێڵمان لێ کراوە، بەڵکوو بە هۆی جووڵانەوەیە. هاتنەکەمانە ئەمەی پێ گوتووین، نەوەک نەهاتنەکەمان. پێم نەڵێی با بجووڵێین، بەڵام وریا بین! چونکە جووڵان و وریایی پێکەوەن و جودا ناکرێنەوە. وریایی کاتێ هەیە، کە جووڵاویت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٤١-٤٤٢)

بەکورتی کارەکتەری (شەکشەک) ڕەهەندێکی فەلسەفیی تایبەت بە خۆی هەیە و لەوانی تر ناچێت، چونکە بیرۆکەکانی تێکەڵ بە کۆمێدیا دەکات و دەریاندەبڕێت.

(گەربووشە)

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە. هەرچەندە ماڵیان لە گەڕەکێکی میللییە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بە خۆیانن و خوێنەر بە ئاسانی لە ماڵەکانی تریان جیا دەکاتەوە، ئەمە بە ڕوونی لە (گەربووشە)ی کوڕیاندا دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا هەر دەرکەوتنێکی (گەربووشە) واتە قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیری و دەربڕینی بۆچوونی فەلسەفی، چونکە هەم خۆی خوێنەرێکی باشی کتێبە، هەم خێزانەکەی لەو ڕووەوە یارمەتیدەرن. ئەگەر (جیهانگر) بۆچوونی خۆی لەبارەی چەمکی دەرگەوە دەربڕی، ئەوە هەر لەو کاتەدا بۆچوونێکی (گەربووشە)ی بیر دەکەوێتەوە، کە ڕوانینێکی پێچەوانەی بۆ دەرگە هەبووە: "هەتا گەیشتمە پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وام دەزانی پەنجەرە ژنی دەرگەیە و شەوان لە تاریکاییدا پێکەوە دەخەون. (گەربووشە) ڕێک پێچەوانەی منە. دەرگە لە شێوەی دایک و پەنجەرە لە شێوەی باوکدا دەبینێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٣٧)

لە بەشی پێنجەمدا، کاتێک (جیهانگر) لە بەردەرگەی خۆیان لەگەڵ (س..ی..ا...ر)دا دەوەستێت، کە بۆ مەبەستی نووسینی دارشتن بۆ لای هاتووە، هەست بە شەرم و ترسێکی زۆر دەکات، لەو کاتەدا بۆچوونێکی (گەربووشە)ی بیر دەکەوێتەوە، کە پێی گوتووە: "کاتێ لە ئاستی ژندا هەستم بە شەرم کرد، پەنا بۆ گاڵتە ببەم، چونکە بەم ڕێگەیە نەک هەر بەسەر شەرمەکەدا زاڵ دەبم، بەڵکوو دەتوانم ڕاشکاوانەیش بۆچوونەکانم بگەیەنم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٦٦)

هەر لەو بەشەدا، دایەلۆگی (جیهانگر) و (گەربووشە) دێتە ناوەوە، کاتێک باسی یەکەم ناسینیان دەکەن، بە ڕوونی هەست بە ڕەهەندە فەلسەفییەکەی (گەربووشە) دەکرێت، کە لەبارەی خەون و واقیعەوە دەدوێت. (گەربووشە) نموونەی یەکەم خۆهەڵدانی (جیهانگر) بە بیر دەهێنێتەوە و لەو بارەیەوە جیاوازیی نێوان خەون و واقیع دەکات. بە (جیهانگر) دەڵێت:

"_ چەند جار خۆتت هەڵدا؟

بە قووڵی بیر دەکەمەوە و هەوڵ دەدەم ئەو ڕۆژە وەک خۆی بهێنمەوە بەر چاو. پێی دەڵێم:

_ تەنیا یەک جارم لە بیرە.

_ خەونت دیوە.

کەمێک دەستکاریی قسەکەی دەکات:

_ وا هەست دەکەم خەونت دیوە. ئەوەیە جیاوازیی نێوان خەون و واقیع. لە خەوندا جارێک خۆت هەڵدەدەیت و بە ئاگا دێیتەوە، بەڵام لە واقیعدا کاتێ خۆت هەڵدەدەیت، بەشێکی ترسەکەت دەشکێت و هاوکات کەمێک، زۆر نا، چێژ دەبینیت، بۆیە دەتەوێت لە بینینی چێژەکەت بەردەوام ببیت. لە خەوندا چێژەکە هێندە گەورەیە، بە ئاگات دەهێنێت و ڕێگەت نادات بەردەوام ببیت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٤-٢٠٥)

له درێژەی دایەلۆگەکەیاندا، کاتێک (گەربووشە) دەیەوێ سەر هەڵبگرێت، (جیهانگر) لێی دەپرسێت ئایا پێوەندیی بە خۆکوشتنی (برای مارلین مۆنرۆ)وە هەیە؟ (گەربووشە) لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەیەکەوە لەبارەی باڵندەی کۆچەرییەوە، وەڵامی دەداتەوە. دەیەوێت پێی بڵێت ئەم هیچ شتێکی لە کەس ناچێت و بەردەوام خەسڵەتەکانی خۆی پاراستوون: "_ باڵندە کۆچەرییەکان لە شوێنی فێنکدا هێلکە دەکەن و بێچوو هەڵدەهێنن. کێ ئەو بێچووانەی فێر کردووە، هەر وەرز گۆڕا، ئێرە جێ بهێڵن و ڕوو لە شوێنێکی تر بنێن؟ من تا ڕادەیەک لەو باڵندە کۆچەرییانە دەچم. لە کەس فێر نەبووم سەر هەڵبگرم و چەندیش بۆ هۆکارەکەی بگەڕێم، نایدۆزمەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٧)

جارێکی تر (جیهانگر) لەبارەی پابەندبوونی خۆی بە کەسوکاریەوە، کە بەو کارەی ئاسوودە نییە، بۆچوونێکی (گەربووشە) بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لە دایەلۆگێکدا پێی گوتووە: "پابەندبوون و خۆشەویستی دوو شتی تەواو جیاوازن. دەشێ ئێمە لەبەر هەر هۆکارێک بە کەسێکەوە پابەند بین و نەمانەوێت لێی داببڕێین، بەڵام هەرگیز خۆشمان نەوێت، یان زۆر خۆشمان نەوێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٣)

لێرەدا هەست بەوە دەکرێت، کە هەموو ڕوانینە فەلسەفییەکانی (گەربووشە) لەنێو دایەلۆگ و لەسەر زمانی (جیهانگر)ی گێڕەرەوەوە دەربڕاون. (گەربووشە) خاوەنی جیهانبینییەکی تەواو جیاوازە لە هاوڕێکانی و کاتێک لەبارەی چەمکێکەوە دەدوێت، ڕەهەندێکی فەلسەفی بەو چەمکە دەبەخشێت. سەرچاوەی ئەم جیاوازییەیش وەک پێشتر گوتمان ئەو خەسڵەتانەن، کە خۆی و خێزانەکەی پێ دەناسرێنەوە.

(پاژان)

ئەم کـارەکتەرە ئەگەرچـی لە بەشـی کۆتـاییی ڕۆمـانەکەدا دەردەکەوێـت، بەڵام ڕوانیـنە فەلسـەفییەکانی لای خـوێنەر دەبـنە جـێگەی سـەرنج. ئەگەر لە تەوەری سـێیەمی ئەم بەشـەدا (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی) باسی (پاژان) کرا، کە ژنێکی کۆمۆنیستە، دژی دابونەریتی کۆمەڵایەتییە، لە بـواری هـونەردا کـار دەکـات و لە تەلەفیزیۆنیشـدا دەردەکەوێـت، ئەوە یارمەتیمـان دەدات لەبارەی ئەم ڕەهەندەوە بیرۆکە فەلسەفییەکانی دەستنیشان بکەین.

لە بەشی هەشتەمدا (جیهانگر، شەکشەک، پاژان و پ....ن) هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەت بەرەو بەغـداد گەشـت دەکەن. (جیهـانگر) دوای مـاوەیەکی زۆر دەیەوێـت جـارێکی تـر (ئـ..ل)ی خۆشەویسـتی ببینێـتەوە. (پـاژان) بەسـەرهاتەکەی دەزانێـت و پێـی دەڵێـت: "هەر پێوەنـدییەکی سۆزداری پچڕا، گرێ نادرێتەوە. پێی وایە مـن بەو مەبەسـتە نـاچم، زینـدووی بکەمەوە، بەڵکوو دەمەوێت لەو ڕێگەیەوە کۆتـاییی پێ بهێنم. واتە لە گەڕانەوەدا هەستێکی دیکەی تەواو جیـاواز لەمەی ئێستام دەبێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٨٩)

(پـاژان) بە دەربڕینێکـی فەلسـەفی دەیسـەلمێنێت، کە کۆمۆنیسـتە: "مـرۆڤ بەنرختـرین سەرمایەیە. مارکس لە خۆیەوە وای نەگوتووە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٥)

لە بەشی هەشتەمدا، لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا لەبارەی فیکرەوە دایەلۆگ لەگەڵ (پ....ن)دا دەکات، ڕەخـنە لە فیکـری دەروونشـیکاری فرانسـی (جـاک لاکـان ١٩٠١-١٩٨١) دەگرێـت و بە (پ....ن) دەڵێت: "_ تۆ ناتەوێت ددانی پێدا بنێیت، کە نەک هەر لاکان، بەڵکوو هەمـوو ئەوانەی ڕەخـنە لە ڕۆشـنگەری و مـۆدێرنیتی دەگـرن، هەم تـاریکبینن و هەم سەرلێشـێواو."(کاکەسـوور، ٢٠٢١: ٤٠٧) دوای دایەلۆگی توندی نێوانیان، (پاژان) ڕەخنە لە شێوازی گفتوگۆی (پ....ن) دەگرێت، کە خـۆی دەسـەپێنێت. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە، کە ئەم کـارەکتەرە بـڕوای بە کـرانەوە هەیە، نەک خۆسەپاندن: "ئینجا (پاژان) پشتی تێ دەکات و لە جامەکەوە دەڕوانێتە دەرێ:

_ دیسـان دەیڵـێمەوە، هـیچ خۆشـحاڵ نـیم لای یەکێـک دانیشـتووم، کە ئەلفـوبێی گفتوگـۆ نازانێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٧)

بەکورتی ڕەهەندی فەلسەفیی ئەم کارەکتەرە لە دایەلۆگی نێو ئۆتۆمۆبیل و بە تـایبەتی لەگەڵ (پ....ن)دا پێشـان دراوە، کە وەک کۆمۆنیسـتێک بەرگـری لە بۆچـوون و بیـرۆکە فەلسـەفییەکانی خۆی دەکات.

(پ....ن)

هـاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە، ئەگەرچی دەرکەوتنی زۆر نییە، بەڵام کەسێکی ئازادە و لەو بارەیەوە لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا بیرۆکە فەلسەفییەکانی خۆی دەربڕیون. کاتێک بە هۆی گەشـتەکەیان بـۆ بەغـداد، تـرس دایانـدەگرێت، (پ....ن) بۆچـوونی خـۆی لەبـارەی ئەو کـارە مەترسـیدارەوە دەردەبڕێت: "ـ پێویسـتە ناوەنـاوە خۆمـان لەم ڕێگەیە بـدەین، بەو مەبەسـتەی بزانین ئەم ژیانە خەونێکی ئارام نییە، چونکە هەر کاتێ وا بزانیت ژیانت بریتییە لە ئارامی، ئەوا لە دەستت داوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٢)

کاتێک (شەکشـەک) دەڵێت سـەرجەم بـوونەوەران دەیانەوێت پێوەندییان بە ئێمەوە هەبێت، (پ....ن) لە دژی بە سێنتەرکردنی مرۆڤ لە گەردووندا دەوەستێتەوە. ئەم تێگەیشتنە خەسڵەتی فەلسەفی بەم کارەکتەرە دەبەخشن، کە باوەڕی بە ئازادی و مافی یەکسان هەیە:
"ـ مەبەسـتتە بڵێیـت مـرۆڤ سـێنتەری گەردوونە. ئەمە ڕەوایەتیـدانە بە قڕکردنـی سـەرجەم گیاندارەکانی تر."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٥)

لە بەشی هەشتەمدا، کاتێک لەناو ئۆتۆمۆبیلدا (پاژان) بیری (جاک لاکان) کورت دەکاتەوە و دەیەوێ بەر ڕەخـنەی بـدات، (پ....ن) وەڵامـی دەداتەوە و پێـی وایە بە باشـی لە بیـری ئەو فەیلەسـووفە تێنەگەیشـتووە: "ـ تـۆ بیرۆکەکـانی لاکانـت هەم زۆر کـورت کـردەوە و هەم وات پیشـان دا بەو ڕاسـتەوخۆییە دەربڕیـون، لە کاتێکدا ئەو بـۆ گەیانـدنیان پەنـای بـۆ دایەگـرام و هاوکێشەی ماتماتیکی بردووە، چونکە هۆشیاری بە شێوەی ڕوون و ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵکوو لە بیـرۆکە، ئـارەزوو، وێنەی ئەندێشـەیی دروسـت بـووە و بە ڕەنگی جۆراوجۆر خـۆی دەنوێنێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٦)

لە درێـژەی دایەلـۆگەکەدا، بیرۆکەکـانی (لاکـان) ڕوونتـر دەکـاتەوە، کە دژی بیروبـاوەڕە کۆمۆنیستییەکەی (پاژان)ن: "ـ لاکان باوەڕی بەوە نییە مـرۆڤ هیـوا لەسـەر سـەرکردە و هێزە سیاسییەکان هەڵبچنێت. مـادام نە لە خـۆت دەگەیت و نە لەوەی تر، چۆن دەتوانیت دڵنیا ببیت ئەوانە ڕزگارت دەکەن؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٧)

ڕەهەندی فەلسەفیی ئەم کارەکتەرەیش هاوشێوەی (پاژان) هەر لە دایەلۆگی ڕێگەی گەشت بەرەو بەغداد پێشان دراوە.

(مامۆستا)

ئەگەرچی ئەم کارەکتەرە تەنیا یەک جار دەردەکەوێت و گێڕەرەوە ڕەهەندە فەلسەفییەکەی دەردەخات، بەڵام ئەم دەرکەوتنە قورساییی خۆی هەیە. (کاروان کاکەسوور) لە گفتوگۆیەکیدا، کە (محەمەد کەریم) لە ژمارە (٩٣٧-٩٣٨)ی پاشکۆی (ئەدەب و هونەر)دا لەگەڵیدا کردووە، دەڵێت: "هێزی کارەکتەر لە ژمارەی دەرکەوتنەکانیدا نییە، بەڵکوو هێزە سەرەکییەکەی لەوەدایە چ کاریگەرییەک لە ئاڕاستەی گێڕانەوەدا دەکات و تا چ ڕادەیەک گوتە و هەڵسوکەوتەکانی دەبنە جێگەی پرسیار. بە مانایەکی دی بوونی ئەو کارەکتەرە لەو تێکستەدا چ جیاوازییەک دەهێنێتە کایەوە."(کەریم، کاکەسوور، ٢٠١٦: ١)

(مامۆستا) جارێک لەگەڵ هاوسەریدا سەردانی کتێبخانەکەی (جیهانگر) دەکات، دایەلۆگی لەبارەی شۆڕشەوە لەگەڵدا دەکات و ئەو دیوە ناشیرینەی شۆڕش پێشان دەدات، کە شاردراوەتەوە، لەو ڕووەوە نموونە بۆ بۆچوونەکەی دەهێنێتەوە و پێی وایە "شۆڕش گەردەلوولە، نەوەک بورکان، چونکە گەردەلوول کاتێ هەڵدەکات، تەنیا ئەو شتانە بۆ ئاسمان دەبات، کە سووکن و لەسەر زەوین، بگرە بێکەڵکن، پێچەوانەی بورکان، کە ناخی زەوی دەهێنێتە دەرێ و قووڵاییی شتەکان پێشان دەدات. بەکورتی شۆڕش بریتییە لە پێشاندانی شتی بێکەڵک و شاردنەوەی ئەوانەی بەهایان هەیە. لە دوای شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا سیاسەتمەداری ڕووکەش و ڕۆشنبیری هەلپەرستی لە سیاسەتمەدار ڕووکەشتر دەردەکەون و دەبنە خەتیبی جەماوەر."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٣٧) لەم دەربڕینەدا خوێنەر لەبارەی شۆڕش و ڕاپەڕینەوە بەر ڕوانینێکی فەلسەفی دەکەوێت، کە لە بیری کارەکتەری (مامۆستا)دا بەرجەستەیە.

بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئەم ڕۆمانە زۆرن، وەک چۆن (کاروان کاکەسوور) ئاماژەی بەوە دا، کە فەزای ڕۆمانەکە فەزایەکی فەلسەفییە، بەڵام لەبەر سنووردارییی توێژینەوەکەمان، ناتوانین نموونەی زیاتر وەربگرین و ڕەهەندە فەلسەفییەکانی کارەکتەر پێشان بدەین.

## بەشی سێیەم
## جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)

### تەوەری یەکەم
### کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە

### تەوەری دووەم
### کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە

### تەوەری سێیەم
### کارەکتەر لە ڕووی شێوازی پێشکەشکردنەوە

## بەشی سێیەم

## جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)

وەک چۆن لە ژیاندا چەندین جۆری جیاوازی مرۆڤ بوونیان هەیە، ئاوایش ئەم فرەییە بۆ ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و چیرۆک و ڕۆمان بە تایبەتی دەگوێزرێتەوە. ڕەخنەگری ئینگلیزی (جێریمی هاوتۆن ١٩٤٢- لە ژیاندایە) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ تویژینەوە لە ڕۆمان)دا ئەم جیاوازییە بە ڕوونی پێشان دەدات و دەڵێت: "جۆرەها کارەکتەری ئەدەبیی جیاواز هەن، وەک چۆن جۆری جیاوازی خەڵکی لە ژیانی ئاساییدا بوونیان هەیە."(هوثورن، ١٩٩٦: ٧١) نووسەر نموونەی دوو کارەکتەر دەهێنێتەوە، کە یەکێکیان (مێرسۆ)ی ڕۆمانی (نامۆ)ی (ئەلبێرت کامۆ) و ئەوی تریان (بەڕێز گاپی)ی ڕۆمانی (ماڵی خەمناک)ی (چارلێس دیکێنز)ـە، پێی وایە ئەگەرچی ئەم دوو کارەکتەرە لە زۆر خەسڵەتدا لە یەک دەچن، هەردووکیان گەنجن و بە دەست کێشەی پێوەندیی نائاساییان لەگەڵ دایکیاندا دەناڵێنن، بەڵام لە هەندێ ڕووەوە خۆیان لە یەکتر جیا دەکەنەوە.

(جێریمی هاوتۆن) زیاتر پێ لەسەر ئەم تێگەیشتنەی دادەگرێت و تایبەتمەندێتیی کارەکتەر دەپارێزێت، تەنانەت دەگاتە ئەوەی بڵێت: "ئێمە ناتوانین (بەڕێز گاپی) بۆ ڕۆمانی (نامۆ) بگوێزینەوە، چونکە ناتوانێت بەو جۆرە بژی، وەک ئەوەی لە ڕۆمانی (ماڵی خەمناک)دا ناسیومانە." (هوثورن، ١٩٩٦: ٧١) ئەوەی ئەم جیاوازییەی لەنێو ڕۆماندا بەرهەم هێناوە، خەسڵەت، ڕەهەند و جۆرەکانی کارەکتەرە لە ڕووی پێکهاتە، ئەرک و شێوازی پێشکەشکردنەوە، کە هەر کارەکتەرێک شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و ڕوانینەکانی لەنێو ڕووبەری تێکستدا وای لێ دەکەن وێنەی تایبەتی خۆی هەبێت و لەوانی تر نەچێت. لە تەوەری یەکەمی ئەم بەشەدا باس لە کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە دەکەین.

## تەوەری یەکەم

## کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە

ئەگەر لە ژیاندا بەر دوو جۆر لە مرۆڤ دەکەوین، کە یەکێکیان چالاکە، ڕووداوەکان کاری تێ دەکەن و ئەویش کاریگەرییان لەسەر جێ دەهێڵێت. ئەوی تریان ئەو مرۆڤەیە، کە هیچ شتێک کاری تێ ناکات و لە دروستبوونی هیچ ڕووداوێکدا بەشدار نییە، ئەوە ئەم وێنەیە بۆ نێو ئەدەبی گێڕانەوە دەپەڕێتەوە. لەم بارەیەوە (ئی ئێم فۆرستەر) بە یەکەم ڕەخنەگر دادەنرێت، کە لە کتێبی (پایەکانی ڕۆمان: ١٩٢٧)دا کارەکتەری لە ڕووی پێکهاتەوە بۆ دوو جۆر دابەش کردوون و ناوی کارەکتەری (سادە- Flat و بازنەیی- Round)ی بۆ هەڵبژاردوون. مەبەست لە جۆری یەکەم: "ئەو کارەکتەرانەن، کە بە گشتی لە دەوری یەک بیرۆکە، یان خەسڵەتدا دەسووڕێنەوە."(فورستر، ٢٠٢٠: ٧٤) هەروەها ئەم جۆرە کارەکتەرە بەوە پێناسە دەکات، کە خوێنەر بە ئاسانی دەیناسێتەوە و لە یادەوەرییشیدا دەمێنێتەوە. (فۆرستەر) لەبارەی (کارەکتەری بازنەیی)یەوە دەڵێت: "ئەو کارەکتەرەیە، کە بە شێوەیەکی بڕواپێهێنەر سەرسامان دەکات. ئەگەر سەرسامی نەکردین، کارەکتەرێکی سادەیە، خۆ ئەگەر بڕواپێهێنەر نەبوو، ئەوە هەر سادەیە و دەیەوێت بە بازنەیی خۆیمان پێشان بدات. ئەم کارەکتەرانە ژیانێکی فرەڕەهەندیان لەنێو ڕۆماندا هەیە."(فورستر، ٢٠٢٠: ٨٤-٨٥)

لەنێو توێژینەوە ئەکادیمییە کوردییەکاندا توێژەران بۆ ئەم دوو جۆرەی کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە، چەندین زاراوەی وەک کارەکتەری (پەرەسێن و پەرەنەسێن، گەشەکردوو و گەشەنەکردوو، گۆڕاو و نەگۆڕ، بازنەیی و سادە، جووڵاو و جێگیر)یان بۆ بە کار هێناوە، ئەگەر ئەم جۆرانە لە ڕووی زاراوەوە جیاوازن، ئەوە لە ناوەرۆکدا یەک مانا دەگەیەنن، بەڵام زۆرتر زاراوەکانی (پەرەسێن و پەرەنەسێن) بە کار دێن، کە کارەکتەر لە ڕووی خەسڵەتەوە پێشان دەدەن، نەک ئاماژە بن بۆ خودی کارەکتەرەکە، بۆیە بە لای ئێمەوە زاراوەکانی کارەکتەری (کراوە و داخراو) دەتوانن مانای تەواو بە دەستەوە بدەن، کە جۆری یەکەم خەسڵەتی کرانەوەی بە ڕووی خۆی و دەرەوەیشیدا تێدایە و لەگەڵ هەموو پێشهاتە نوێیەکاندا خۆی دەگونجێنێت. کارەکتەری داخراو بە ڕووی خۆی و دەرەوەیدا داخراوە و یەک ئاستی بیرکردنەوە و ڕوانینی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر لە مەبەستی زاراوەکانی (کراوە و داخراو) بگات، ئەوە لەگەڵیاندا هەردوو زاراوەی (پەرەسێن و پەرەنەسێن) دەنووسینەوە. دەبێت ئەوەیش بڵێین، کە مەرج نییە ئەگەر کارەکتەرێک لە ڕۆماندا زۆرترین دەرکەوتنی هەبێت، ئەوە کراوەیە و یەکێکی تر لەبەر ئەوەی ڕێژەی دەرکەوتنەکانی کەمترن، داخراوە، بەڵکو ئەوەی لەو بارەیەوە بڕیار دەدات، ئاڕاستەی بیرکردنەوە و ڕوانینیانە لە بەرانبەر پێشهات و ڕووداوە جیاوازەکاندا.

**کارەکتەری کراوە (پەرەسێن)**

ئەو کارەکتەرەیە، کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکاندا گەشە دەکات و توانای هەیە لە پێشهات و هەلومەرجە نوێیەکاندا خۆی بگونجێت. لەنێو ڕۆماندا دەستنیشانکردنی خەسڵەتی ئەم جۆرە کارەکتەرە ئاسان نییە، چونکە لە سەرەتاوە تاوەکوو کۆتایی وەک خۆی نامێنێتەوە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، لەبەر ئەوەی کارەکتەرێکی فرەڕەهەندە، قووڵاییی هەیە و هەڵگری زیاد لە بیرۆکەیەکە. واتە گۆڕانی بەردەوام ئەو خەسڵەتەیە، کە کارەکتەری کراوەی پێ دەناسرێتەوە، چونکە بەر ئەزموونی جیاواز دەکەوێت و لە هەر قۆناغێکدا هەڵگری بیرکردنەوەیەکی تایبەت دەبێت. ئەمە بەو مانایە نایەت، کە خاوەنی کەسێتییەکی جێگیر نییە، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا خۆی دەگونجێنێت، بۆیە ناتوانرێت لە یەک ئاستدا ببینرێت و لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکی نوێدا، لایەنێکی شاراوەی ژیانی بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە.

ئەم جۆرە کارەکتەرە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ چەمکی ڕووداودا دادەمەزرێنێت، چونکە "لە ئەنجامی ململانێی لەگەڵ ڕووداوەکاندا، وردەوردە پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات. لەگەڵ پێشکەوتنی چیرۆکدا زیاتر بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە."(هلال، ٢٠٠٥: ٥٣٠) بە مانایەکی تر، ڕووداوەکان کار لە کارەکتەری کراوە دەکەن و "بەهۆی ئەو کارتێکردنەوە لە ڕووی هزری و دەروونییەوە بەرەو پێش دەچێت و گەشەدەکات."(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٠: ١٠) خوێنەر بە پەرۆشەوە بە دوای چارەنووسی ئەم جۆرە کارەکتەرەوە دەبێت، تا بزانێت ئەنجامی سەرکێشییەکانی بە کوێ دەگەیەنن، چونکە یەکێک لە خەسڵەتەکانی کارەکتەری کراوە، ئەوەیە، کە "نابێ هەموو کاتێ پابەندی ڕێساکانی نەریت بن."(سابیر، ٢٠٠١: ١٧٥)

کارەکتەری کراوە لە هەلومەرجە نوێیەکان دەگات و لەگەڵیاندا خۆی دەگونجێنێت. ڕۆماننووسی سعوودی (عەبدولڕەحمان مونیف ١٩٣٣-٢٠٠٤) لە کتێبی (تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان)دا لەبارەی کارەکتەرەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و باس لە نیشانەکانی کارەکتەری کراوە دەکات: "کەسێتی ناو ڕۆمان دەستکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکو بەدوادا هاتن و کەڵەکە بوونەو لە حاڵەتی خەڵقبوونێکی بەردەوامدایە، لە هەموو چرکەیەکدا دروست دەبێت و کامڵ دەبێت، دوا ئەدگاری خۆی وەرناگرێت ئەو کاتە نەبێت کە تەواو دەبێت."(مونیف، ٢٠٠٦: ٥٢)

بەکورتی کارەکتەری کراوە کەسێکی فرەڕەهەندە و بە ئاسانی خۆی بە دەست تێگەیشتنەوە نادات، بۆیە لەگەڵ هەر ڕووداو و پێشهاتێکدا بەشێکی جیاوازی خۆی پیشان دەدات و تاوەکوو تەواوبوونی تێکستەکە، ناتوانرێت وێنەی تەواوی کەسێتییەکەی بکێشرێت.

**کارەکتەری داخراو (پەرەنەسێن)**

ئەم جۆرە کارەکتەرە بەوە دەناسرێتەوە، کە تاکڕەهەندە و قووڵاییی نییە. گۆڕان لە هەڵوێستەکانیدا ڕوو نادات. بە دەربڕینێکی تر، بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، چونکە خاوەنی یەک ئاڕاستەی بیرکردنەوەیە. کاتێک دەگوترێت خاوەنی یەک ئاڕاستەی بیرکردنەوەیە، ئەوە مەبەست لەوە نییە خۆی ئەو ئاڕاستەیەی داهێنابێت، بەڵکو لە دەوروبەریەوە وەریگرتووە و پارێزگاریی لێ دەکات. نووسەر بە گشتی کارەکتەری داخراو زیاتر لەوەی دروستی بکات، لە دەوروبەری خوێنەر وەریدەگرێت، هەر بۆیە خوێنەر بە ئاسانی دەیناسێتەوە. لەو بارەیەوە نووسەر و ڕەخنەگر (عەلی عوسمان یاقووب) دەڵێت: "کارەکتەر هەن گەشە ناکەن، وەک چۆن دەست پێ دەکەن، ئاوایش کۆتاییان پێ دێت."(یاقووب، ٢٠٢١: ٤٧) واتە کارەکتەری داخراو لە ڕووبەری تێکستدا زۆر سادەیە و لە یەکەم ساتی دەرکەوتنیەوە کەسێتییەکەی ئاشکرا دەبێت.

کارەکتەری داخراو لە بنیاتنانی ژانری ڕۆماندا پێویستییەکی گرنگە و ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی بیرێک، یان دەربڕینی ئایدیۆلۆجیایەک پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە کارەکتەرە. ئەمە جگە لەوەی گەشەکردنی کارەکتەرە کراوەکانی نێو ڕۆمان پێشان نادرێن، تەنیا لە ڕێگەی کارەکتەرە داخراوەکانەوە نەبێت. بە دەربڕینێکی تر، بەهای ئەم کارەکتەرە لە هیی کارەکتەری کراوە کەمتر نییە و ڕەهەندێکی ئێستاتیکی بە تێکست دەبەخشێت.

**کارەکتەری کراوە لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

لەم ڕۆمانەدا خوێنەر بەر ئەزموونی چەندین کارەکتەری کراوە دەکەوێت، کە نایانەوێت سیستەم دەستەڵاتی خۆی بە سەریاندا بسەپێنێت، بەڵکو بەردەوام هەوڵی تێکشکاندنی دەدەن. لێرەدا نموونەی چەند کارەکتەرێکی کراوە وەردەگرین:

(جیهانگر) وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، لە یەک کاتدا، هەم گێڕەرەوەی هەمووشتزان و هەم کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە. لە وێستەگەکانی ژیانیدا چەندین بەربەست و ڕێگری دێنە بەردەم، کە بە شێوەی خۆی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و هەڵوێست لە بەرانبەر پێشهات و ڕووداوەکاندا وەردەگرێت. (جیهانگر) بە هەموو مانایەک کارەکتەرێکی کراوەیە و لە یەک ئاستدا نابینرێت، خوێنەر لە هەر قۆناغ و لە هەر بەشێکدا لایەنێکی ژیانی ئەو کارەکتەرەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، چونکە سەرکێشە، تەنانەت لە منداڵییدا دوو جار ون دەبێت، هەردوو جارەکەیش ویستوویەتی بە دوای شێوازی ژیانی خێزانەکان و نهێنییەکانیاندا بگەڕێت و بزانێت چەند جۆری جیاوازی خێزان هەن.

ئەم کارەکتەرە ڕەهەندێکی جیهانی وەردەگرێت و ناوەکەیشی (جیهانگر) ئەو مانایە زیاتر ڕوون دەکاتەوە، سەرەتا لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆ (بەغداد) گەشت دەکات، دواتر لە (تورکیا) دەمێنێتەوە، لە کۆتاییدا لە ئەوروپا و بە دیاریکراوی لە وڵاتی (دانمارک)دا دەگیرسێتەوە.

(جیهانگر) سەرەتا لەناو خێزان وەک دامودەزگەیەکی کۆمەڵایەتی لە دژی بۆچوونەکانی دایک و باوکی دەوەستێتەوە، تەنانەت بە هۆی ئەمەوە، باوکی بەردەوام لەنێو دۆخێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی، لە دایەلۆگێکی نێوانیاندا ئەم ترسەی بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کاتێک پێی دەڵێت: "_ نابێت ببینم یەک ڕۆژ بۆ ئەم ماڵە بگەڕێیتەوە و بەڵایەکت لەگەڵ خۆت نەهێنابێتەوە؟ تۆ ئێمە بە چی تێ دەگەیت؟ بۆ بەزەییت پێماندا نایەتەوە؟ نیازت وایە چیمان لێ بکەیت و چۆنمان بکوژیت؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٧٠)

لە سەرەتای بەشی چوارەمدا، کاتێک (جیهانگر) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا کارتی کۆتایی ساڵ وەردەگرێت و لە هەشت وانەدا کەوتووە، کە باوکی ناوی لێ ناون (جرج)، ترسی ئەوە دایدەگرێت لە ماڵەوە دۆخەکە دەشێوێت و لەو ڕووەوە دایک و باوکی هەست بە شەرمەزاری دەکەن، بەڵام دژی ئەم ترسەی دەجەنگێت و پێی وایە ئەگەر ئەم دەرنەچوونە لای باوکی ڕیسواییەکی گەورە بێت، ئەوە لای ئەم ڕێگەیەکە بە ناوەوەی خۆی دەگەیەنێت: "کارتێکم پێیە و هەشت جرجی بەسەرەوەن. بەهەرحاڵ چێژێکی سەیر لەو شکستەم دەبینم، لانی کەم لەبەر ئەوەی لە ناوەوە دەڕوانمە دەرەوەم. بە مانایەکی تر، هەموو جووڵە و هەڵسوکەوتێکی خۆم دەبینم. یەکەمجارە بزانم من بەم شێوەیە هەنگاو دەنێم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٦٧)

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کارەکتەری کراوە، ئەوەیە، لەگەڵ بارودۆخ و پێشهاتی نوێدا خۆی بگونجێنێت، ئەمە لە (جیهانگر)دا بە ڕوونی دەبینرێت. کاتێک لە سەرەتای بەشی حەوتەم، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە وڵاتی تورکیان، لەناکاو (شەکشەک) دەبینێتەوە. (شەکشەک) پێشنیازی ئەوە دەکات پێکەوە سواری بەلەم ببن: "ئێستا سێ کەسین و بۆ خۆمان هەر شوێنێکمان بوێت، ڕووی تێ دەکەین. چیمان پێ خۆش بێت، هەڵیدەبژێرین و گوێ بە کەس نادەین. سواربوونی بەلەم؟ بۆ نا؟ ئێمە، کە لەو شارە وشکانەوە هاتووین، چی لەوە خۆشترە لێرە لەسەر پشتی بەلەمێک دابنیشین و سەوڵ لێ بدەین؟ هەر لە کتێبدا خوێندوومانەتەوە و لە فیلمدا دیومانە. نابێت لە واقیعیشدا بە ڕاستی تاقیی بکەینەوە؟ بۆ نابێت؟ دەی، وا هەلەکە ڕەخساوە و با لە دەستی نەدەین. ئەمە پێشنیازی ئەو هاوڕێیەی منداڵیمە، بەڵام ئێمەیش هەر خێرا پەسەندی دەکەین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٤٩)

(جیهانگر) لە گۆڕان بەردەوامە و خوێنەر لە کۆتایی بەشی حەوتەمدا، بەر وێنەیەکی تەواو جیاوازی دەکەوێت، کە لە قۆناغەکانی پێشووتری ژیانیدا نەیبینیوە، دەبێتە ئەندامی چالاکی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ساڵانی هەشتا، کە لە شارەوە ڕاپۆرتی نهێنیی دەنووسێت و بۆ

شاخی دەنێرێت: "پێویستە ڕاپۆرتی مانگانەیش بنووسم و سبەی بیدەمە بەرپرسەکەم. واتە چالاکییەکانی ئەم مانگە تۆمار بکەم و ئەو هەواڵانەیش بگەیەنم، کە لەبارەی بارودۆخی شارەوە دەستم کەوتوون؟ سەرنج و پێشنیازەکانیشم پێویستە بخەمە ڕوو."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٧٠)

(شەکشەک) کارەکتەرێکی کراوەیە، هەڵگری هەمان خەسڵەتی یاخیبوونی (جیهانگر) و بگرە زیاتریشە. ئەم کارەکتەرە لە هەر دەرکەوتنێکدا گۆڕان لە ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا دروست دەکات. سەرکێشییەکانی (شەکشەک) زۆرن و لە هیچ قۆناغ و شوێنێکدا ناوەستن. وەک (جیهانگر) ڕەهەندێکی جیهانیی هەیە و سەفەری (بەغداد)، (تورکیا) و (سوێد)یش دەکات.

یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم کارەکتەرە، ئەوەیە، دژی سیستەم دەجەنگێت و دەیەوێت تێکی بشکێنێت، کە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی کارەکتەری کراوە. کاتێک لەگەڵ (جیهانگر)دا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایین و لە پێشانگەی هونەریی قوتابخانەکاندا بەشداری دەکەن، (شەکشەک) ئەو هەنارەی، کە (جیهانگر) لە قوڕ دروستی کردووە، دەکێشێت بە قاچی خوێندکارێکدا. هەردووکیان سزا دەدرێن و لە پێشانگەکە دەردەکرێن. (شەکشەک) پێشنیازی چوونەبازاڕ بۆ (جیهانگر) دەکات و دەیەوێت ئەو نەریتە بە لاوە بنێت، کە دەبێت منداڵ تەنیا لەگەڵ گەورەکاندا بچنە بازاڕ، بۆیە بە هاوڕێکەی دەڵێت:

"_ لەگەڵ گەورەکان بچیتە بازاڕ، هیچ تامی نییە، بەڵام کاتێ خۆت بە ناو کۆڵانەکانی قەیسەریدا دەڕۆیت، یان بە دەوری قەڵاتدا دەسووڕێیتەوە، شتێکی تەواو جیاوازە. با ئەمڕۆ تاقیی بکەینەوە!

ڕاست دەکات و من سەرمی بۆ دەلەقێنمەوە، ئەگەرچی زۆر دەترسم. ئەم لە قسەکانی بەردەوامە:

_ کاتێ دایکت دەستێکی توند گرتوویت، نەوەک ون ببیت، لەگەڵ ئەو زەنبیلە پلاستیکە جیاوازیت چییە، کە بە دەستەکەی تری هەڵیگرتووە؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢)

وەک پێشتر گوتمان (شەکشەک) لە تورکیا کاتێک (جیهانگر) و هاوڕێکەی دەبینێتەوە، خێرا پێشنیازی تاقیکردنەوەی ئەزموونی نوێیان بۆ دەکات، کە پێکەوە سواری بەلەم ببن. (جیهانگر) دەڵێت: "بۆ نا؟ ئێمە، کە لەو شارە وشکانەوە هاتووین، چی لەوە خۆشترە لێرە لەسەر پشتی بەلەمێک دابنیشین و سەوڵ لێ بدەین؟ هەر لە کتێبدا خوێندوومانەتەوە و لە فیلمدا دیومانە. نابێت لە واقیعیشدا بە ڕاستی تاقیی بکەینەوە؟ بۆ نابێت؟ دەی، وا هەلەکە ڕەخساوە و با لە دەستی نەدەین. ئەمە پێشنیازی ئەو هاوڕێیەی منداڵیمە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٤٩)

(پاژان) یەکێکە لە کارەکتەرە کراوەکان و هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا، سیمای کرانەوەی تێدا دەبینرێت. کاتێک لە سەرەتای بەشی هەشتەمدا لەگەڵ (جیهانگر، شەکشەک و پ....ن)دا بەرەو بەغداد گەشت دەکەن، گێڕەرەوە لە ڕێگەی وەسفی فیزیکییەوە باس لە کراوەیی ئەو ژنە

دەکات، کە چۆن ڕووبەڕووی کەلتوور و دابونەریت دەبێتەوە و بە ئازادی ژیان دەکات. کاتێک سەفەری بەغداد دەکەن، (جیهانگر) لەبارەیەوە دەڵێت:

"کەسێکی تا ڕادەیەک ناسراوە. بەوەدا لە بواری هونەردا کاری کردووە، لە تەلەڤیزیۆنیشدا بینراوە. من وام پێ چاکە جلوبەرگی ژنە تەقلیدییەکان بپۆشێت و عەبایەک بە خۆی دابدات، کە بەم شێوەیە ڕەنگە هەر داوای ناسنامەی لێ نەکەن، بەڵام پێی وایە ئەمە دژی باوەڕەکەیەتی، دروستتر نایەوێت جەستەی لەسەر خواستی دابونەریت، یان بە فەرمانی کەس داپۆشێت، بۆیە پێشنیازەکەم ڕەت دەکاتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٨٧-٣٨٨)

(لەقلەق) یەکێکە لە کارەکتەرە کراوەکانی ڕۆمانەکە. کاتێک لە بەشی شەشەمدا دێتە کتێبخانەکەی (جیهانگر)ی هاوڕێی، پێکەوە باسی یادەوەرییەکانی منداڵییان دەکەن و لە گێڕانەوەدا خەسڵەتی کرانەوە لە کارەکتەری (لەقلەق)دا دەردەکەوێت، کە گۆڕانی لە سیستەمی خێزانەکاندا دروست کردووە، بەوەی ئاڵوگۆڕ بە جلوبەرگی شۆراوی سەر تەنافی سەربانەکان دەکات و بەم کارەی ئاژاوە دەخاتە نێو خێزانەکانەوە. (جیهانگر) بەم جۆرە باسی منداڵیی (لەقلەق) دەکات: "لە بەرزاییی وادا ئەو کچەم دیوە، کە هەر نەموێراوە لێی بڕوانم، بۆیە چاوی خۆمم گرتووە، یان ڕووم لێ وەرگێڕاوە. ڕەنگە شتێکی تریش وای لە دایەگەورەم کردبێت بە (لەقلەق) بانگی بکات، ئەویش ئەوەیە، کاتێ دەبینێت خەڵکی گەڕەک جلوبەرگیان شووشتوون و لەسەر تەنافی سەربانیان هەڵخستوون، دەچێت کراسی ژنێک لێرە هەڵدەگرێت و لەوێ، واتە لە سەربانێکی تر لە تەنیشت جلوبەرگی پیاوێکدا هەڵیدەخات، بگرە لە یەکتریان گرێ دەدات. لە سەربانێکی دیکەدا شەرواڵی، یان پانتۆڵی کوڕێک دەبات و دوای بڕینی شەش حەوت سەربان لەسەر تەنافی ماڵێکی تر، لە تەنیشت هیی کچێکدا هەڵیدەخات. دەگاتە ئەوەی جلی ژێرەوەی ژنێکی ئەمسەری کۆڵان لەگەڵ هیی پیاوێکی ئەوسەری کۆڵاندا بە یەک بگەیەنێت، بە ڕادەیەک دەڵێی پێکەوە شۆراون و یەک دەستیش هەڵیخستوون."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢١-٢٢٢) لێرەدا نووسەر بنیاتی ئەم کارەکتەرەی لە ڕێگەی خەسڵەتی باڵندەی (لەقلەق)ەوە ناوە، کاتێک بێچووی هەیە، جلوبەرگی مرۆڤ دەفڕێنێت.

(لاکێ) لە سەرەتای بەشی شەشەمدا دەردەکەوێت و یەکێکە لە کارەکتەرە کراوەکان، کە لە دژی یاساکانی قوتابخانە دەوەستێتەوە. هاوپۆلی (جیهانگر)ـە، کاتێک مامۆستای کۆمەڵایەتی چیرۆکی (بەفری سپی)ی (برایانی گریم) بۆ خوێندکاران دەگێڕێتەوە، (لاکێ) دژی ویستی مامۆستا ڕەفتار دەنوێنێت. (جیهانگر) دەڵێت: "مامۆستا سەرەتا ناوی نووسەرەکەی دەڵێت. ئینجا بۆ ئەوەی ئێمەیش بیزانین، دەپرسێت:

ـ ناوی چییە؟

زۆربەمان بە یەک دەنگ دەڵێین:

ــ برایانی گریم، مامۆستا.
بەڵام قوتابییەک هەیە لە هەموومان گەورەترە و سێیەم ساڵیەتی لەم پۆلەدا، بڕیاری داوە هەمیشە لە دژی مامۆستاکان بوەستێتەوە، واتە پێچەوانەی ئەوان بڵێت، بۆیە دەنگی هەڵدەبڕێت:
ــ برایانی زیزی.
سەرجەممان لە قاقای پێکەنین دەدەین. مامۆستا ئاخێک هەڵدەکێشێت و هیچیش ناڵێت، چونکە ڕاستییەکەی دەستی لێ شووشتووە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢٤) تەنانەت لە زاری (جیهانگر)ــەوە وێنەی ئەم یاخیبوونەی لە قوتابخانە و مامۆستاکانی بۆ خوێنەر ڕوونتر دەبێتەوە: "ناوەناوە ئەوە وە بیر مامۆستاکان دەهێنێتەوە، کە یەک وشەیان لێ فێر نەبووە. ئەگەر دەزانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت، ئەوە لە گۆڕستان، دروستتر لە نووسینی سەر کێلی گۆڕەکان فێر بووە. بەوەدا ماڵیان لەو گۆڕستانە نزیکە، ئەوا بەشێکی کاتەکەی لەوێدا بە سەر دەبات و لێی بووەتە مەراق بزانێت هەر یەکەی بە چی، چۆن و کەی مردووە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢٦) واتە قوتابخانە لای (لاکێ) شوێنی دەرکەوتنی کارەکتەری داخراوە، بۆ نموونە مامۆستا وەک کارەکتەرێکی داخراو دەردەکەوێت و پابەندی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنە. هەروەها قوتابی لەو ناوەندەدا کەسێکی گوێڕایەڵە، بۆیە (لاکێ) و (جیهانگر)یش دژی قوتابخانەن و بە شێوەی خۆیان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

(ئۆتۆنۆمی) هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ــە و کارەکتەرێکی کراوەیە، ئەم کرانەوەیەی لە پێوەندیی بە زمانەوە دەردەکەوێت. (جیهانگر) لە سەرەتادا ئاوا بە خوێنەری دەناسێنێت: "لە قوتابخانەیەکی عەرەبیدا دەوام دەکات، چونکە لە حەفتاوپێنجەوە هەر بەو زمانەی خوێندووە، تەنانەت ناتوانێت بە کوردییەکی دروستیش بدوێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٦٩) ئەمە کاتێک بە تەواوی دەردەکەوێت، کە دەفتەری (س..ی..ا...ر) بۆ (جیهانگر) دەهێنێت و داوای لێ دەکات داڕشتنێکی جوانی لەبارەی خۆشەویستییەوە بۆ بنووسێت. لەو ڕووەوە دایەلۆگێک لەنێوانیاندا دروست دەبێت و (ئۆتۆنۆمی) بە (جیهانگر) دەڵێت:
"ــ دەزانم بە لات سەیر لەم بەردەرگەیەی خۆتان دەبینیت من.
هیچ ناڵێم، بەڵام سەر با دەدەم و بزەیەک دەخەمە سەر لێوم، گوایە وا نییە و خۆشحاڵم، لە کاتێکدا خەیاڵم هەر لای دەفتەرەکەیە و دەمەوێت بزانم چۆن گەیشتووەتە لای.
ئینجا دەڵێت: ئەوەیش دەزانم من کەمتەرخەم لە ئاستی هاوڕێکانی منداڵیمدا، زۆر کەمتەرخەم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧٠)

(ئۆتۆنۆمی) دوای هەوڵی بەردەوام بۆ قسەکردن بە کوردییەکی دروست، گۆڕان لە ئاستی زمانیدا دروست دەبێت. کاتێک لەگەڵ (جیهانگر)دا لەبارەی خۆشەویستییەوە دایەلۆگ دەکەن، خوێنەر هەست بەو گۆڕانە خێرایەی (ئۆتۆنۆمی) دەکات. (جیهانگر) پێی دەڵێت:

"ـ لێت تێدەگەم، ئۆتۆ گیان. مرۆڤ تا ژەهری خۆشەویستی نەچێژێت، نازانێت ئەو دەعبایە چییە.

قاقایەک لێ دەدات و دەڵێت:

ـ ئەو ژەهرە لەسەر زمانم بوو، بەڵام تۆ پێشم کەوتیت. دەمویست ئەوە بڵێم، کە تۆ گوتت. نا، نا، لەسەر زمانم نەبوو، بەڵکوو لەناو دڵم بوو."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧٥)

بەکورتی لەنێو ڕۆمانەکەدا ژمارەی کارەکتەرە کراوەکان زۆرن، کە لە ڕووی کرانەوەوە لە یەکتر جیاوازن و هەریەکەیان بە شێوازی خۆی ئەو کرانەوەیە پێشان دەدات.

## کارەکتەری داخراو لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)

لەم ڕۆمانەدا ژمارەی کارەکتەرە داخراوەکان کەمن، ئەوانیش بۆ دەرخستنی بیرۆکەیەک، یان ئایدیۆلۆجیایەک بنیات نراون و بەرگری لەو تاکە بیرۆکە، یان ئایدۆلۆجیایە دەکەن، وەک پێشتر گوتمان ئەو بیرۆکەیەیان لە دەرەوە وەرگرتووە. ئەگەر گۆڕان خەسڵەتی کارەکتەری کراوە بێت، ئەوە کارەکتەری داخراو بەوە دەناسرێتەوە، کە نەگۆڕە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە جێگیری دەمێنێتەوە. کارەکتەری داخراو چونکە نموونەی لە ژیانی واقیعیدا زۆرە، ئەوە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی لەنێو تێکستدا بیناسێتەوە. لێرەدا نموونە بۆ چەند کارەکتەرێک دەهێنینەوە:

(باوکی جیهانگر) بە هەموو مانایەک کارەکتەرێکی داخراوە، پەرە ناسێنێت و گۆڕان لە بۆچوونەکانیدا ڕوو نادات. بەردەوام بە هۆی سەرکێشییەکانی (جیهانگر)ـەوە لەناو ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی، چونکە دەترسێت بەو هۆیەوە خۆی و خێزانەکەیش لەناو بچن.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەماشاکردنی قوتابخانە وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتیی گرنگ و بینینی وەک شوێنێکی پیرۆز ڕەگێکی مێژوویی هەیە. کارەکتەری (باوکی جیهانگر) ئەم تێگەیشتنە وەردەگرێت و بەوپەڕی تواناوە بەرگری لێ دەکات. کاتێک (جیهانگر) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە و لە وانەی مێژوو شەڕەکانی (جەمەل، سەفین و نەهرەوان) دەخوێنن، ناچێتە ئەقڵییەوە موسڵمانان لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیدا دەستیان چووبێتە خوێنی یەکتر. لە ماڵەوە ئەم چیرۆکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، ئەویش پێی دەڵێت: "ـ بیانوو نەگریت! هەر شتێک لە کتێبدا بنووسرێت، مەرج نییە ڕاست بێت، بەڵام کاتێ ئەو کتێبە بگاتە قوتابخانە و مامۆستا بیڵێتەوە، ئەوە ڕاستە و پێویستە لە بەری بکەیت. ئەگەر سبەی کتێبەکەیان لا برد و دانەیەکی تریان هێنا، کە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز باسی هەمان بابەت بکات، ئەویش ڕاستە. بەکورتی ڕاست ئەو شتەیە، گەیشتووەتە قوتابخانە و مامۆستا خوێندوویەتیەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٣) بۆیە ئەم ناوەندە لای (باوکی جیهانگر) پەسەند دەکرێت و بە پیرۆز تەماشا دەکرێت، چونکە

شـوێنی دروسـتبوون و دەرکەوتنـی کـارەکتەری داخـراوی وەک خـۆیەتی و لەو ڕووەوە پێـی خۆشە ژمارەیان تا دێت، زیاتر ببێت.

(بـاوکی جیهـانگر) کـارەکتەرێکی ترسـنۆکە و هەمیشـە لە سیاسـەت و چـالاکیی سیاسـیی کوڕەکەی ترساوە. کاتێک دەبینێت خوێندکاران پۆل پۆل بۆ لای (جیهانگر) دێن، تا دارِشتنیان بۆ بنووسێت، پێی وایە ئەمانە سیخوڕن، ئەم هەستەی کاتێک تۆختر دەبێتەوە، کە کاربەدەستێکی حوکوومەت پێـی دەڵێـت کـوڕەکەت لە پشـتی ئەم کـاغەزانەوە بڵاوکـراوەی نهێنـی دەردەکـات. (جیهـانگر) ئەم هەسـتەی بـاوکی بەم شـێوەیە دەگـوێزێتەوە: "بـاوکم زووتـر لە ڕۆژان دووکـانی دادەخات و بە ترسەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام گڕی لێ دەبارێت:

_ ناوبانگەکەت ئەوەی لە چاودا بوو. ڕەنگە ئێستا بزانیت بۆچی دەترسام ئەو هەمووە لە دەرگە دەدەن و کاغەزیـان دەوێت. باشـە، ئەوە کـابرا ڕقی لێ هەڵگرتین و تووشـی بەڵایەکی کـردین؟ ئـاخۆ چەنـدی تـری وەک ئەو پیـاوە گلەییـان هەبێـت و نـاوت چـووەتە سـەر زمـانی چەنـد کاربەدەستی دیکەی حوکوومەت، بەڵام وەک ئەو دەریانەبڕیبێت! ئەو پیـاوە ڕێـک پێـی گـوتم کوڕەکەت لەپاڵ ئەو کـاغەزانەدا، هیـی قەدەغەکراویش دەبەشـێتەوە. ئـای ئەوانە چەنـد تەمەنیـان کورتە، کە دەبنە جێگەی باسی خەڵک!"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٦) هەر لە درێـژەی قسـەکانیدا دەڵێـت: "باشــە، تــۆ لات ڕوونە هەمــوو ئەوانەی داوای کاغەزەکانــت دەکەن، پێویســتیان پێیەتــی و سـیخوڕیان تێدا نییە؟ مـن خـۆم هەر کەسـێ لە دەرگە بـدات و کـاغەزی بوێـت، بە سـیخوڕی تێـدەگەم، هەتـا ئەگەر ئەو کەسـە بـرازای خۆیشـم بێـت. بـۆچی؟ نـازانم و داوای وەڵامـم لـێ مەکە!"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٦) بەکورتی (بـاوکی جیهـانگر) وێنەی مرۆڤێکی ترسنۆکی ڕۆژگـاری ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی کۆمەڵگەی کوردییە و ڕۆماننووس زیاتر لەوەی دروستی بکات، لە واقیعەوە وەریگرتووە.

(دایکی جیهانگر) نموونەی کارەکتەرێکی داخراوە. کەسێکی ترسنۆک نییە، بەڵکو واسواسـە. کەواتە داخرانەکەی لە هیـی (بـاوکی جیهـانگر) جیـاوازە. هەروەهـا بەردەوام لە خەمـی خێـزان و منداڵەکانیـدایە، کە نووسـەر بە درێژاییـی ڕۆمـانەکە یەک ئاڕاسـتەی ڕوانینـی پـێ بەخشـیوە و گۆڕان لە بیرکردنەوەکانیدا ڕوو نادات.

کاتێـک هـاوڕێیەکی (جیهـانگر) دێـتە ماڵیـان، بـاوکی ترسـی ئەوە دایـدەگرێت، کە ئەم کەسـە سـیخوڕە، بەڵام دایکـی بە هـۆی واسواسـییەوە ئەو پیـاڵە، ژێرپیـاڵە و کەوچـکە فـڕێ دەدات، کە میوانەکە چـای پـێ خـواردووەتەوە. (جیهـانگر) دەڵێـت: "دایکـم چـای نـوێی لـێ نـاوە و دوو پیـاڵە دەخـاتە سـەر سـینییەکە، تـا بـۆ ژوورەکەمـی ببەم. لایشـم ڕوونە دوایـی پیـاڵە، ژێرپیـاڵە و کەوچـکەکە دەخـاتە تەنەکەی زبڵەوە، بەڵام سـینییەکە بە خـوێ و تایـد جـوان دەشـوات، چـونکێ خـۆی دەڵێـت ناتوانێـت ئەو کەلـوپەلانە بە کـار بهێنێـت، کە دەسـتی کەسـانی نەناسـراویان بەر کەوتـوون."(کاکەسـوور، ٢٠٢١: ٣٤٢) هەر بـۆیە کاتێـک بـاوکی (جیهـانگر) دەبینێـت خوێنـدکاران بـۆ

نووسینی دارشتن بۆ لای کوڕەکەی دێن، ترس دایدەگرێت و پێی وایە بەم کارە خێزانەکەی لەناو دەچێت، بەڵام ترسی دایکی لەو ڕووەوە زۆر جیاوازترە، کە لە ڕوانگەی تەندروستییەوە لە بابەتەکە دەڕوانێت: "پاساوی دایکم لەم ڕووەوە تەواو لە هیی باوکم جیاوازە، کە بۆچی هێندەی پێ ناخۆشە کاغەزەکانم بەو هەموو کەسە دەدەم. هەمیشە وا لە شت دەڕوانێت، ئاخۆ پیسە، یان پاک؟ لە دیدی ئەودا پیسەکان هێندە زۆرن، لە ژمار نایەن، بەڵام پاکەکان دەگمەنن. بەم شێوەیە پێی وایە مادام ئەم کاغەزانە ئەو هەموو دەستەیان بەر دەکەون و دەچنە شوێنی جۆراوجۆر، ئەوا زۆر پیسن و دوور نییە کۆمەڵێک نەخۆشیی کوشندە لە ماڵدا بڵاو بکەنەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٦)

سەرچاوەی واسواسییە بەردەوامەکانی (دایکی جیهانگر) لەو خەمخۆری و خۆشەویستییە زۆرەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بۆ منداڵەکانی هەیەتی. کاتێک (جیهانگر) لە گەرماو خۆی دەشوات، زووزوو پرسیاری لێ دەکات:

"_ چی دەکەیت؟ ماویت؟ هەناسەت بۆ دەدرێت؟ قوڕگت ناکزێتەوە؟ گوێچکەکانت ناتریوێنن؟ دڵت بە چاکی لێ دەدات؟ بەرچاوت تاریک دانەهاتووە؟ ئەژنۆکانت دەلەرزن؟ سەرت ناخولێتەوە؟ سکت پێچی پێدا دێت؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٧٥)

خوێنەر بە درێژاییی دایەلۆگەکەی نێوانیان، زیاتر هەست بە واسواسیی ئەم ژنە دەکات، کە وەک گوتمان لە خەمخۆری و خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتووە: "دوای کەمێکی تر دێتەوە:

_ بۆ جاروبار دەرگە ناکەیتەوە و کەمێک ڕێی ئەو هەڵمە نادەیت، بێتە دەرێ؟

_ من هەر خۆم حەزم لەو هەڵمەیە.

_ وەک دەرگە ناکەیتەوە، پەنجەرەی دواوەت بۆ داخستووە؟ کەس لە دەرەوە سەیرت دەکات؟ سەیریشت بکەن، دەتبینن؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٧٥)

"دەڕوات و دێتەوە. بە بۆکس لە دەرگە دەدات:

_ بە ئاوی سارد خۆت نەشۆیت! سەرمات دەبێت و نەخۆش دەکەویت!

_ نا، ئاوی گەرمم کردووەتەوە.

_ بەڵام دەنگی ئاوە ساردەکە زیاترە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٧٦)

(برای جیهانگر) کارەکتەرێکی داخراوە و نوێنەری ئەو کوڕانەیە، کە لە خێزاندا هیچ ڕۆڵێکیان نییە و خاوەنی بۆچوونی تایبەت بە خۆیان نین. ژمارەی دەرکەوتنەکانی زۆر کەمن، داخرانەکەی لە هیی دایک و باوکی ناچێت، کە لە ڕێگەی دەنگەوە خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن، بەڵکو ئەم لە ڕێگەی وەسفی (جیهانگر)ەوە دەردەکەوێت، کاتێک بەردەوام لە هەڵومەرجە نەخوازراوەکانی نێو ماڵدا دەست بە گریان دەکات، تەنیا لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێت، کە ئەرکی کردنەوەی دەرگەی پێ دەسپێردرێت، ئیتر خوێنەر هیچ قسەیەکی تری لێوە نابیستێت. بە

پێچەوانەی (جیهانگر)ـەوە باوکی زۆر لێی ڕازییە و هیچ کاتێک و بۆ هیچ شتێک سەرزەنشتی ناکات، چونکە نەگۆڕە و دۆخی خێزانی نەشێواندووە. بەردەوام تاکە دەنگ، کە لێوەی دەردەچێت، گریانە. دایک و باوکی (جیهانگر) بۆ هەواڵی منداڵێک دەچن و لە ماڵەوە نابن، (جیهانگر) کاتێک بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بەم شێوەیە وەسفی براکەی دەکات: "دەگەمە سەربان و براکەم هەڵدەستێنم، کەچی هەر هێندە بە ئاگا دێت و لێم دەڕوانێت، دەست بە گریان دەکات و یەک وشەی بۆ ناگوترێت. چەند لێی دەپرسم چی بووە؟ بۆ دەگری؟ کوا دایکمان؟ ئەدی کوا باوکمان؟ وەڵامی نییە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٥٣)

کاتێک چەند پیاوێک لە نیوەشەودا لە دەرگە دەدەن، باوکی (جیهانگر) دەرگە دەکاتەوە و خوێنەر جارێکی تر بەر گریانی (برای جیهانگر) دەکەوێتەوە، کە گێڕەرەوە بەم جۆرە هەستی هەریەک لە دایک، خوشک و براکەی دەگوێزێتەوە: "من زیاتر دڵم دادەخورپێت. دایکم باسکی لە ملم دەئاڵێنێت، بەڵام براکەم دەست بە گریان دەکات، بگرە خوشکەکەیشم زانیویەتی تووشی گرفتێکی گەورە هاتووین، بۆیە وەک براکەم دەنگی گریانی لێ هەڵدەبڕێت. دایکم هەوڵ دەدات بێدەنگیان بکات، بۆ ئەوەی گوێی لێ بێت و بزانێت ئەو پیاوانە باسی چی لەگەڵ باوکم دەکەن، کە ئەوەتا دەرگەی لێ کردوونەتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٧٠)

(ماڵی شووشەی لامپا) یەکێکن لەو ماڵە داخراوانەی ساڵانی هەشتای کۆمەڵگەی کوردی، کە ترسیان لە ڕێژیمی بەعس وای لێ کردوون لە هەر بۆنەیەکی فەرمیدا خێر بکەن، تەنانەت دەبنە جێی گاڵتەی باوکی (جیهانگر) و بە مەرایبکەر ناویان دەبات، لە کاتێکدا خۆی یەکێکە لە کارەکتەرە ترسنۆک و داخراوەکان و ئەم ماڵە لەو بارەیەوە ئەویشیان تێپەڕاندووە. (جیهانگر) بەم جۆرە ئەو ماڵە دەناسێنێت: "ماڵێکن لە هەمان کۆڵانی خۆماندا نیشتەجێن. لە هەر بۆنەیەکی فەرمیی وەک شەشی کانوونی دووەم، هەشتی شوبات، حەوتی نیسان، حەڤدەی تەمووز و هیی تردا گایەک سەر دەبڕن و گۆشتەکەی بە گەڕەکدا دەبەشنەوە... ئۆخەی نەمردم و ماڵێکی ترم دۆزییەوە، لەم ڕووەوە لە ئێمەیان تێپەڕاندبێت، تەنانەت باوکم لای خۆیەوە گاڵتەیان پێ دەکات و هەزار جنێویان بۆ دەنێرێت، کە هێندە مەراییکەرن. یەکێ نەیانناسێت، وا دەزانێت لە دڵەوە ئەو کارە دەکەن، بەڵام ئێمە بەوەدا لە بنەچەوە ئاگامان لە مێژووی خانەوادەیان هەیە، لەوە دەگەین تەنیا دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە ترسی هەناویان دەربکەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٥) واتە ئەگەر داخراویی کارەکتەرەکانی تر لەسەر ئاستی تاک بووبێت، ئەوە ئەم ماڵە لەسەر ئاستی کۆدا داخراوییان پیشان دراوە.

## تەوەری دووەم

## کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە

لەنێو ڕۆماندا کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەبن، ئەوانیش: (سەرەکی و لاوەکی)، کە هیچ تێکستێکی ئەدەبی گێڕانەوە بەبێ ئەم دوو جۆرە نانووسرێت. کاتێک دەگوترێت لاوەکی، مەبەست لەوە نییە بەهای لە کارەکتەری سەرەکی کەمتر بێت، بەڵکو لەو ڕووەوە یەکسانن و ئەوەی لەو بارەیەوە بڕیار دەدات، ڕێژەی دەرکەوتنی کارەکتەر و ئەو ئەرک و ڕۆڵانەن، کە لەنێو ڕۆماندا دەیگێڕن. ئەگەرچی دیاریکردنی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە لە ڕۆمانی فرەدەنگدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە خەسڵەتی ئەو جۆرە ڕۆمانە بریتییە لە فرەیی لە کارەکتەر، چیرۆک، ڕووداو، گۆشەنیگا و ئایدیۆلۆجیا، بەو مانایەی بوار بۆ ئەوە نامێنێتەوە، کە تاکە دەنگێک خۆی بەسەر تەواوی ئەتمۆسفێری تێکستدا بسەپێنێت. لەم ڕووەوە (ئەو هاوڕێیەی مندالّیم ببینمەوە؟) ڕۆمانێکی فرەدەنگە و دیاریکردنی کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکان تێیدا کارێکی ئەستەمە، چونکە لەم تێکستەدا کارەکتەر وێنەیەکی جێگیری نییە و دەگونجێت لە ڕووداوێکدا سەرەکی و لە یەکێکی تردا لاوەکی بێت، بەڵام توێژەران تا ئێستایش پێڕۆیی لەو بنەمایە دەکەن، کە کارەکتەر بۆ سەرەکی و لاوەکی دابەش دەکات و ئێمەیش هەمان پێوەر بە کار دەهێنینەوە.

### یەکەم: کارەکتەری سەرەکی

ئەو کارەکتەرانەن، کە ڕووبەرێکی بەرچاو لەنێو ڕۆماندا داگیر دەکەن و ڕۆماننووس لە ڕێگەی پرۆسێسی گێڕانەوەوە هەلومەرجی ژیانیان پێشان دەدات. لەگەڵ وەرگردا پێوەندی دادەمەزرێنن و خوێنەر زووزوو بەریان دەکەوێت. ئەم جۆرەیان لە ڕووی ڕەهەند، پێکهاتە و خەسڵەتەوە زیاتر ڕۆماننووس ماندوو دەکەن و وا دەخوازێت زۆرتر پێیانەوە خەریک ببێت، چونکە ئەم کارەکتەرانە زۆربەیان فرەڕەهەندن و لە ڕووی پێکهاتەوە کراوەن (پەرەسێنن)، بەو مانایەی بەردەوام لەگەڵ ڕووداودا دێن و بە شێوەی پێچەوانە کار لە یەکتر دەکەن. لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی توێژەر (پەرێز سابیر)دا هاوڕا نین، کە لە کتێبی (بینای هونەری چیرۆکی کوردی)دا بە ڕەهایی لەبارەی کارەکتەری سەرەکییەوە بڕیار دەدات و دەڵێت: "ئەو کەسانە دیارترین خاسییەتیان ئەوەیە کە پەرەستێنن، واتە دەگۆڕێن و لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە پەرە دەستێنن."(سابیر، ٢٠٠١: ١٧٤) لە کاتێکدا دەکرێت چەندین کارەکتەری سەرەکی هەبن، کە لە ڕووی پێکهاتەوە داخراو بن و پەرە نەسێنن، بۆ نموونە لەم ڕۆمانەدا دایک و باوکی (جیهانگر) کارەکتەری سەرەکین، بەڵام داخراون و گۆڕان لە بیروبۆچوونەکانیاندا ڕوو نادات.

ڕەخنەگری فرانسی (فیلیپ هاموون ١٩٤٠- لە ژیاندایە) لە کتێبی (سیمۆلۆجیای کارەکتەری ڕۆمان)دا جیاوازی لەنێوان کارەکتەری سەرەکی و لاوەکیدا دەکات، پێی وایە جۆری یەکەمیان دەرکەوتنی بەردەوامی لە ڕۆماندا هەیە و یەکێک لە ڕێگەکانی ناسینەوەی لە تێکستدا ئەوەیە، کە "لە دایەلۆگ و مەنەلۆگیشدا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا کارەکتەری لاوەکی تەنیا بە دایەلۆگ بەشدار دەبێت."(هامون، ٢٠١٣: ٧٢) ئەم ڕەخنەگرە لە ڕێگەی تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمانەوە جیاوازیی نێوان کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی دەرخستوون، کە ئەمە بۆ دیاریکردنی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە مەرج و پێوەرێکی گشتگیر نییە، چونکە دەکرێت کارەکتەرێک لاوەکی بێت و ڕێژەی دەرکەوتنی لەنێو تێکستەکەدا کەم بێت، بەڵام جگە لە دایەلۆگ، بە مەنەلۆگیش بەشداری بکات.

**دووەم: کارەکتەری لاوەکی**

ئەگەر لە ڕۆماندا فەزایەکی فرەوان هەبێت، ئەوە مانای وایە جێگەی هەموو کارەکتەرێکی تێدا دەبێتەوە. نووسەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هونەری بنیاتی تێکستەکەی بنێت و بیخاتە ئاستێکی قووڵترەوە، ئەوە پەنا بۆ دروستکردنی کارەکتەری لاوەکی دەبات. لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ڕۆمان بەبێ کارەکتەری لاوەکی ناچێتە ئاستی ململانێی قووڵەوە، بۆیە بایەخی لە کارەکتەری سەرەکی کەمتر نییە، بەڵکو ئەوەی وا دەکات ڕووداوی جۆراوجۆر دروست ببن، ئەوە هێزی کارەکتەرە لاوەکییەکانن، کە لە دژی کارەکتەرە سەرەکییەکان دەوەستنەوە. هەروەها لە ڕووی پێدانی زانیاری لەسەر ژیانی کارەکتەری سەرەکی و ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی تێکست، ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت، لە کاتێکدا خودی خۆی بە هۆی کەمیی ڕێژەی دەرکەوتنییەوە لە ڕۆماندا ناتوانێت کاریگەرییەکی ئەوتۆ لای خوێنەر جێ بهێڵێت و "نایورووژێنێت و سۆزی ناجووڵێنێت."(بلوک، ٢٠٠٩: ١٣٣)، چونکە ڕووبەرێکی کەمی ڕۆمانەکە داگیر دەکات، بۆیە هەندێ جار خوێنەر لە بیری دەچێتەوە و زیاتر چاوی لەسەر کارەکتەرە سەرەکییەکان دەبێت.

**کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

لە ڕۆمانەکەدا چەندین کارەکتەری سەرەکی هەن، کە لە دروستبوونی ڕووداوی جۆراوجۆردا بەشدارن. هەندێ لەم کارەکتەرانە لە ڕووی پێکهاتەوە کراوە و هەندێکی تریان داخراون، کە لێرەدا چەند کارەکتەرێک بە نموونە دەهێنینەوە و ڕۆڵەکانیان دیاری دەکەین:

(جیهانگر)

گێڕەرەوەی هەمووشتزانی ڕۆمانەکەیە و یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، تەنانەت نووسەر بۆ بنیاتنانی تێکستەکەی پەنای بۆ یادەوەریی ئەم کارەکتەرە بردووە، کە لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردووی دەگەڕێتەوە. ڕۆمانەکە لە هەشت بەش پێک دێت و (جیهانگر) لە سەرەتای هەر بەشێکدا ئاماژە بە تەمەن و شوێنی دەدات، بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا دەڵێت: "تەمەنمان پێنج ساڵە و وەک زۆر منداڵی تری گەڕەک تەلێکمان نووشتاندووەتەوە، بەو مەبەستەی ویلی پێ تلۆر بکەینەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧)

بەشی دووەم: "لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم و تەمەنم نزیکەی دە ساڵە. پێشانگەی هونەریی قوتابخانەکان کراوەتەوە، کە سەرجەم قوتابخانە سەرەتاییەکانی شار تێیدا بەشدارن. ئەو پێشانگەیە ساڵانە لە قوتابخانەی (سەفین)دا بە ڕێوە دەچێت. من بە هەنارێک، کە لە قوڕ دروستم کردووە، بەشدارم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢١)

بەشی سێیەم: "هاوینی ساڵی حەفتاونۆیە و تەمەنم پانزدە ساڵە. هێندە نابێت پشووی سەری ساڵ دەستی پێ کردووە. کارتمان وەرگرتووەتەوە. من لە فیزیا و ماتماتیک دەرنەچووم، کە هیوام وایە خولی دووەم لە هەر یەکەیاندا پەنجا نمرە بهێنم، دەنا باوکم سزایەکی قورسم دەدات."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٥)

بەشی چوارەم: "بەهاری هەشتاویەکە و تەمەنم حەڤدەیە. بە فوتبەڵەوە گرتوومە، بە ڕادەیەک وازم لە هەموو شتێک هێناوە و خەریکی تۆپم. ڕقی دنیام لە بارانە، چونکە ڕێگەی یاریم لێ دەگرێت. گەیشتوومەتە چوارەمی ئامادەیی. باوکم بەردەوام هەڕەشەم لێ دەکات، کە دەستی لێ هەڵبگرم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٥٩)

بەشی پێنجەم: "بەهاری هەشتاوشەشە و لە قۆناغی یەکەمم لە زانکۆی مووسڵدا. (شەکشەک) نەنکی دەهێنێتەوە لای پزیشکێکی زۆر شارەزای چاو."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٣٧)

بەشی شەشەم: "زستانی نەوەدودووە و لە نزیک قەڵاتدا کتێبخانەیەکم داناوە. بەردەوام هاوڕێ و دۆستەکانم سەردانم دەکەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢١)

بەشی حەوتەم: "هاوینی (١٩٩٢)ـە و گەیشتوومەتە ئەنکارە، بەو مەبەستەی لێرەیشەوە خۆم بگەیەنمە ئەوروپا."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٤٩)

بەشی هەشتەم: "ساڵی نەوەدوهەشتە و لە ماڵێکی دانمارکیدا دوو ژوورم بە کرێ گرتوون. ژن و پیاوێکی بەتەمەنن، بەڵام ڕۆژانە خەریکی کاری خانووەکەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٨٤)

نووسەر هەندێ لە بیرۆکە فەلسەفییەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە دەربڕیون، چونکە (جیهانگر) نزیکترین کارەکتەرە لە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆماننووسەوە، بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: "ئەوانەی لەسەر تەختی نووستندا ئاسوودەن، هەرگیز بیر لە سەرهەڵگرتن ناکەنەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٠٢) هەر ئەم کارەکتەرە لەبارەی دەرگەوە دەڵێت: "هەمیشە خەونم بە ماڵێکەوە بینیوە، دەرگەی نەبێت. ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێم ماڵێک، خاڵی لە باوک، چونکە دەرگە هیی باوکە. بۆی هەیە لەوێوە فڕێت بداتە دەرێ، یان ڕێگەت نەدات لە دەرەوە پێیدا بێیتە ژوورەوە. وام لێ هاتووە بڵێم دەرگە لە شێوەی باوک و پەنجەرە لە شێوەی دایک دروست کراوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٣٧)

لە کۆتاییی بەشی هەشتەمیشدا دەڵێت: "بۆم دەرکەوتووە ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لەوانە زیاتر لە یادەوەریدا دەمێننەوە، کە کەسانی تر دەیانکوژن، بۆیە (پاژان) لە خەیاڵی مندا هەمیشە بەئاگایە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)

(جیهانگر) کارەکتەرێکی کراوەیە، ئەمە وای لێ کردووە بەردەوام لەگەڵ ئەوانی تردا پێوەندی دابمەزرێنێت. لەبارەی یەکەم بینینی نێوانیان لەگەڵ (گەربووشە)دا دایەلۆگ دەکات و پێی دەڵێت: "_ من زۆر چاکم لە بیرە. بەهاری حەفتاودووە و خانووەکەی تەنیشتتان دروست دەکرێت. منداڵان لەسەر دیوارەوە خۆیان بۆ سەر لمەکە هەڵدەدەن. من بە ترسەوە لێیان دەڕوانم، بەڵام مەحاڵە وەک ئەوان بەو دیوارەدا هەڵبگەڕێم و لەوێوە خۆم هەڵبدەمە سەر لمەکە، چونکە بەرزە و لمەکەیش تەنکە. هیی ئەوە نییە گیانم لە شکان بپارێزێت. ترسیشم هەیە باوکم بمبینێت. لام ڕوونە بە شەق دەمباتەوە. کوڕی کۆنتراکتچییەکە، کە لە ئێمە گەورەترە، لێم تووڕە دەبێت و پێم دەڵێت لێرە نەوەستم. بە قسەی دەکەم و دەڕۆم، بەڵام تۆ دێیت، دەستم دەگریت و پێم دەڵێیت: وەرە لە ڕقی ئەو نەک هەر لێرە ببە، بەڵکوو خۆیشت هەڵبدە!"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٤)

(جیهانگر) پێوەندی لەگەڵ باوکیدا جیاوازە و دەچێتە ئاستی ململانێوە، چونکە باوکی کارەکتەرێکی داخراوە، پابەندی سیستەمە و لە سیاسەت دەترسێت، بەڵام ئەم پێچەوانەی باوکی، کەسێکی کراوەیە و لە دژی سیستەم و ترسی باوکیشی لە سیاسەت دەوەستێتەوە. لەم بارەیەوە لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا ئەم ململانێیەی نێوانیانمان باس کردووە و نموونەمان بۆ هێناوەتەوە.

(شەکشەک)

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە. هەم دەرکەوتنی لە ڕۆمانەکەدا زۆرە، هەم لە ڕووی پێکهاتەوە کراوەیە و گۆڕان لە ئاراستەی ڕووداوەکاندا دروست دەکات. (جیهانگر) لە سەرەتای هەر بەشێکدا، دوای گێڕانەوەی شوێن و تەمەنی

ئێستای، ڕاستەوخۆ بۆ منداڵی و بە دیاریکراوی بۆ ئەو ساتانە دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ (شەکشەک)دا بەسەری بردوون و سەرکێشییەکانی هەردووکیان دەگێڕێتەوە.

پێوەندیی نێوان (جیهانگر) و (شەکشەک) لە پێنج ساڵییەوە دەست پێ دەکات، لە سەرەتای بەشی یەکەمدا ئاماژە بە ناوی (شەکشەک) دەدات و خەسڵەتی ئەم هاوڕێیەی پێشان دەدات: "تەمەنمان پێنج ساڵە و وەک زۆر منداڵی تری گەڕەک تەلیکمان نووشتاندووەتەوە، بەو مەبەستەی ویلی پێ تلۆر بکەینەوە. کاتێک دەزانم لە ماڵەوە چاو دەکەمەوە. توومەز نووکی تەلەکەی ئەو لە ملم چەقیوە و هەڵیدڕیوە. بووراومەتەوە و دوو ژنی گەڕەک بە باوەش بۆ لای دایکمیان هێناومەتەوە. چەند منداڵێک دەڵێن بە ئەنقەست وای نەکردووە، بەڵکوو لە دەستی دەرچووە. ناوێکی خۆشیان لێ ناوە، بەڵام بە (شەکشەک) بانگی دەکەن. ئەوەتا لەگەڵ دایکی هاتووە و پێم دەڵێت با بچین لە دەرەوە یاری بکەین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧)

نووسەر ڕۆمانەکەی لەسەر پێوەندیی قووڵی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە بنیات ناوە و هەموو گێڕانەوەکانی (جیهانگر) لەو پێناوەدایە، تا (کارا فاتیح)ی هاوڕێی لەبارەی بینینەوەی (شەکشەک)ـەوە بۆچوونی خۆی دەرببڕێت، کە ئایا جارێکی تر ئەو هاوڕێیەی منداڵی ببینێتەوە، یان نا؟ دوای ئەوەی سەرتاپێی ژیانی خۆی و ئەو هاوڕێیەی بۆ (کارا) دەگێڕێتەوە، لە کۆتاییدا پێی دەڵێت: "کارا گیان، دەتوانیت پێم بڵێیت، جارێکی تر ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە، یان نا؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)

ئەگەر لە سەرەتای هەر بەشێکدا (جیهانگر) دەست بە گێڕانەوە دەکات، ئەوە لە کۆتاییی ئەو بەشەدا (شەکشەک) دەردەکەوێت و کەتنێک دەنێتەوە، بۆ نموونە لە کۆتاییی بەشی یەکەمدا، کاتێک منداڵان کۆ دەبنەوە و لە شێوەی یاریدا خێزانێک پێک دەهێنن، کە لە دایک، باوک، خوشک و برا پێک هاتوون، (شەکشەک) دەبێتە کوڕ و گڵاسێک بە سەری باوکیدا دەکێشێت و سیستەمی یارییەکە تێک دەدات: "لە کاتێکدا کەسم لە چواردەوردا نەماوە، بۆیە چاو دەکەمەوە و بە چەند هەنگاوێک دەگەمە کۆڵان. توومەز یارییەکە دەمێکە تەواو بووە. وا سەری کوڕەکە دەبەستنەوە و لێی دەپرسن ئەوە چۆن ڕووی داوە؟ بەدەم گریانەوە دەڵێت ئەو سەگبابەی کوڕی لە خەودا لەقەیەکی هاویشتووە و بەر گڵاسێکی سەر تاقی پەنجەرە کەوتووە، گڵاسیش ئۆقرەی لێ بڕاوە و خۆی بە سەری ئەمدا کێشاوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠)

لە بەشی دووەمدا، چەند شەقاوەیەک ڕێی لێ دەگرن، ئەو بە جۆرێک لەقەیەک لە یەکێکیان دەدات، کە باوەڕ ناکرێت هەستێتەوە. لە بەشی سێیەمدا بۆ خۆشی زنجیرێک دەخولێنێتەوە و بەر چاوی دایکی (جیهانگر) دەکەوێت. لە بەشی پێنجەمدا سینییەک چا و قاوە قلپ دەکاتەوە و شانی کچێکی هاوڕێی دەسووتێنێت. لە بەشی شەشەمدا، کاتێک (جیهانگر) و (لەقلەق) لە کتێبخانەکەدان، دێت و لە کاتی چاککردنەوەی سیستمی کارەبای دووکانەکە، لەناکاو پەیژەکەی

بەر سەری (لەقلەق) دەکەوێت و خوێن فیچقە دەکات. لە بەشی حەوتەمدا قاچی دایکی (تیئێنتی) دەشکێنێت و بە پەلە بۆ نەخۆشخانەی دەبەن. لە بەشی کۆتاییدا، سەردانی (جیهانگر) دەکات، کە لە ماڵی ژنومێردێکی دانماریکیدایە. لەو ساتەدا ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدات:

"بیرم دەکەوێتەوە، کە ئەو هاوڕێیەم بە هەر کەسێک بگات، شوێنێکی دەشکێنێت، بۆیە ڕا دەکەمە دەرێ، بەو مەبەستەی بیهێنمەوە، نەبادا کەتنێکی لەوە گەورەتریش بکات، بەڵام کاتێ دەگەم، دەبینم وا ژنە لەوێ کەوتووە و قاچی خۆی گرتووە. دەپرسم ئەوە چی ڕووی داوە. (شەکشەک) دەڵێت:

_ باوەڕ بکە نازانم! ئەوە من لێرە کاری باخ دەکەم. ئەو ژنە لە کوێ پەیدا بوو؟ باشە، نابێت هێندە لێم نزیک نەبێتەوە؟ نازانێت خاکەنازم بە دەستەوەیە و دوور نییە شوێنێکی بشکێنم؟

چەند هەوڵ دەدەم بەسەر ئەو پێکەنینە پەنگخواردووەی ناخمدا زاڵ ببم، بەڵام ناکرێت و ناکرێت. قاقایەکی بەرز لێ دەدەم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٨٥) بەکورتی (شەکشەک) دژی سیستەمە، کە لێرەدا سیستەم بە مانای ڕێکی دێت، ئەم کارەکتەرە لە هەر دەرکەوتنێکیدا ئەو ڕێکییە تێک دەدات و ڕووداوەکان لە ئاستی چەسپاو و نەگۆڕەوە بەرەو جووڵە و گۆڕان دەبات.

ڕۆماننووس شێوازێکی تایبەتی لە بنیاتنانی کارەکتەری (شەکشەک)دا گرتووەتە بەر، ئەویش ئەوەیە، کە بیرۆکە فەلسەفییەکانی تێکەڵ بە کۆمێدیا دەکات و لە شێوەی گاڵتەدا دەریاندەبڕێت، ئەم خەسڵەتە تایبەتە بە (شەکشەک) و لەوانی تردا نابینرێت. لە بەشی چوارەمدا، هاوکاریی ماڵی (پ....ن) دەکات، کە کەلوپەلەکانی ناوماڵ ڕێک دەخەنەوە، کاتێک (پ....ن) ڕەخنەی لێ دەگرێت، ئەویش بە هۆی دەربڕینی بیرۆکەیەکی فەلسەفییەوە دۆخێکی پڕ لە پێکەنین دروست دەکات و بە (پ....ن) دەڵێت: "_ خۆت بە بلیمەت دەزانیت؟ بلیمەتی و گەمژەیی خوشکی یەکترن. ئاینشتاین دوو پشیلەی دەبن، یەکێکی قەڵەو و یەکێکی لاواز. دوو کون لە دەرگەی دەرەوە دەکات، یەکێکی گەورە و یەکێکی بچووک. کونە گەورەکە بۆ پشیلە قەڵەوەکە و بچووکەکە بۆ پشیلە لاوازەکە. خۆ هەردووکیان دەتوانن بە کونە گەورەکەدا بچنە دەرێ و بێنەوە ژوورێ. کەواتە ئەو کونە بچووکە زیادەیە و گەمژەییە.

(ئاڤا گاردنەر)، (پ....ن) و هەردوو کچەکە لە قاقای پێکەنین دەدەن. ئەویش بەردەوامە:

_ ئاینشتاین لە فیزیا بلیمەت بوو، بەڵام ئەوەتا ئەو گەمژەییەیش دەنوێنێت.

(ئاڤا گاردنەر) دەڵێت: بەسە، بیبڕەرەوە! وای دایکە، مردم! ئەوە شەش ساڵە هێندەی ئەمڕۆ پێنەکەنیوم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٢٠-١٢١)

کاتێک لەگەڵ (پ....ن)دا لەبارەی مرۆڤ و گەردوونەوە دایەلۆگێکی فەلسەفیی قووڵ دەکەن، لەناکاو پێی دەڵێت: "_ لەوەتەی دەستت داوەتە خوێندنەوەی ئەو فۆکۆ و مۆکۆیە، هێندەی ڕەخنە لە شتە بچووکەکان دەگریت، لە شتە گەورەکانی ناگریت.

ئینجا پێدەکەنێت و دەڵێت: _ بزانە باسەکە لە خورانی کۆمی منەوە بە کوێ گەیشت! سێنترالیزم و لۆکاڵیزم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٥)

(باوکی جیهانگر)

ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی لە ڕووی پێکهاتەوە داخراوە، بەڵام سەرەکییە و لەناو ڕۆمانەکەدا ڕووبەرێکی باشی داگیر کردووە، بەوەی هەمیشە لەگەڵ (جیهانگر)دا لە ململانێدایە، هەر ئەو ململانێیەیشە ڕۆمانەکەی بەرەو ئاستێکی قووڵتر بردووە و خەسڵەتەکانی (جیهانگر)ی وەک کارەکتەرێکی سەرەکی دەرخستوون. لە سیاسەت دەترسێت و کوڕەکەی خەریکی چالاکیی سیاسییە. بە پیرۆز لە قوتابخانە دەڕوانێت، لە کاتێکدا (جیهانگر) گومان دەخاتە سەر هەموو ئەو بابەتانەی لەو ناوەندەدا دەخوێنرێن، بۆ نموونە لە بەشی حەوتەمدا، کاتێک دەبینێت کوڕەکەی پرسیار و گومان لەبارەی بابەتێکی وانەی مێژوو دەکات، بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:
"_ بیانوو نەگریت! هەر شتێک لە کتێبدا بنووسرێت، مەرج نییە ڕاست بێت، بەڵام کاتێ ئەو کتێبە بگاتە قوتابخانە و مامۆستا بیڵێتەوە، ئەوە ڕاستە و پێویستە لە بەری بکەیت. ئەگەر سبەی کتێبەکەیان لا برد و دانەیەکی تریان هێنا، کە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز باسی هەمان بابەت بکات، ئەویش ڕاستە. بەکورتی ڕاست ئەو شتەیە، گەیشتووەتە قوتابخانە و مامۆستا خوێندوویەتیەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٣)

(جیهانگر) هەر لە منداڵییەوە وێنەیەکی ترسناکی لەبارەی باوکیەوە بۆ دروست دەبێت و وای لێ دێت نەوێرێت یەک هەنگاو بەبێ بیرکردنەوە لە باوکی هەڵبهێنێت، هەر ئەم ترسەیشە وای لێ دەکات لە گەورەییدا لێی یاخی ببێت. لەگەڵ (شەکشەک)دا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایین و لە ڕۆژی پێشانگەی قوتابخانەکاندا هەنارێکی لەقوڕدروستکراو بە قاچی خوێندکارێکدا دەکێشن، سزا دەدرێن و دەردەکرێن. (شەکشەک) پێی دەڵێت بۆ نەچین بۆ بازاڕ؟ (جیهانگر) دەڵێت: "نامەوێت لەگەڵی بچم، نەک لەبەر ئەوەی حەز ناکەم، بەڵکوو ترسم هەیە لەوێ ببینرێم و بگاتەوە دەمی باوکم، کە ئەودەم لام ڕوونە هەڵمدەواسێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢)

(جیهانگر) باوکی وەک کارەکتەرێکی ترسنۆک و نەگۆڕ بە خوێنەر دەناسێنێت. ڕۆژێک چەکدارێکی جەیشی شەعبی دێتە دووکانی باوکی و لەبارەی مەترسیی ئەو کارەی کوڕەکەیەوە ئاگاداری دەکاتەوە، کە خوێندکاران بۆ نووسینی داڕشتن بۆ لای دێن. (جیهانگر) بەم جۆرە دۆخی سایکۆلۆجیی باوکی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە: "باوکم زووتر لە ڕۆژان دووکانی دادەخات و بە ترسەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام گڕی لێ دەبارێت:
_ ناوبانگەکەت ئەوەی لە چاودا بوو. ڕەنگە ئێستا بزانیت بۆچی دەترسام ئەو هەمووە لە دەرگە دەدەن و کاغەزیان دەوێت. باشە، ئەوە کابرا ڕقی لێ هەڵگرتین و تووشی بەڵایەکی کردین؟

ئاخۆ چەندی تری وەک ئەو پیاوە گلەییان هەبێت و ناوت چووەتە سەر زمانی چەند کاربەدەستی دیکەی حوکوومەت، بەڵام وەک ئەو دەریاننەبڕیبێت! ئەو پیاوە ڕێک پێی گوتم کوڕەکەت لەپاڵ ئەو کاغەزانەدا، هیی قەدەغەکراویش دەبەشێتەوە. ئای ئەوانە چەند تەمەنیان کورتە، کە دەبنە جێگەی باسی خەڵک!"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٦)

بەکورتی بە هۆی هەموو ڕێگرییەکانی لە (جیهانگر) و ترسی زۆری لە سەرکێشی و چالاکییە سیاسییەکانی کوڕەکەی، (باوکی جیهانگر) وەک کارەکتەرێکی سەرەکی بە خوێنەر دەناسێنرێت، ئەگەرچی وەک پێشتر گوتمان لە ڕووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی داخراوە و بە درێژاییی ڕۆمانەکە گۆڕان لە هەڵوێست و بیروباوەڕەکانیدا ڕوو نادات.

(دایکی جیهانگر)

ئەگەرچی لە ڕووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی داخراوە، بەڵام سەرەکییە، چونکە ڕێژەی دەرکەوتنەکانی زۆرن، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕووداوەکان هەبێت. ئەگەر (باوکی جیهانگر) وەک کارەکتەرێکی دژ دەردەکەوێت، کە هەمیشە لە دژی سەرکێشی و بەشدارییە سیاسییەکانی کوڕەکەی دەوەستێتەوە و پێی وایە بەم کارانەی خێزانەکەی دەخاتە مەترسییەوە، ئەوە لەو ڕووەوە کارەکتەری (دایکی جیهانگر) تەواو جیاوازە و لە ڕێگەی خەمخۆریی بێسنووری بۆ کوڕەکەی بە تایبەتی و خێزانەکەی بە گشتی وێنەی دەکێشرێت، تەنانەت (جیهانگر) لە چەندین شوێندا ئاماژە بەم جیاوازییەی نێوانیان دەدات، کاتێک لە بەشی حەوتەمدا خوێندکاران سەردانی دەکەن، بۆ ئەوەی دارشتنیان بۆ بنووسێت، ترسی باوک و دایکی پێشان دەدات، کە هیی یەکەمیان سیاسییە و هیی دووەمیان پێوەندیی بە تەندروستییەوە هەیە. لەو بارەیەوە (جیهانگر) دەڵێت: "پاساوی دایکم لەم ڕووەوە تەواو لە هیی باوکم جیاوازە، کە بۆچی هێندەی پێ ناخۆشە کاغەزەکانم بەو هەموو کەسە دەدەم. هەمیشە وا لە شت دەڕوانێت، ئاخۆ پیسە، یان پاک؟ لە دیدی ئەودا پیسەکان هێندە زۆرن، لە ژمار نایەن، بەڵام پاکەکان دەگمەنن. بەم شێوەیە پێی وایە مادام ئەم کاغەزانە ئەو هەموو دەستەیان بەر دەکەون و دەچنە شوێنی جۆراوجۆر، ئەوا زۆر پیسن و دوور نییە کۆمەڵێک نەخۆشیی کوشندە لە ماڵدا بڵاو بکەنەوە. پێی لەسەر دادەگرێت، کە ناگاتە سەری ساڵ و من بە هۆی ئەو کاغەزانەوە گەڕ دەبم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٦)

هەروەها لە شوێنێکی تردا بە تەواوی ئەو ڕوانینە جیاوازەی نێوانیان دەسەلمێنێت، کاتێک کوڕێک بۆ نووسینی دارشتن دێتە لای، کە دایک و باوکی تووشی نەخۆشیی گەڕی بوون: "سەیر لەوەدایە کوڕەکەیان لە پۆلی منە و ئەمساڵ لانی کەم دوو جار بۆ کاغەزەکانی مێژوو و جیۆگرافیا هاتووە. واتە کاغەزەکانم چوونەتە ماڵێک، هەم لای باوکم و هەم لای دایکم

مەترسیدارە. ماڵی سیخوڕە گەڕەکان. ئەمیان لە ڕوانگەی سیاسییەوە و ئەویان لە گۆشەنیگای تەندروستییەوە لێیان دەڕوانێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٦٣)

(دایکی جیهانگر) کارەکتەرێکی واسواسە، بە ڕادەیەک، کە زیانی بە (جیهانگر)یش گەیاندووە. لە کۆتاییی بەشی حەوتەمدا لەسەر خۆشۆردن دایەلۆگێگ لەنێوان (جیهانگر) و دایکیدا دروست دەبێت، خوێنەر بە ڕوونی هەست بەو نائارامییەی (جیهانگر) دەکات، کە دەڵێت:

"کاتێ هاتووەتەوە، من لە حەمام خۆمم شۆریوە، کە هەر خۆشۆرینێکم لە پەنجا دەقە کەمتری پێ ناچێت و لەسەر ئەوە ڕەخنەی توندم لێ گیراوە. دایکم ترساوە هەناسەم تەنگ ببێت و ببوورێمەوە، بگرە گیانم دەربچێت، گوایە خاڵۆزایەکی بەم شێوەیە مردووە، بۆیە ناوەناوە دێتە پشت دەرگە و دەپرسێت:

ـ پێم نەگوتیت دوای نانخواردن یەکسەر مەچۆرە حەمام؟ پێم نەگوتیت باش نییە؟

ـ بەڵام جاری پێشوو گوتت بە برسیەتی نەچیت.

ـ ناکرێت کاتێک بچیت، کە نە برسیتە و نە تازەیش نانت خواردووە؟

ـ ئینجا چۆن ئەو ناوەڕاستەم بۆ دەدۆزرێتەوە؟

ـ بۆ نادۆزرێتەوە؟ بزانە کەی هەست دەکەیت برسیتە و برسییشت نییە، یان با بڵێم برسیت نییە، بەڵام وا دەزانیت برسیتە، ئەودەم خۆت بشۆ! خۆ ئەگەر بەم ڕێگەیە نایزانیت، ئەوە ڕێگەیەکی تر هەیە. کەی وات هەست کرد تێریت، بەڵام دڵت کەمێک، زۆر نا، خواردن دەبات، ئەوە مانای وایە کاتێکی گونجاوە بۆ خۆشۆرین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٧٥)

لە بەشی حەوتەمدا، (جیهانگر) ئەو قوماشانەی باوکی لە بەغداد دەیانهێنێت، کاتێ تەواو دەبن، یاری بە تەختە و لوولەکانیان دەکات و یەکەمیان نیگاری لەسەر دەکێشێت و دووەمیان وەک مایکرۆفۆن بە کار دەهێنێت. لەسەر ئەم کارانە باوکی ڕەخنەی لێ دەگرێت، گوایە لە خوێندنی دوور دەخەنەوە، بەڵام دایکی دڵی پێی تەنگ دەبێت. (جیهانگر) وەسفی دایکی دەکات بەوەی: "ژنێکی هەستیارە. کەمترین شت دەتوانێت کاری تێ بکات و بیخاتە دۆخێکی ناهەموارەوە، بۆیە هەوڵ دەدات سەرچاوەی ئەو بێزارییە نەهێڵێت. بۆ نموونە من بێدەنگ دەکات و ڕێ نادات لەوە زیاتر ماڵەکە بە دەنگەدەنگ بشێوێنم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٥٧)

ئەگەر لە ڕوخساردا وا دەربکەوێت ڕێگرییەکانی (باوکی جیهانگر) لە کوڕەکەی ڕەهەندێکی سیاسییان هەبێت، کە سەرچاوەکەیان لەناو ترسدایە، ئەوە ڕێگرییەکانی (دایکی جیهانگر) لە ڕووی کاریگەرییەوە هیچیان لەوانەی (باوکی جیهانگر) کەمتر نین، کە لە واسواسییەوە سەرچاوەیان گرتووە. بە مانایەکی تر، دایکوباوکی (جیهانگر) کەسانی دیکتاتۆرن و دەیانەوێت دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کوڕەکەیاندا بسەپێنن، بەڵام بە دوو ڕێگەی جیاواز؛ باوک لە ڕێگەی

توندوتیژیی جەستەیی و دایک لە ڕێگەی خەمخۆرییەوە کوڕەکەیان نائارام دەکەن، کە ئەمەی دووەمیان بە توندوتیژیی سیمبۆلی ناو دەبرێت.

(گەربووشە)

هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە و یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەیە، کە لە چەندین شوێندا دێتە ناوەوە و دەرکەوتنەکانی کاریگەرن، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە لە منداڵانی تر جیاوازترە و بەردەوام بە بیرۆکە فەلسەفییەکانی، خۆی لەوانی تر جیا دەکاتەوە.

کاتێک لە نۆرەی بوتڵی غازدان و (برای مارلین مۆنرۆ) دەڵێت ئێستا بە دوو وشە هەموویان بێدەنگ دەکەم و دەڵێت: (بڕووخێ بەعسی فاشیست). هاوڕێکانی دەترسن بە هۆی ئەو دروشمەوە تووشی ئازار و سزا ببنەوە، بەڵام لەو ساتەدا (گەربووشە) هۆشیاریی خۆی بە کار دەهێنێت، کە دەڵێت:

"_ هەتا ئەگەر زمانیشمان لێ بدەن، من چارەسەری دەکەم. دەڵێم گوتوویەتی (بەڕوو) و (خوێ) بەعس. واتە باسی یەکێتیی خاکی عێراقی کردووە. (بەڕوو)ی شیرینی کورد و (خوێ)ی نازداری عەرەبە، بەعس... بژی! با، بژی ئەو حزبە مەزنە! (بەڕوو) و (خوێ) سۆمبۆلی یەکێتیی وڵاتمانن، کە بەعس پێکی هێناوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٤٧)

لە خۆپێشاندانی قوتابیانی ساڵی (١٩٨٢)دا بەشدار دەبێت و بەو هۆیەوە دەخرێتە زیندانەوە، هەر ئەوەیش وای لێ دەکات کوردستان جێ بهێڵێت و ڕوو لە ئەوروپا بکات. (جیهانگر) بەم جۆرە باس لەو گۆڕانە دەکات، کە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی زینداندا بەسەر (گەربووشە)دا هاتووە و وای لێ کردووە هەست بە داڕووخان بکات: "ئەو قوتابییە گیراوانە نەک هەر زوو ئازاد کران، بەڵکوو کەمیشیان لێدان خوارد، بۆیە دەزانم هۆکاری ڕووخانی (گەربووشە)، ئەشکەنجە نییە، یان لانی کەم ئەوە تاکە هۆکار نییە. من کاتێ خوشکی بچووک لە سەربان پێی گوتم ئەو دوو شەو لە زیندان ماوەتەوە، خێرا هێنامە بەر چاو بە هۆی حاڵەتی قێزکردنەوەوە چۆنی لێ گوزەراوە. هەر بینیم، یەکەم پرسیارم لێی، ئەوە بوو. بۆکسێکی لە شانم دا و گوتی:

_ تۆ تاکە کەسێکی تا ڕادەیەک لە من دەگەیت، کە وا نەزانیت بەوە دڵخۆشم. ئەوانەی لێم تێدەگەن، ئازارێکی زۆرم دەدەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٩٩-٢٠٠)

کاتێک لەسەر بابەتی خۆهەڵدانی (جیهانگر) دایەلۆگ دەکەن، کە ئەوە یەکەم بینینی نێوانیان دەبێت، (گەربووشە) ئەو کارە بە جیاوازیی نێوان خەون و واقیعەوە دەبەستێتەوە و لەو بارەیەوە بیرۆکەیەکی فەلسەفی دەردەبڕێت، بە (جیهانگر) دەڵێت:

"_ وا هەست دەکەم خەونت دیوە. ئەوەیە جیاوازیی نێوان خەون و واقیع. لە خەوندا جارێک خۆت هەڵدەدەیت و بە ئاگا دێیتەوە، بەڵام لە واقیعدا کاتێ خۆت هەڵدەدەیت، بەشێکی ترسەکەت

دەشکێت و هاوکات کەمێک، زۆر نا، چێژ دەبینیت، بۆیە دەتەوێت لە بینینی چێژەکەت بەردەوام ببیت. لە خەونـدا چێـژەکە هێنـدە گەورەیە، بە ئاگـات دەهێنێـت و ڕێـگەت نـادات بەردەوام ببیت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٥)

(گەربووشە) بە هۆی کاریگەرییەکەیەوە بەردەوام لەناو یادەوەریی (جیهانگر)دا ئامادەیە و لە بەشـی حەوتەمدا جـارێکی تـر بـۆی دەگەڕێتەوە: "پێشـتریش گوتـوومە خۆیشـم نـازانم بـۆچی هاوکاتی دەستپێکردنەوەی دەوامی قوتابخانە هەست بە تەنیاییەکی سـەیر دەکەم. هەر پۆلێکیش ببرم، چەند هاوڕێیەک لە دەست دەدەم. ماوەیەکم دەوێت تا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم ڕادێم، کە لە پۆلە نوێکەدا دەیانناسـم. ئەم هـاوینە دوو هـاوڕێی منداڵیمم لە دەسـت دان، (گەربووشـە) ئێرەی جێ هێشت و ڕووی لە ئەورووپا کرد، دروستتر گەیشتە لەندەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٣٢)

(جیهـانگر) بـاس لەو خەسـڵەتانە دەکـات، کە (گەربووشـە) لە تەواوی منـداڵانی گەڕەک جیـا دەکەنەوە و لە بارەیەوە دەڵێت: "بەوەدا هەم لە ئێمە گەورەترە و هەم کتێب زۆر دەخـوێنێتەوە، هەندێجار گوتەکانی کـاریگەرن. دەڵێت تەنیا ئەو سـاتانە هیـی تـۆن، کە تێیانـدا ئـازار دەکێشـیت. نموونە بەوە دەهێنێتەوە، ئێمە ڕۆژگارێک هەرگیـز ئەو جارانەمـان بە بیـر نـایەنەوە، کە ئاومـان خواردووەتەوە، بەڵام مەحاڵە بیرمان بچێتەوە ئەگەر جارێک وامان زانیبێت لە تینوان دەخنکێین. ئەوەی لەگەڵت هاتووە و ئێستا هیی تۆیە، ئاوخواردنەوە نییە، بەڵکوو تینوێتییە. ئەو برینانە هیی تۆن، کە بەشێکی گۆشتەکەتیان لێ کردووەتەوە، نەوەک ئەو هەموو گۆشتەی وا بە جەستەتەوە ماوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٥١)

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، کە دەرکەوتنی (گەربووشە) وەک کارەکتەرێکی سەرەکی بە گشـتی لە ڕووبەری ڕۆمـانەکەدا لەگەڵ (جیهـانگر)دایە و خـوێنەر بە هـۆی بەسـەرهاتەکانی گێڕەرەوەوە ئاشنای ژیان و بیرکردنەوەکانی ئەم کارەکتەرە دەبێت.

(پ....ن)

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، کە بەراورد بە کارەکتەرە سەرەکییەکانی تر کەمتر دەردەکەوێت، بەڵام هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە و لە بەشێکی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا ئامادەیە. کەسێکی هۆشیارە، خاوەنی کەسێتی و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیەتی و لەژێر کاریگەریی هیچ کارەکتەرێکی تردا نییە.

کاتێک لەگەڵ (جیهانگر)دا خەریکی وەرگێڕانی نووسینێکن، کوڕێک بە ناوی (تیئێنتی) لە دەرگە دەدات و (شەکشەک) دەیەوێت زانیاریی لەبارەیەوە کۆ بکاتەوە، لەو ڕووەوە (پ....ن) پێی دەڵێت: "_ مادام وای لێ هات، شەکشەک گیان، بۆ منی واز لێ بهێنە، چونکە لەم ڕووەوە ئەزموونی باشم هەیە. نارکۆم وا لێ کرد نەک قوتابخانە، بەڵکوو شارەکەیش جێ بهێڵێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٦٦)

(پ....ن) لەگەڵ (جیهانگر، شەکشەک و پاژان)دا بەرەو بەغداد گەشت دەکەن. خوێنەر لەو سەفەرەدا زیاتر بە بیرۆکەکانی ئەم کارەکتەرە ئاشنا دەبێت، کاتێک (شەکشەک) دەڵێت سەرجەم بوونەوەرەکان دەیانەوێت لەگەڵ مرۆڤدا پێوەندی دروست بکەن، (پ....ن) ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پێی دەڵێت: "_ مەبەستتە بڵێیت مرۆڤ سەنتەری گەردوونە. ئەمە ڕەوایەتیدانە بە قڕکردنی سەرجەم گیاندارەکانی تر.

_ لەوەتەی دەستت داوەتە خوێندنەوەی ئەو فۆکۆ و مۆکۆیە، هێندەی ڕەخنە لە شتە بچووکەکان دەگریت، لە شتە گەورەکانی ناگریت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٠٥) لێرەدا لە ڕێگەی ئەم دەربڕینەی (شەکشەک)ـەوە هۆشیاریی کارەکتەری (پ....ن) دەردەکەوێت، کە کەسێکە باوەڕی بە ئازادی و مافی یەکسان هەیە و لەبارەی مێژووی فیکرەوە ئاگادارە. کاتێکیش لە سەفەری بەغداد دەگەڕێنەوە، سەگەکەی (ئالیلی)، کە ناوی (نایدەم)ـە لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە، (پ....ن) (شەکشەک)ی هاوڕێی لە بەردەم پرسیارێکدا ڕادەگرێت: "_ دەتوانیت پێم بڵێیت، ئالیلی چۆن ڕێی پێ دایت، نایدەم لەگەڵ خۆت بهێنیت؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٤)

واتە (پ....ن) لە ڕووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی کراوەیە و لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکیدا، لە ڕێگەی دەربڕینی بیرۆکەی فەلسەفی و پرسیارەکانیەوە گۆڕان لە ئاراستەی ڕووداوەکاندا دروست دەکات و لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت. هەروەها لە ڕووی ئەرکیشەوە کارەکتەرێکی سەرەکییە، چونکە لە چەندین شوێنی ڕۆمانەدا بوونی هەیە.

**کارەکتەری لاوەکی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

ئەگەر پێشتر گوتمان ڕۆمان بەبێ کارەکتەری لاوەکی بنیات نانرێت، ئەوە ئەم تێگەیشتنەمان بە ڕوونی لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت و کارەکتەرە لاوەکییەکان لە دەرکەوتنەکانیاندا یارمەتی بەرەوپێشچوونی تێکستەکە دەدەن. لێرەدا چەند نموونەیەکیان لێ دەهێنینەوە:

(برای جیهانگر)

یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکە و لە ڕووی پێکهاتەوە کەسێتییەکی داخراوی هەیە، ئەمە وای لێ کردووە لەنێو خێزانەکەیدا کەسێکی ناچالاک بێت و خوێنەر تەنیا لە ڕێگەی گریان، یان کردنەوەی دەرگەی حەوشەوە بەری بکەوێت. بەشداری لە گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا ناکات، چونکە هەم کەسێتییەکی لاوازی هەیە، هەم ڕووبەرێکی کەمیشی لە تێکستەکەدا داگیر کردووە.

لە بەشی سێیەمدا (جیهانگر) یاری لەگەڵ منداڵێکدا بە ناوی (شەعبەنات) دەکات و دەیخولێنێتەوە، لەناکاو لە دەستی بەر دەبێتەوە و لە زەوی دەدات. دایکوباوکی بۆ هەواڵی ئەو منداڵە دەچن. (جیهانگر) دەگاتەماڵەوە و بەم جۆرە وەسفی براکەی دەکات: "دەگەمە سەربان و براکەم هەڵدەستێنم، کەچی هەر هێندە بە ئاگا دێت و لێم دەڕوانێت، دەست بە گریان دەکات و یەک وشەی بۆ ناگوترێت. چەند لێی دەپرسم چی بووە؟ بۆ دەگری؟ کوا دایکمان؟ ئەدی کوا باوکمان؟ وەڵامی نییە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٥٣)

لە بەشی چوارەمدا کەسوکاری منداڵێک لەبارەی دیارنەمانی کوڕەکەیانەوە لە نیوەی شەودا بۆ ماڵی (جیهانگر) دێن و دەیانەوێت سۆراغی بکەن، چونکە گوتراوە ئەمڕۆ لەگەڵ ئەمدا بینراوە و ئیتر بۆ ماڵەوە نەگەڕاوەتەوە. (جیهانگر) سەرەڕای دۆخی سایکۆلۆجیی خۆی، وێنەی گریانی براکەیشی دەکێشێت: "من زیاتر دڵم دادەخورپێت. دایکم باسکی لە ملم دەئاڵێنێت، بەڵام براکەم دەست بە گریان دەکات."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٧٠) لە شوێنێکی تردا ئەرکەکەی تەنیا بریتییە لە کردنەوەی دەرگەی حەوشە و ئاگادارکردنەوەی ماڵەوە لەوەی کێ لە دەرگەی داوە:

"براکەم ڕا دەکات و ئەرکەکە لە ئەستۆ دەگرێت. من لەژێر لێفە زیاتر هەڵدەلەرزم. دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

_ خێرە. خێری حەوتی نیسانە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٥)

بەکورتی ئەم کارەکتەرە کەسێتییەکی لاوازی هەیە، دەرکەوتنەکانی کاریگەر نین و گۆڕان لە ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا دروست ناکەن.

(شیپە)

خوشکی (جیهانگر)ـە و لە ڕۆمانەکەدا ڕووبەڕێکی کەمی داگیر کردووە. بەراورد بە کارەکتەری (برای جیهانگر) کاریگەرترە و لەگەڵ ڕووداوەکاندا پێوەندی دادەمەزرێنێت، بەڵام هێشتا ئەم پێوەندییە سیمای کارەکتەرێکی سەرەکی پێ نابەخشێت، چونکە ڕێژەی دەرکەوتنەکانی زۆر نین.

(جیهانگر) باس لە (شیپە)ی خوشکی دەکات، کە تێیدا خەسڵەتە منداڵانەکەی و تەمەنی پێشان دەدات: "شیپە بە تەباشیر شەش خانەی لەسەر کۆنکریتەکەدا کێشاوە و لەگەڵ کچێکی هاوتەمەنی هەنگەشەلێ دەکات. دەراوسێمانە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٥٧)

کارەکتەری (شیپە) چ لەناو خێزان و چ لە دەرەوەیشدا کەسێکی خۆشەویستە، تەنانەت باوکی هەمیشە پشتی دەگرێت. لەو بارەیەوە (جیهانگر) دەڵێت: "باوکم هەمیشە لای (شیپە) دەگرێت، کاتێ لەگەڵ من و براکەمدا کێشەی دەبێت، هەتا ئەگەر سوور بزانێت ئێمە لەسەر هەقین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٥٩)، تەنانەت دەڵێت: "باوکیشم (شیپە)ی زۆر خۆش دەوێت. لە هەموو ژیانیدا زللەیەکی لێ نەداوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٥٩)

کاتێک کچێک دەفتەر بە (شیپە) دەدات، بۆ ئەوەی بە دەستی (جیهانگر)ی برای بگەیەنێت، تا لەبارەی خۆشەویستییەوە دارشتنێکی بۆ بنووسێت. لێرەدا سیمای (شیپە) دەنەخشێنرێت، کە کەسێکی کراوە و ڕووخۆشە و هەموو شتێک بە لای گاڵتەدا دەبات. (جیهانگر) وا خۆی پێشان دەدات بەو هەواڵە دڵخۆش نییە. (شیپە) پێی دەڵێت:

"_ عاقڵ نیم؟ نەمگوت دەفتەری (س..ی..ا...ر) بەر شەق دەدەیت. خۆ دەزانم گاڵتە دەکەیت. دڵت نایەت. تۆی خۆش دەوێت.

نازانم بگریم، یان قاقا لێ بدەم! پێویستە لەم دووانە یەکێکیان هەڵبژێرم."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٦٥)

(جیهانگر) کارت دەهێنێتەوە و لە چەندین وانەدا دەرنەچووە، باوکی بەم هەواڵە زۆر تووڕە دەبێت، بەڵام (شیپە) لە ڕێگەی گاڵتەوە گۆڕان لە ئەتمۆسفێری ئەو دۆخەدا دروست دەکات و بە باوکی دەڵێت: "_ باوکە، لە ئێستاوە لای دووکاندارەکانی دەوروبەرت سێ چوار فەردە گوڵەبەڕۆژەی باش بۆ جرجە جوانەکانی بکڕە، چونکە زۆرن و بە خواردنی خۆمان تێر نابن.

دەستەکانی بە شێوەیەک لە هەوادا ڕاگرتوون، وەک بڵێی هەر بە ڕاستی جرجی پێ گرتبن:

_ برادەرتن و باوەڕ ناکەم گوڵەبەڕۆژەی خراپت بدەنێ. خاتریشت دەگرن، ئەگەر بزانن بۆ جرجەکانتە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢١١-٢١٢)

(پاژان)

ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی کەسێکی کراوەیە و کاریگەری لەسەر ئەو ڕووداوانە هەیە، کە تێیاندا بەشدارە، بەڵام بە هۆی کەمیی ڕێژەی دەرکەوتنیەوە لە بازنەی کارەکتەرێکی لاوەکیدا دادەنرێت، کە تەنیا لە بەشی کۆتاییی ڕۆمانەکەدا، کە بەشی هەشتەمە، دەبینرێت و هەر لە سەرەتاکەیدا چیرۆکی (پاژان) دێتە ناوەوە، کاتێک لەگەڵ (جیهانگر، شەکشەک و پ....ن)دا بە مەبەستی بینینەوەی (ئالیلی)ی کچیدا گەشت دەکات. سەرەتا گێڕەرەوە بە خوێنەری دەناسێنێت و لە مانای ناوەکەیەوە دەست پێ دەکات: "پاژان، کە بە کەسێک دەگوترێت بەسەر ئاگردا بازبازێن دەکات، ناوی خوازراوی ئەو ژنە کۆمۆنیستەیە، وا ئێمە بە نهێنی دەیگەیەنینە بەغداد و دەبێت بیشیهێنینەوە، بەو مەبەستەی نزیکەی دوای دە ساڵ کچەکەی ببینێت. کاتێ جێی هێشتووە، لە دووی ناوەندی بووە. (شەکشەک) ناسنامەیەکی ساختەی بۆ دەرهێناوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٨٦-٣٨٧)

لە ڕێگەی گەشتەکەیاندا چەندین ڕووداوی جۆراوجۆر ڕوو دەدەن، کە بە پلەی یەکەم پێوەندییان بە (پاژان)ەوە هەیە، بۆ نموونە دایەلۆگ لەگەڵ (پ....ن)دا دەکات. لە گەشتەکەیاندا لە گوندێکی عەرەبنشین لا دەدەن، چونکە زمانی عەرەبی بە باشی دەزانێت، ئەوە لەو ڕووەوە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت. کاتێکیش دەگەنە بەغداد و لە دەرگەی ماڵی (نازی) دەدەن، ئاماژە بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەکات و دایەلۆگ لەگەڵ دەستەخوشکەکەیدا دەکات و پێی دەڵێت:

"_ (ب..ا..س..ە)م. چییە؟ نامناسیتەوە؟

(نازی) ڕادەچڵەکێت. ڕەنگی تێک دەچێت. خێرا بەملا و بەولای کۆڵاندا دەڕوانێت. ئینجا ئاوڕێک لە کوڕەکەی دەداتەوە، کە هێشتا لەو شوێنەوە چاودێریمان دەکات. دەستەکانی بە دەمیەوە دەگرێت و بە گلەییەوە دەپرسێت:

_ بۆ هاتیت؟ پێم نەگوتیت نەیەیت؟

(پاژان) کەمێک لێی نزیک دەبێتەوە و دەڵێت:

_ خۆت لە نامەدا نووسیوتە بێم.

_ لە نامەکەی دواترمدا نەمگوت جارێ چاوەڕێ بکە، چونکە هێشتا بارودۆخ لەبار نییە؟ وام نەگوت؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٣٨-٤٣٩)

لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا (جیهانگر) لە ڕێگەی ئاماژە و بەبێ ئەوەی بۆ خوێنەری ڕوون بکاتەوە، باس لە خۆکوشتنی (پاژان) دەکات: "بۆم دەرکەوتووە ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لەوانە زیاتر لە یادەوەریدا دەمێننەوە، کە کەسانی تر دەیانکوژن، بۆیە (پاژان) لە خەیاڵی مندا هەمیشە بەئاگایە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)

(برای مارلین مۆنرۆ)

هەرچەندە هاوڕێی منداڵیی (جیهانگر)ـە، بەڵام کارەکتەرێکی لاوەکییە و گێڕەرەوە لە بەشێکی کەمی گێڕانەوەکانیدا ئاماژەی پێ دەدات. لە بەشی پێنجەمدا، کاتێک خەڵکی لە نۆرەیەکی درێژی بۆتڵی غازدان، (برای مارلین مۆنرۆ) گۆڕان لەو ئەتمۆسفێرەدا دروست دەکات و دروشمێکی ترسناک دەڵێتەوە، کە لەو ڕێگەیەوە خەسڵەتەکانی تاکی کورد لەو ڕۆژگارەدا دەردەکەون، کە هۆکاری دروستبوونی ئەم نۆرە درێژە لە بێدەنگییانەوە سەرچاوەی گرتووە: "کەمێک لە بۆتڵەکەی دوور دەکەوێتەوە. دەستەکانی هەڵدەبڕێت و بە دەنگی بەرز دەڵێت:

ـ بڕووخێ بەعس، بڕووخێ بەعس!

ئێمە دەڵێین، واز لەو دەبەنگییە بهێنێت، بەڵام هەر بە ڕاستی سەرتاپێی خەڵک بێدەنگ دەبن، بگرە هەست لە خۆیان دەبڕن. پێم دەڵێت:

ـ (بڕووخێ بەعس) لە دوو وشە پێک دێت.

لێی دەپرسم:

ـ ناترسیت زمانمان لێ بدەن؟

ـ نا، باوەڕم پێ بکە! ئەوانە تەنانەت جورئەتی ئەوەیشیان نییە. هەر لەبەر ئەوەیە لەم سەرە درێژەدا وەستاون. پێت وایە یەکەمجارە کاری وا دەکەم؟ چاکیان دەناسم و دەزانم بە چی یاخەمان بەر دەدەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٤٦)

(جیهانگر) باس لە چیرۆکی خۆشویستنی (تیتیتی)ی خوشکی (گەربووشە) لەلایەن (برای مارلین مۆنرۆ)وە دەکات، کە دواتر هەر ئەوەیش وای لێ دەکات خۆی بکوژێت: "ئایا ڕاستە وەک (کوڕی ژنە بێبرژانگەکە) و (سەرجۆنی ئەکەدی) پێی لەسەر دادەگرن (تیتیتی) هۆکاری خۆکوشتنەکەیەتی؟ هەتا ئەگەر پرسیارەکە بە (بەڵێ)یش وەڵام بدەمەوە، ئەوە مانای وا نییە ئەو کچە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە خۆکوشتنەکەیەوە هەیە. لانی کەم لەو ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت (تیتیتی) بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، تا چ ئەندازەیەک هێزی لە (برای مارلین مۆنرۆ) بڕیوە، کە لەماڵیاندا کۆ بووبووینەوە و سەیری کاسێتی ڤیدیۆمان دەکرد. دواتر زانیمان جگە لە جلوبەرگی ژێرەوەی، جووتێ پێڵاو و وێنەیەکی ئەوی دزیوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٠٨-٢٠٩)

کارەکتەری (برای مارلین مۆنرۆ) ئەگەرچی ڕێژەی دەرکەوتنەکانی کەمن، بەڵام لە هەر دەرکەوتنێکیدا دەبێتە کارەکتەری سەرەکی و گۆڕان لە ئاراستەی ڕووداوەکاندا دروست دەکات و دەیانباتە ئاستێکی جیاوازترەوە.

(د. دالانی)

له ڕۆمـانەکەدا دەرکەوتنـی ئەم کـارەکتەرە هێنـدە کەمە، هەمـوو ژیـانی لە چەنـد لاپەڕەیەکـی کەمدا باس دەکرێت، کە ژنێکی سوورییە، لە سەرەتای شەستەکاندا هاتووەتە شاری (هەولێر) و بە تەنیـا لە مـاڵێکی چۆڵـدا دەژی، بەڵام لەو چەنـد لاپەڕەیەدا دەبێـتە کـارەکتەری سـەرەکی و (جیهانگر) بە سەرتاپێی ژیانیدا دەچێتەوە، کە لە ڕێگەی (شەکشەک)ـەوە دەیناسێت. گێڕەرەوە سـەرەتا بـاس لە مـردنەکەی دەکـات و دواتـر وردەکارییەکـانی ژیـانی دەگێـڕێتەوە: "لە خـۆم ڕادەبینـم بڵـێم (د. دالانـی) یەکەم ژنە لەم شـارەدا بە ئەلکوهـول مردبێت. وەک مـن بـزانم ئەو مـاددەیە دەتوانێـت مـرۆڤ بکوژێـت، ئەگەر: یەکەم، زۆری لـێ بە کـار بهێنێـت. دووەم، پێـی ژەهـراوی ببێت. بێگومـان یەکەمیـان تەواو لەگەڵ دۆخـی (د. دالانـی)دا دەگونجێت، کە ئەمڕۆ لە ڕێـگەی نێـوان گەراژ و مـاڵەوەدا، هەواڵەکەیـم پـێ گەیشـتووە."(کاکەسـوور، ٢٠٢١: ٤١٠) هۆکـاری دروسـتبوونی پێوەنـدیی نێـوان (د. دالانـی) و (جیهـانگر) بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، کە ئەم خەریکـی نووسینی ڕۆمانێک دەبێت و (شەکشەک) پێی دەڵێت ئەو ژنە دەتوانێت یارمەتی بدات: "من خۆم لە ئەیلوولی هەشتاوهەشتەوە بە هۆی (شەکشەک)ـەوە دەیناسم. پێم دەڵێت ئەو ژنە خەزێنەیەکە و پـڕە لە چیـرۆک، کە دەتـوانم زۆر سـوودیان لـێ ببینـم، بە تـایبەتی لەو ڕۆمـانەی مـاوەیەکە دەستم داوەتە نووسینی."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤١٠-٤١١)

لە کۆتاییدا (د. دالانـی) لە مـاڵەکەی خۆیـدا دەمرێت و لە ڕێگەی ئاماژەکـانی باڵندەناسـێکەوە دەزانرێـت، کە سـەرنجی داوە چـۆلەکەیەکی زۆر لەسـەر لقەکـانی نزمتـرین درەختـی باخەکەیـدا هەڵنیشـتوون، کاتێـک دەڕوانــنە ژوورەکــان، بە شــێوەیەکی ســەیر و بەردەوام دەجریــوێنن. (جیهــانگر) دەڵێــت: "نــازانم ئەمە تــا چ ڕادەیەک ڕاســتە، بەڵام ئەو باڵندەناســە گوتــوویەتی گردبــوونەوەی چۆلەکەکـان و هەڵسـوکەوتیان ڕێـک ئەوە دەردەخەن، کەسـێک لەو شـوێنەدا مردووە و بۆگەنی کردووە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤١٣)

لە ڕێـگەی گێـڕانەوەی ژیـانی ئەم کـارەکتەرەوە، خـوێنەر بەر چەنـدین چیرۆکـی جیـاواز دەکەوێت، لەوانە، شێوازی ژیانی ژنێکی تەنیـا لە مـاڵێکی چۆڵدا، فرۆشـتنی کەلوپەلی مـاڵەکەی لەپێناوی کڕینی خواردنەوەدا، خوێنەر بە هـۆی ئەم کارەکتەرەوە دەزانێت (جیهانگر) خەریکـی نووسـینی ڕۆمـانێکی نـوێیە و لە کۆتاییشـدا مـردنەکەی دەبێـتە ڕووداوێکـی سـەرنجڕاکێش، کە پێوەندیی لەگەڵ جیهانی باڵندە و خوێندنەوەی ئاماژەکانی جووڵەیاندا دروست دەکات.

(لەقلەق)

ئەم کارەکتەرە تەنیا لە بەشی شەشەمدا دەردەکەوێت، کاتێک سەردانی کتێبخانەکەی (جیهانگر) دەکات و بەشێک لە یادەوەرییەکانی منداڵییان دەگێڕنەوە، کە تێیدا باس لە چالاکیی (لەقلەق) دەکەن و گێڕەرەوە لەبارەی ناوەکەیەوە دەڵێت: "دایەگەورەم ناوی ناوە (لەقلەق)، چونکە هەمیشە بەو قاچە باریکانەی لەسەر دیوارەکاندا ڕا دەکات. من ئەگەرچی زۆر پێی سەرسامم، بەڵام ئەستەمە بتوانم بەسەر دیوارێکی نزمیشدا بڕۆم، چجای وەک ئەم لەسەر ئەو باریک و بەرزانەدا هەڵبەبەزمەوە. لە بەرزاییی وادا ئەو کچەم دیوە، کە هەر نەموێراوە لێی بڕوانم، بۆیە چاوی خۆمم گرتووە، یان ڕووم لێ وەرگێڕاوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢١)

(جیهانگر) لە درێژەی وەسفی (لەقلەق)دا ئاماژە بە خەسڵەتێکی دیاری ئەم کارەکتەرە دەکات: "ڕەنگە شتێکی تریش وای لە دایەگەورەم کردبێت بە (لەقلەق) بانگی بکات، ئەویش ئەوەیە، کاتێ دەبینێت خەڵکی گەڕەک جلوبەرگیان شووشتوون و لەسەر تەنافی سەربانیان هەڵخستوون، دەچێت کراسی ژنێک لێرە هەڵدەگرێت و لەوێ، واتە لە سەربانێکی تر لە تەنیشت جلوبەرگی پیاوێکدا هەڵیدەخات، بگرە لە یەکتریان گرێ دەدات. لە سەربانێکی دیکەدا شەرواڵی، یان پانتۆڵی کوڕێک دەبات و دوای بڕینی شەش حەوت سەربان لەسەر تەنافیماڵێکی تر، لە تەنیشت هیی کچێکدا هەڵیدەخات. دەگاتە ئەوەی جلی ژێرەوەی ژنێکی ئەمسەری کۆڵان لەگەڵ هیی پیاوێکی ئەوسەری کۆڵاندا بە یەک بگەیەنێت، بە ڕادەیەک دەڵێی پێکەوە شۆراون و یەک دەستیش هەڵیخستوون."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٢١)

لە کۆتاییی بەشەکەدا (شەکشەک) دەردەکەوێت، کاتێک خەریکی چاککردنەوەی سیستەمی کارەبای دووکانەکەی (جیهانگر) دەبێت، لەناکاو پلایسێکی لە دەست بەر دەبێتەوە و سەری (لەقلەق) دەشکێنێت.

لە ڕۆمانەکەدا ژمارەی کارەکتەرە لاوەکییەکانی تر هێجگار زۆرن، بۆ نموونە (سەرجۆنی ئەکەدی، ئۆتۆنۆمی، نازی، ئالیلی، دایکی زەینەب، مام پەلەکەن، نێرڤاسەنە، لاکێ، پەرە، نوونوو، نارکۆ، تیئێنتی، د.ا.و.ر، کاردی و چەند کارەکتەرێکی تر)، کە ئەگەرچی لە ڕووی ڕێژەوە کەم دەردەکەون، بەڵام گۆڕان لە ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا دروست دەکەن و پێوەندیی لەگەڵ (جیهانگر)ی کارەکتەر و گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا دادەمەزرێنن، کە هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە باس لە ژیانیان دەکرێت و چیرۆکەکانیان دەگێڕدرێنەوە.

## تەوەری سێیەم

## کارەکتەر لە ڕووی شێوازی پێشکەشکردنەوە

خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا ئەو پرسیارەی لە لا دروست دەبێت ڕۆماننووس بە چ شێوازێک کارەکتەرەکانی پێشکەش کردوون، کە بۆ ئەو پرۆسێسە دوو ڕێگە لە بەردەم نووسەردا هەن؛ یەکەم، شێوازی ڕاستەوخۆ (خودی- پێشاندان) و دووەم، شێوازی ناڕاستەوخۆ (بابەتی- ڕاگەیاندن)، کە لە هەندێ لەو توێژینەوە کوردییانەی لەبارەی کارەکتەرەوە کراون، لە ڕووی زاراوەوە جۆرێک لە تێگەیشتنی نادروست هەیە، بۆ نموونە هەریەک لە توێژەران (عەونی ئەمین عومەر*، جەوهەر شێخانی**، عەلی عوسمان یاقووب*** و نەجم خالید ئەڵوەنی****) پێیان وایە شێوازی ڕاستەوخۆ ئەوەیە نووسەر، یان گێڕەرەوەی هەمووشتزان و کارەکتەرێکی تری نێو تێکست زانیارییەکانی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەگوێزنەوە. لە شێوازی ناڕاستەوخۆیشدا خوێنەر لە زاری کارەکتەر خۆیەوە دەیناسێت، بەڵام لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (شێوازەکانی پێشکەشکردنی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی بگێڕەوەوە لە ڕۆمانەکانی "حسام بەرزنجی"دا) هەردوو زاراوەکە بە شێوەیەکی دروست بە کار هاتوون*****، تێیدا شێوازی ڕاستەوخۆ وا هاتووە، کە "بگێڕەوە دەسەڵاتی سنووردارە و کەمتر دەستێوەردان لە ڕووداو و پێشکەشکردنی کارەکتەردا دەکات و ڕێدەدات کارەکتەر بە خۆی باسی خۆی بکات و خوێنەر لە ڕێی هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ئەوەوە ئاشنای دەبێت."(کەریم، نەجمەدین، ٢٠٢٠: ١٨٣) لەبارەی شێوازی ناڕاستەوخۆیشەوە دەنووسن بگێڕەوە هەمووشتزانە و جێناوی کەسی سێیەمی نادیار بەکاردەهێنێت. (کەریم، نەجمەدین، ٢٠٢٠: ١٨٢)

توێژەری مەغریبی (محەمەد بوعزە) لە کتێبی (تحليل النص السردي- شیکردنەوەی تێکستی گێڕانەوە)دا لەبارەی شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەر لە ڕۆماندا پێی وایە لە شێوازی ڕاستەوخۆدا "سەرچاوەی زانیارییەکانی کارەکتەر لە زاری خۆیەوە دەخرێنە ڕوو، بەو مانایەی کارەکتەر بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەر خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت و لەو ڕووەوە پێویستی بە هیچ نێوەندێک نییە."(بوعزة، ٢٠١٠: ٤٤) واتە لە ڕێگەی پرۆسێسی گێڕانەوە و تەکنیکەکانی دایەلۆگ و مۆنۆلۆگەوە  بە شێوەیەکی ئازاد خۆی دەردەبڕێت. ئەم ڕەخنەگرە لەبارەی شێوازی ناڕاستەوخۆیشەوە دەڵێت: "لەم شێوازەدا سەرچاوەی زانیارییەکانی کارەکتەر لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە، یان کارەکتەرێکی تری نێو ڕۆمانەکەوە دەست دەکەون و سروشت و

---

* بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی (فەرهاد پیرباڵ)دا (٢٠١٥)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ل: ٥٠

** بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسین عارف)دا (٢٠١٤)، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل: ٥٦

*** ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان (٢٠٢١)، بەرگی ٢، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل: ٢٣

**** کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی موکریان، ٢٠٠٩، ل: ١١٣

***** ئەم توێژینەوەیە بە هاوبەشی لەلایەن (پ. ی. د. نەجم خالید نەجمەدین و حەسەن یوسف کەریم)ـەوە نووسراوە و لە ژمارەی (٣)ی (پاییزی ٢٠٢٠)ی (گۆڤاری توێژەر)دا بڵاو کراوەتەوە.

خەسڵەتەکانی کارەکتەر پیشان دەدەن. لەم دۆخەدا گێڕەرەوە دەبێتە نێوەندێک لەنێوان کارەکتەر و خوێنەردا."(بوعزة، ٢٠١٠: ٤٤)

ئەگەر لەبارەی شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەرەوە زاراوەکانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە کار دەهێنین، لەبەر ئەوەیە لە ڕێگەی یەکەمدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت و پێویستی بە هیچ نێوەندێک نابێت، بەڵکو پێوەندییەکە ڕاستەوخۆ لەنێوان کارەکتەر و خوێنەردا دروست دەبێت، کە ئەم شێوازە لەگەڵ ڕۆمانی نوێ و بە تایبەتی ئەو ڕۆمانانەی لە بازنەی تێکستی فرەدەنگدا جێگەیان دەبێتەوە، یەک دەگرێتەوە و ڕۆماننووس کەشێکی کراوە لە بەرهەمەکەیدا دەخوڵقێنێت، تا هەر کارەکتەرێک بە ئازادی خۆی دەرببڕێت، بۆیە خوێنەر ڕەهەند، خەسڵەت و بیرۆکەکانی لە ڕێگەی خودی کارەکتەر خۆیەوە دەناسێت و لەوانی تری جیا دەکاتەوە. لێرەدا چەمکی خوێنەر دێتە ناوەوە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی دوای لەدایکبوونی تیۆریی وەرگرتن لە ساڵی (١٩٦٠) لەسەر دەستی هەردوو ڕەخنەگری ئەڵمان (هانز ڕۆبێرت یاوز ١٩٢١-١٩٩٧ و ڤۆڵڤانگ ئایزەر ١٩٢٦-٢٠٠٧) لە زانکۆی (کۆنستانس)ی ئەڵمانیا، بایەخێکی گەورەی پێ دەدرێت، کە لەم تیۆرییەدا خوێنەر لە دەرەوەی تێکست نییە، بەڵکو دەبێتە بەشێک لە بەرهەمەکە و لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان و شیکردنەوەی کەسێتیی کارەکتەرەکاندا بەشداری پێ دەکرێت.

شێوازی ناڕاستەوخۆ زیاتر لە ڕۆمانی سەدەکانی پێشووتردا دەردەکەوت، کە نووسەر، یان گێڕەرەوەی هەمووشتزان ڕەفتار و دیدگەکانی کارەکتەریان بۆ خوێنەر دەگوێزایەوە. ئەم شێوازی پێشکەشکردنە دوو خەسڵەتی هەن، یەکەم، ئەم شێوازە زیاتر لەگەڵ توخمی وەسفدا پێوەندی دادەمەزرێنێت و کارەکتەرەکان لە جووڵە دەوەستن، بەڵکو تەنیا وەسف دەکرێن. دووەم، لەم شێوازەدا خوێنەر کەسێکی ناچالاکە و لە پرۆسێسی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەشداری پێ ناکرێت. هەروەها پێوەندیی نێوان کارەکتەر و خوێنەر ناڕاستەوخۆیە و پێویست بە نێوەندێک دەکات، تا پێکیان ببەستێتەوە، کە ئەو نێوەندە هەندێ جار خودی نووسەرەکەیە، یان گێڕەرەوەی هەمووشتزان و کارەکتەرێکی تری نێو تێکستەکە ئەو پێوەندییە دروست دەکەن.

**کارەکتەر لە ڕووی شێوازی پێشکەشکردنەوە لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)**

(کاروان عومەر کاکەسوور) لەم ڕۆمانە و ئەوانەی پێشووتریشیدا لەبارەی پێشکەشکردنی کارەکتەرەکانیەوە پەنای بۆ ڕێگەی یەکەم بردووە و خۆی لە شێوازی ناڕاستەوخۆ پاراستووە، چونکە چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە بە گشتی تێکستی فرەدەنگن، کە تێیدا نووسەر ڕێگە بە دەنگەکان دەدات بە ئازادی و بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێک خۆیان دەرببڕن، ئەمە وا دەکات تاکە دەنگێک خۆی بەسەر کۆی دەنگەکاندا نەسەپێنێت. لە تێکستی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا ئەگەرچی لە ڕوخساردا وا دەردەکەوێت (جیهانگر) گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، بەڵام ڕێگەی لە ئازادیی دەنگەکانی تر نەگرتووە و هەر کارەکتەرێک خاوەنی زمان و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە ڕێگەیەوە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت.

شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا ڕاستەوخۆیە و (جیهانگر) بەبێ ئەوەی کاریگەریی زمانی نووسەری لەسەر ببێت، لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە چیرۆک و ڕووداوەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە و ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ خوێنەردا دادەمەزرێنێت، تەنانەت ڕۆماننووس هێندە ئازادی بە کارەکتەرەکان بەخشیوە، ناوی ڕاستەقینەی بەشێکی زۆریانی لە خوێنەر شاردووەتەوە و لە ڕێگەی مامەڵە و بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا خۆیان ناو لە یەک دەنێن. ئەم تێگەیشتنە بە تەواوی لەگەڵ ئەو گوتەیەی ڕەخنەگری فرانسی (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ)دا یەک دەگرێتەوە، کە لە کتێبی (چەمکەکانی گێڕانەوە)دا لەو بارەیەوە دەڵێت: "دەکرێت ناو لە کارەکتەر بنرێت، لە ڕێگەی ئەو خەسڵەتانەی لەناو پرۆسێسی گێڕانەوەدا هەڵیگرتوون."(تودوروف، ٢٠٠٥: ٧٤) بۆ نموونە (جیهانگر) لە تەمەنی چوارساڵیدا لە بازاڕ ون دەبێت و ژنێک دەیدۆزێتەوە، کاتێک لە بڵندگۆی مزگەوتەوە گوێی لە ناوی خۆی دەبێت، تەزوو بە گیانیدا دێت، ژنەکە ئەم دیمەنە دەبینێت، بڕیار دەدات ناوی (جیهانگر)ی لێ بنێت و پێی دەڵێت:

"_ ئێستا زانیم پێشتر ناوت چی بووە. تۆ ناتوانیت شت لە من بشاریتەوە. جیهانگر ناوتە و هەر ئەمەیشت لێ دێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٦٨) واتە (جیهانگر) لە ڕێگەی ناونانی ئەم ژنەوە بۆ یەکەم جار ناوی خۆی بە خوێنەر دەڵێت.

(جیهانگر) لەبارەی (شەکشەک)ەوە دەڵێت: "ناوێکی خۆشیان لێ ناوە، بەڵام بە (شەکشەک) بانگی دەکەن."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧)

چیرۆکی ناوی (گەربووشە) لە زاری خۆیەوە دەزانرێت، کە ناوی ماسییەکە و "باپیری لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا چووەتە سەر دەریای ڕەش و لەوێ گەربووشەی ڕاو کردووە، بۆ ئەوەی بە ئەفسەرەکانی بفرۆشێتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٦)

(جیهانگر) لەبارەی ناوی هاوڕێیەکیەوە دەڵێت: "ناومان ناوە "ترینیتی"، بەوەی لە ئەکتەری ئیتاڵی "ترانس هیل" دەچێت، کە لە ڕێگەی هەردوو فیلمی "بە ترینیتی بانگم دەکەن" و "هێشتا ناوم ترینیتییە"وە ناسیومانە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٣٥)

ناوی کارەکتەری (برای مارلین مۆنرۆ) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک منداڵان یارییان بە ڕەسمی ئەکتەر و هونەرمەندە ناسراوەکان کردووە، کەسێکیان وێنەی (مارلین مۆنرۆ)ی لە خۆی خشاندووە و گوتوویەتی خۆزگە شەوێک لەگەڵی دەخەوتم، ئەمەی پێ قەبووڵ نەکراوە و بە بۆکس تێی کەوتووە. شەڕەکە گەورەتر دەبێتەوە و دەگاتە پۆلیس. لەوێ دەپرسن:

"_ مارلین مۆنرۆ کێیە؟

باوکی هاوڕێیەکمان، کە لەگەڵیان چووە و دەیناسێت، سەر با دەدات و دەڵێت:

_ خوشکیەتی. ناوی خۆی نۆرمایە، بەڵام نەنکی بۆ خۆشی بە مارلین مۆنرۆ بانگی کردووە. ئەوە برای مارلین مۆنرۆیە و شەڕەکەیشی هەر لەسەر ئەو هەڵگیرساندووە. لەمەوە هەر بە "برای مارلین مۆنرۆ" ناوی دێت."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٩٦)

(داچە) ناوێکی تری هەیە، بەڵام "بەوەدا منداڵەکانی، کە کچ و کوڕێکن، بە (داچە) بانگی دەکەن، ئەوا سەرجەم خەڵک وا دەزانن ئەمە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٦٣) (شووشەی لامپا) بە هۆی خەسڵەتی ناسکییەوە ئەو ناوەیان لێ ناوە. (کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٥)

بەکورتی بەشێکی زۆر لە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی خەسڵەت و ڕووداوەوە ناویان بۆ دەدۆزرێتەوە و ناوە ڕاستەقینەکانیان لە خوێنەر دەشاردرێنەوە، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە نووسەر کارەکتەرەکانی تا ئەو ڕادەیە ئازاد کردوون، کە خۆیان ناو بۆ یەکتر هەڵببژێرن.

دایەلۆگ و مەنەلۆگ دوو خەسڵەتی دیاری تێکستی فرەدەنگن، کە ئەو دوو تەکنیکە لەم ڕۆمانەدا بە زەقی دەردەکەون، ئەمە وای کردووە شێوازی پێشکەشکردنەکە ڕاستەوخۆ ببێت و کارەکتەر پێویستی بە هیچ نێوەندێک نەبێت، تا دەنگی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت، چونکە دەنگ و ئایدیۆلۆجیای کارەکتەر لەلایەن نووسەر و گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە سنووردار نەکراوە، بەڵکو ڕێگەیان پێ دراوە بە ئازادانە بیرۆکەکانی خۆیان دەرببڕن. (جیهانگر) لە بەشی هەشتەمدا، لە ڕێگەی مەنەلۆگی دەرەکییەوە دۆخی خراپی خۆی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە و دەڵێت: "گەیشتوومەتەوە نزیکماڵەکەم، بەڵام ئارەزووی کردنەوەی دەرگەم لە دەست داوە. بۆ وێستگەی شەمەندەفەر دەگەڕێمەوە. نامەوێت بۆ هیچ لایەک بچم و دێمەوە. نەخێر، تاقەتی ماڵەوەم نییە. بۆ وێستگەی شەمەندەفەر دەگەڕێمەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)

کاتێک سواری پیکەب دەبێت و ون دەبێت، کەسێک لێی دەپرسێت لە کوێ هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت، بەم شێوەیە ڕاستەوخۆ دۆخی ناوەوەی خۆی پێشانی خوێنەر دەدات: "نەک هەر ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، بەڵکوو هێندەم سەرنج لە جووڵەی جەستەی داوە، تەواو هێزم لێ براوە و خەو دەمباتەوە."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٦٠)

لە ڕۆمانەکەدا تەکنیکی دایەلۆگ ڕووبەرێکی فرەوانی داگیر کردووە، کە تێیدا کارەکتەرەکان خاوەنی زمان و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیانن، بۆ نموونە کاتێک خوێندکاران بۆ لای (جیهانگر) دێن، تا دارشتنیان بۆ بنووسێت، لەو بارەیەوە دایکی لە کاتی نانخواردندا گاڵتەیەکی لەگەڵدا دەکات و ئەم تووڕە دەبێت، بۆیە دایکی لەژێر لێوانەوە دەبۆڵێنێت:

"_ پف! چەند زوو خۆیی لێ گۆڕا! وا دەزانێت بووەتە چی!

_ ساڵی یەک جار سوعبەتم لەگەڵ دەکەیت، جارەکەیش بەم دەردە دەبەیت.
بە تەوسەوە دەڵێت:
_ نایزانم و تازەیش فێر نابم.
ئینجا ئاخێک هەڵدەکێشێت و ئەمەیشی دەخاتە سەر:
_ من ساڵی جارێک سوعبەت دەکەم و جارەکەیش بەو دەردە دەبەم. ڕاست دەکات. من خراپم. ئافەرین."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٦٤) لەم دایەلۆگەدا خوێنەر بە ئاسانی زمانی هەردووکیان لە یەک جیا دەکاتەوە، کە هیی خۆیانن و دەستەڵاتی نووسەریان بەسەردا نەسەپاوە.

لە دایەلۆگی نێوان (ئۆتۆنۆمی) و (جیهانگر)دا ئەو جیاوازییە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە، کە (ئۆتۆنۆمی) دێتە بەردەرگەی ماڵی (جیهانگر) و پێی دەڵێت:
"_ ئەوەیش دەزانم من کەمتەرخەم لە ئاستی هاوڕێکانی منداڵیمدا، زۆر کەمتەرخەم، بەڵام باوەڕ دەکەم لێم تێبگەن و...
تەواوی ناکات، یان ڕەنگە من ڕێگەی نەدەم تەواوی بکات و دەڵێم:
_ ئێمە کەی ئەم شتانەمان بە کێشە زانیوە؟ لە بیرت چوو بە منداڵی چۆن لە سەربانتان کۆلارەمان هەڵدەدا؟
دەستی دەگرم و دەمەوێت بۆ ژوورەوەی بهێنم، بەڵام ئەم بەرگری دەکات و دەڵێت:
_ ئەمڕۆ نا. بەڵێن بێت ڕۆژێکی تر بە تایبەت لات بێم. لات بێم و دابنیشین. بکەین قسەی زۆر. ئێستا ئیشێکم پێتە. هیوادارم بدەی یارمەتیی من."(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٧٠-١٧١)

(جیهانگر) ون دەبێت، ژنان دەڵێن بە هۆی ونبوونەکەیەکەوە ترساوە و لەو بارەیەوە بۆچوونی جۆراوجۆر دەردەبڕن، کە خوێنەر بە شێوازی ڕوانینی هەر یەکێکیان ئاشنا دەبێت. دایکی دەڵێت بۆ لای دکتۆری دەبەم، نەنکی (جیهانگر) بەرپەرچی دەداتەوە و پێی دەڵێت:
"_ دختۆر چی لەوە دەزانێت، تۆیش؟ هەتا زووە بیگەیەننە لای شێخی گاشەڕەش! دەمودەست نوشتەیەکی باشی بۆ دەکات. پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە، بەرخێکی قەڵەو لە بەردەرگەکەیدا سەر ببڕن و با لە خوێنەکەی بڕوانێت. لەمەوە ئەو دەعبایەی لە بیر نامێنێت.
دایکم بە تەوسەوە پێی دەڵێت:
_ بە قسەی تۆ بێت، هەر لە بەر دەرگە، کاتێ خوێنی ڕژاوی بەرخەکە دەبینێت، بەڵای لێ نامێنێت. ئەگەر وایە بۆچی ئەو ئەرکە بخەینە سەر شانی شێخی نازدار؟ با لاشەی بەرخە قەڵەوەکە لەوێ جێ بهێڵین و بگەڕێینەوە.
نەنکم تووڕە دەبێت:
_ هەر لەو قسانە ئازان، بۆیە بە سێ ژنی گەورە نەتانتوانی ئەم منداڵە لەو ئەژدیهایە بپارێزن. یەک نوشتەی پێوە بووایە، بە ساغی دەگەڕایەوە. گەڕانەوەی چی؟ هەر ون نەدەبوو، هەتا بدۆزرایەتەوە، یان بگەڕایەتەوە. شێخی گاشەڕەش ئەمساڵ هەزاری وای چاک کردووەتەوە.
_ واتە خوێنی هەزار بەرخی قەڵەو لە بەر دەرگەیدا ڕژاوە.

ـ بەڵام هەزار نوشتەیشی کردووە. قسەت ما؟"(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٨٧-٢٨٨)

لە بەشـی هەشـتەمدا خـوێنەر بەر دایەلـۆگی نێـوان (پـاژان و جیهـانگر)، (پـاژان و پ....ن)، (شەکشـەک و جیهـانگر) و (پ....ن و جیهـانگر) دەکەوێت و بە ئاسـانی زمـان و ڕوانینـی هەر یەکێکیان دەناسێتەوە، کە لە تەوەرەکانی پێشتردا ئاماژەمان پێ داون و لێرەدا پێویست نییە جارێکی تر بۆیان بگەڕێینەوە.

بەکـورتی لەم ڕۆمـانەدا گێـڕانەوە بە جێنـاوی کەسـی قسـەکەر و تەکنیکـی دایەلـۆگ و مەنەلـۆگەوە، وایـان کـردووە کارەکتەرەکـان ڕاسـتەوخۆ لە ڕێـگەی خۆیـانەوە پێوەنـدیی لەگەڵ خوێنەردا دابمەزرێنن و پێویستییان بە هیچ نێوەندێک نەبێت، تا پێکیان ببەستێتەوە. ئەگەرچی نووسـەر لە چەنـد شـوێنێکی زۆر کەمـی ڕۆمـانەکەدا دێتە نـاوەوە و لە پرۆسێسـی گێـڕانەوەدا بەشـدار دەبێـت، بەڵام ئەم بەشـداریکردنە کـاریگەر نیـیە و دەسـتەڵاتی خـۆی بەسـەر کارەکتەرەکاندا نەسەپاندووە، بەڵکو ڕێگەی داون ئازادانە خۆیان دەرببڕن.

# ئەنجام

١. کارەکتەر یەکێکە لە توخمە گرنگ و پێکهێنەرەکانی ژانری ڕۆمان، بە تایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا بایەخێکی گەورەی پێ دەدرێت، چونکە نووسەر لەنێو هەموو توخمەکانی ئەدەبی گێڕانەوەدا تەنیا زمان بە کارەکتەر دەبەخشێت، بۆیە نزیکترینیانە لە ڕۆماننووسەوە، لەبەر ئەوەی دەتوانێت لە ڕێگەیەوە بیرۆکەکانی خۆی دەرببرێت.

٢. لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا کارەکتەر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆماندا (ڕووداو، کات و شوێن) و تەکنیکەکانی (گێڕانەوە، زمان و فرەدەنگی)دا دامەزراندووە و کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن.

٣. لە ڕۆمانەکەدا بەراورد بە توخمەکانی تر، بایەخێکی زیاتر بە کارەکتەر دراوە و ژمارەیەکی زۆری تێدان، بە ڕادەیەک دەتوانرێت بە ڕۆمانی کارەکتەر بناسێنرێت، کە لە ڕووی بنیاتەوە گرنگییەکی زۆریان پێ دراوە و خەسڵەت، ڕەهەند و ڕوانینەکانیان بە شێوەیەکی هونەری بۆ خوێنەر گوێزراونەتەوە.

٤. لەم ڕۆمانەدا ڕەهەندەکانی کارەکتەر بە هۆشیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بۆیە هەر کارەکتەرێک لە ڕووی ڕەهەندەکانیەوە جیاوازە و لەوانی تر ناچێت. لە تێکستەکەدا هەریەک لە ڕەهەندەکانی (جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی)ی کارەکتەر بە ڕوونی پێشان دراون.

٥. لە ڕۆمانەکەدا جەستە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا کراوە و ڕەهەندێکی فەلسەفی پێ بەخشراوە، کە ئەو جەستەیە لە توانایدایە گۆڕان لە ڕووداوەکاندا دروست بکات و ئاڕاستەی نوێیان تێدا بدۆزێتەوە. ئاماژەکانی ئەم خەسڵەتە فەلسەفییەی جەستە لە تێکستەکەدا بە ڕوونی دەبینرێت.

٦. لە ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی چڕ کار لەسەر ڕەهەندی دەروونی کراوە و وێنەی دۆخی سایکۆلۆجیی کارەکتەر لە بەرانبەر پێشهات و ڕووداوەکاندا کێشراوە، تەنانەت ڕۆمانەکە لەسەر تەکنیکی فلاشباک (Flashback) بنیات نراوە، کە (جیهانگر)ی گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکە پرۆسێسی گێڕانەوە لە کاتی ئێستا دەوەستێنێت و بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. لەم تەکنیکەدا لۆجیکی کاتی دەرەوە (ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو) تێک دەشکێت و کاتی ناوەوەی کارەکتەر دادەمەزرێت، کە بە کاتی (دەروونی) ناسراوە. ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە لەم ڕۆمانەدا ڕەهەندی دەروونی بایەخێکی زۆری پێ دراوە و ڕووبەرێکی فرەوانیشی داگیر کردووە.

٧. لە ڕۆمانەکەدا مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی کارەکتەردا کراوە، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ئاماژەوە دۆخی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکان پێشان دراون، کە سەر بە کام چینەی کۆمەڵگەن. لە ڕۆمانەکەدا بە هۆی دەربڕینی کارەکتەرەکانەوە وێنەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان دەکێشرێت.

٨. لەم ڕۆمانەدا ڕەهەندی فەلسەفی بایەخێکی زۆری پێ دراوە، بەو مانایەی بەشێکی زۆر لە کارەکتەرەکان خاوەنی دیدگەی فەلسەفیی تایبەت بە خۆیانن و لە بەرانبەر پێشهات و ڕووداوەکاندا بیرۆکە فەلسەفییەکانیان دەردەبڕن.
٩. لەم ڕۆمانەدا کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە بەسەر دوو جۆردا دابەش کراون، هەندێکیان کراوەن (پەرەسێنن)، وەک (جیهانگر، شەکشەک، گەربووشە، پاژان، لاکێ و لەقلەق)، کە گۆڕان خەسڵەتی سەرەکییانە و هەندێکی تریان داخراون (پەرەنەسێنن)، وەک (باوکی جیهانگر، دایکی جیهانگر و برای جیهانگر)، کە بە درێژاییی ڕۆمانەکە وەک خۆیان دەمێننەوە.
١٠. ئەگەرچی ڕۆمانەکە لە جۆری تێکستی فرەدەنگە و لە چیرۆک و ڕووداوی جیاوازجیاواز پێک هاتووە، کە تێیاندا ئایدیا جیاوازەکان بە یەک ئاست دەردەکەون و ڕۆماننووس دەنگی هیچ کارەکتەرێک بەسەر ئەوی تردا زاڵ ناکات. لە تێکستی فرەدەنگدا دەگونجێت کارەکتەرێک لە ڕووداوێکدا سەرەکی و لە یەکێکی تردا لاوەکی بێت، بەڵام لێرەدا پێوەری سەرەکی و لاوەکیی کارەکتەرەکانمان لە ڕووی ڕێژەی دەرکەوتن، نەک هێزی دەرکەوتنەوە دەستنیشان کردووە و لەو بارەیەوە کارەکتەرەکانمان لە ڕووی ئەرکەوە دیاری کردوون.
١١. شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا ڕاستەوخۆیە و نووسەر کەشێکی ئازادی بۆ کارەکتەرەکان ڕەخساندووە، تا بە ئازادانە خۆیان دەرببڕن، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ بەر ڕوانینی جیاوازی کارەکتەرەکان دەکەوێت و پێویستی بە هیچ نێوەندێک نییە، تا کارەکتەری پێ بناسێنێت، بە ڕادەیەک ڕۆماننووس ناوی ڕاستەقینەی بەشێکی زۆر لە کارەکتەرەکانی لە خوێنەر شاردووەتەوە و ڕێگەی پێ داون بە هۆی پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا خۆیان ناو بۆ یەکتر هەڵبژێرن، چونکە هەردوو تەکنیکی دایەلۆگ و مەنەلۆگ ڕووبەرێکی فرەوانیان لە ڕۆمانەکەدا داگیر کردووە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی لە تێکستەکەدا شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەر ڕاستەوخۆ بێت.
١٢. لەم ڕۆمانەدا جگە لە مرۆڤ، ئاژەڵی وەک (سەگ) و باڵندەی وەک (هەڵۆ، چۆلەکە، کەناری، کۆتر و کەڵەشێر) دەبنە کارەکتەر و هەریەکەیان لە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکاندا بەشدارن، کە لە تێکستەکەدا نموونەمان بۆ هەندێکیان هێناوەتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## ❖ بە زمانی کوردی

### ▪ کتێب

١. ئەرەستۆ (٢٠١١)، *هونەری شیعر (شیعرناسی)*، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج- لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٢. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (د.) (٢٠١٥)، *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٣. ئەفلاتوون (٢٠٠٩)، *کۆمار*، وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. ئەڵوەنی، نەجم (پ. ی. د.) (٢٠٢١)، *گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەتروئاگر)ی (بەیان سەلمان)دا*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٥. ئیسماعیل، سەباح (٢٠٠٩)، *چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦. ئیمامی، نەسروڵلای (د.) (٢٠١٨)، *بنەما و میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی*، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٧. الماضي، شکری عزیز (٢٠١٠)، *تیۆری ئەدەبی*، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٨. بارت، ڕۆلان (٢٠١١)، *خۆشیی دەق*، وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٩. پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٠٦)، *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٠. ڕەسوڵ، شوکریە (د.) (٢٠٠٥)، *تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا*، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١١. زیما، پییەر، ڤ (٢٠٠٨)، 'خەندە، کەرنەڤاڵ، رۆمانی فرەدەنگی' **لەناو:** باختین، میخایل. *دیالۆگ، خەندە، ئازادی*، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی، چاپخانەی یاد- لە چاپکراوەکانی پرۆژەی یانەی قەڵەم، سلێمانی، ژمارەی لاپەڕە: ٧٢-٨٣.

١٢. سابیر، پەرێز (٢٠٠١)، *بینای هونەری چیرۆکی کوردی (لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣. سارتەر، ژان پۆڵ (٢٠١١)، *بوون و نەبوون*، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤. ساڵح، تانیا ئەسعەد محەممەد (٢٠١١)، *بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٥. سدیق، شاخەوان & کاکەسوور، کاروان عومەر (٢٠٢١)، *ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ*، کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت، سلێمانی.
١٦. سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٧)، *بەرەو.. ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٧. سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠٠٩)، *تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا*، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٨. صاڵح، ئاوارە کەمال (د.) (٢٠٢٠)، *شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور بە نموونە)*، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
١٩. شاکەلی، فەرهاد (١٣٩٩هـ)، *گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی*، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەممەد خزری ئەقدەم، وەشانخانەی مادیار، سنە.
٢٠. شێخانی، جەوهەر (٢٠١٤)، *بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (حسین عارف)دا*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢١. شێکسپیر، ولیام (٢٠٠٨)، *شانۆیی هاملێت*، وەرگێڕانی: د. ئازاد حەمە شەریف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢٢. فایەق، دانا & کاکەسوور، کاروان عومەر (٢٠٠٨)، *مناڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە (گفتوگۆ لەگەڵ "کاروان عومەر کاکەسوور"دا)*، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، سلێمانی.
٢٣. فەتاح، کاروان محەمەد (٢٠٢١)، 'من و ڕۆمانی (مۆزەخانەی کورەقژدرێژ)' **لەناو:** کاکەسوور، کاروان عومەر، *مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ*، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاشتی، هەولێر، ژمارەی لاپەڕە: ١٦١-١٨٧.
٢٤. کاکەسوور، کاروان عومەر (٢٠٢١)، *ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟*، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
٢٥. کاکەسوور(أ)، کاروان عومەر، (٢٠٢١) *مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ*، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاشتی، هەولێر.
٢٦. کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢)، *پلۆت لە* چیرۆکی *کوردیدا (ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥)*، چاپخانەی لەریا- بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٢٧. کەمال، محەمەد (د.) (٢٠١٠)، *فەلسەفەی ئەفلاتون*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٨. کۆمەڵێک نووسەر (٢٠١٣)، *ئاشنابوون بە فرۆید*، چاپخانەی کارۆ- دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، ژمارە (١٣)، سلێمانی.
٢٩. کۆندێرا، میلان (٢٠٠٨)، *هونەری ڕۆمان*، وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٠. ماکواری، جۆن (٢٠٠٧)، *فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)*، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣١. محەمەد، ئارام (٢٠٢١)، *پۆول ریکۆر و پرسی گێڕانەوە*، دەزگای ڕۆسا، هەولێر.

٣٢. محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩)، *بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا*، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣٣. مەجید، دیار فایەق (د.) (٢٠٢١)، *شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستان بەدیالیکتی کرمانجیی ناوەڕاست (١٩٧٢-٢٠٠٣)*، ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەلار.

٣٤. مەنتک، حەمە (٢٠١٣)، *تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠ز)*، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٣٥. موفتی، پەری سالّح (د.) (٢٠١٢)، *گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا*، چاپخانەی حاجی هاشم- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٣٦. مونیف، عەبدولڕەحمان (٢٠٠٦)، *تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان*، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شیرین. ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٧. نیتشە، فریدریش (٢٠٢١)، *زەردەشت ئاوا دوا*، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: یاسین بانیخێلانی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.

٣٨. هایدیگەر، مارتن (٢٠١٣)، *بوون و کات*، وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٩. یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠١٥)، *سایکۆلۆژیای کارەکتەر و توانا شاراوەییەکانی نواندن لە شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە)*، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.

٤٠. یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠٢٠)، 'بونیادی کارەکتەر و ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکاندا' **لەناو:** کاکەسوور، کاروان عومەر، *کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان*، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ژمارەی لاپەڕە: ٤٥٣-٤٩٨.

٤١. یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠٢١)، *ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان*، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- **کتێبی ئەلیکترۆنی**

٤٢. کاکەسوور(ب)، کاروان عومەر (٢٠٢١)، *سەرچاوەکانی خوێندنەوەی ڕۆماننووس*. ماڵپەڕی ژنەفتن {ئۆنلاین}، هەولێر. (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٢/٣/١٩) لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت: https://jineftin.krd

٤٣. وەهاب، ئاراس (٢٠٢١)، *خوێندنەوەی ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)ی (کاروان کاکەسوور)*، ماڵپەڕی ژنەڤتن {ئۆنلاین}، هەولێر. (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٢/٤/٢٠) لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://jineftin.krd

- **نامەی ئەکادیمی**

٤٤. بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق حەمە (٢٠١٩)، 'گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا- کرمانجی خواروو سالانی (١٩٩٥-٢٠٠٥)' تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٤٥. پیرداود، شوان غازی (٢٠١٥)، 'تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا- رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) بە نموونە' نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٦. عەبدوڵلا، محەمەد ئەمین (٢٠٠٠)، 'شاکەس لە ڕۆمانی کوردی- کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠-١٩٩٧)' نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٧. عومەر، عەونی ئەمین (٢٠١٥)، 'بنیاتی کارەکتەر لە دوو رۆمانی (فەرهاد پیربال)دا بەنموونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)' نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٨. کەریم، دیار محەمەد (٢٠١٥)، '(ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور)دا' نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- **گۆڤار**

٤٩. سەعید، جەلال ئەنوەر (د.) (٢٠١٥-٢٠١٦)، 'پێشخەری وەک بنیاتی گێرانەوە (رۆمانی "سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە"ی کاروان عومەر کاکەسوور و دواڕۆژ کاروان کاکەسوور بەنموونە)'، *گۆڤاری زانکۆی کۆیە*، ژمارە (٤٣)، ژمارەی لاپەڕە: ١٢٩-١٥٦.
٥٠. کەریم، یوسف حەسەن & نەجمەدین، نەجم خالید (٢٠٢٠)، 'شێوازەکانی پێشکەشکردنی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی بگێڕەوەوە لە ڕۆمانەکانی "حسام بەرزنجی"دا'، *گۆڤاری توێژەر*، بەرگی (٣)، ژمارە (٣)، ژمارەی لاپەڕە: ١٦٩-٢٠٢.
٥١. وەهاب، ئاراس (٢٠٠٩)، 'ڕۆمانی (مامزێر) و پرۆبلێماتیکی خوێندنەوە'، *گۆڤاری کاروان*، ژمارە (٢٣٧)، ژمارەی لاپەڕە: ٩-٢٢.

- **ڕۆژنامە**

٥٢. کەریم، محەمەد & کاکەسوور، کاروان عومەر (٢٠١٦)، 'لەبارەی ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)' *پاشکۆی ئەدەب و هونەر*، (٢/٢٥)، ژمارە (٩٣٧).

- **ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

٥٣. بەکر، ژیڤان (٢٠٢١)، *ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)*، ماڵپەڕی ژنەڤتن {ئۆنلاین}، (ڕۆژی بینین: ٢٠٢٢/٥/١٠) لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://jineftin.krd

٥٤. ڕەئووف، دانا (٢٠٢٠)، *تراجیدیا، کۆمیدیا*، ماڵپەڕی دانا ڕەئووف {ئۆنلاین}، (ڕۆژی بینین: ٢٠٢٢/١/٧) لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://danamarouf.com

٥٥. لەتیف، حسێن (٢٠٢٠)، *ئەدەب وەک فەلسەفە و دەروونناسی*، ماڵپەڕی زەمەن پریس {ئۆنلاین}، (ڕۆژی بینین: ٢٠٢٢/٥/٥) لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://www.zamenpress.com

- **چاوپێکەوتن**

٥٦. فەتاح، کاروان محەمەد & کاکەسوور، کاروان عومەر (٢٠٢٢/٥/٦)، *ڕەهەندی فەلسەفی لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا*، سازدانی: کاروان محەمەد فەتاح {ئۆنلاین-جیمەیڵ}.

❖ **به زمانی عەرەبی**

▪ **کتێب**


٥٧. ابوناضر، موريس (د.) (١٩٧٩)، *الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة*، دار النهار للنشر، بيروت.

٥٨. ارسطو (١٩٧٧)، *فن الشعر*، ترجمة: دكتور ابراهيم حمادة، مكتبة الأنجلوا المصرية.

٥٩. العلوي، هشام (٢٠٠٤)، *الجسد بين الشرق والغرب*، منشورات الزمن، الرباط.

٦٠. القذافي، رمضان محمد (٢٠١١)، *الشخصية نضرياتها وأساليب قياسها*، المكتب الجامعي، الأسكندرية، المصر.

٦١. باختين، ميخائيل (١٩٨٢)، *الملحمة والرواية*، ترجمة: د. جمال شحيد، معهد الانماء العربي، بيروت.

٦٢. باختين، ميخائيل (١٩٨٦)، *شعرية دوستويفسكي*، ترجمة: الدكتور جميل نصيف التكريتي، الدار البيضاء، بغداد.

٦٣. بارت، رولان (١٩٩٣)، *مدخل الى التحليل البنيوي للقصص*، ترجمة: د. منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري للدراسة والترجمة والنشر، حلب، سوريا.

٦٤. باشلار، غاستون (١٩٨٤)، *جماليات المكان*، ترجمة: غالب هلسا، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات وللنشر والتوزيع، بيروت.

٦٥. بحراوي، حسن (١٩٩٠)، *بنية الشكل الروائي*، المركز الثقافي العربي، بيروت.

٦٦. بختين، ميخائيل (١٩٨٨)، *الكلمة في الرواية*، ترجمة: يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، سوريا.

٦٧. بروب، فلاديمير (١٩٨٩)، *مورفولوجيا الحكايه الخرافيه*، ترجمة: أبوبكر أحمد باقادر وأحمد عبدالرحيم نصر، النادي الأدبي الثقافي بجدة، المملكة العربية السعودية.

٦٨. بلوك، لورانس (٢٠٠٩)، *كتابة الرواية (من الحبكة الى الطباعة)*، ترجمة: دكتور صبرى محمد حسن، دار الجمهورية للصحافة، القاهرة.

٦٩. بوتور، ميشال (١٩٨٦)، *بحوث في الرواية الجديدة*، ترجمة: فريد انطونيوس، الطبعة الثالثة، منشورات عويدات، بيروت- باريس.

٧٠. بوعزة، محمد (٢٠١٠)، *تحليل النص السردي (تقنيات ومفاهيم)*، دار الأمان، الرباط.

٧١. تودوروف، تزفيطان (١٩٩٢)، 'مقولات السرد الأدبي' **من:** *طرائق السرد الأدبي*، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الرباط. عدد الصفحة: ٣٩-٧٠.

٧٢. تودوروف، تزفيطان (٢٠٠٥)، *مفاهيم سردية*، ترجمة: عبدالرحمن مزيان، منشورات الاختلاف، الجزائر.

٧٣. توفيق، إميل (١٩٨٢)، *الزمن بين العلم والفلسفة والأدب*، دار الشروق، القاهرة.

٧٤. جرييه، آلان روب (١٩٩٨)، *نحو رواية الجديدة*، ترجمة: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف بمصر، القاهرة.

٧٥. جنداري، إبراهيم (د.) (٢٠١٣)، *الفضاء الروائي في أدب جبرا إبراهيم جبرا*، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا.

٧٦. فرويد، سيغموند (١٩٧٥)، *التحليل النفسي والفن*، ترجمة: سمير كرم، الدار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.

٧٧. فورستر، إدوارد (٢٠٢٠)، *أركان الرواية*، ترجمة: كمال عياد جاد، منشورات الربيع، القاهرة.

٧٨. قاسم، محمود (د.) (١٩٦٩)، *في النفس والعقل لفلاسفة الإغريق والإسلام*، الطبعة الرابعة، مكتبة الانجلو المصرية، الأسكندرية.

٧٩. قاسم، سيزا (د.) (٢٠٠٤)، *بناء الرواية*، مكتبة الأسرة، القاهرة.

٨٠. مارتن، والاس (١٩٩٨)، *نظريات السرد الحديثة*، ترجمة: د. حياة جاسم محمد، المجلس الأعلى للثقافه، الأسكندرية.

٨١. مانفريد، يان (٢٠١١)، *علم السرد مدخل إلى نظرية السرد*، ترجمة: أماني أبورحمة، دار النينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا.

٨٢. موير، إدوين (١٩٦٥)، *بناء الرواية*، ترجمة: ابراهيم الصيرفي، الدار المصرية للتأليف والترجمة.

٨٣. هامون، فيليب (٢٠١٣)، *سميولوجية الشخصيات الروائية*، ترجمة: سعيد بنكراد، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، سوريا.

٨٤. هلال، محمد غنيمي (د.) (٢٠٠٥)، *النقد الأدبي الحديث*، الطبعة السادسة، دار نهضة مصرية للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

٨٥. هلسا، غالب (١٩٨٤)، 'مقدمة مترجم'، **من**: باشلار، غاستون، جم*اليات المكان*، الطبعة الثانية، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت. عدد الصفحة: ٥-١١.

٨٦. همفرى، روبيرت (٢٠١٥)، *تيار الوعى في الرواية الحديثة*، ترجمة: محمود الربيعى، دار القومي للترجمة، القاهرة.

٨٧. هوثورن، جيريمي (١٩٩٦)، *مدخل لدراسة الرواية*، ترجمة: غازي درويش عطية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٨٨. وات، أيان (١٩٨٠)، *ضهور الرواية الإنكليزية*، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيز، دار الجاحظ للنشر، بغداد.

٨٩. وليك، رنية & وآرن، آوستن (١٩٩٢)، *نظرية الأدب*، ترجمة: الدكتور عادل سلامة، دار المريخ للنشر، الرياض، المملكة العربية السعودية.

٩٠. يوسف، آمنة (د.) (٢٠١٥)، *تقنيات السرد في النظرية والتطبيق*، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

▪ **فەرهەنگ**


٩١. برنس، جيرالد (٢٠٠٣)، *قاموس السرديات*، ترجمة: السيد إمام، ميريت للنشر والمعلومات، القاهرة.

٩٢. حجازي، سمير سعيد (٢٠٠١)، *قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر*، دار الأفاق العربية، القاهرة.

٩٣. زيتوني، لطيف (د.) (٢٠٠٢)، *معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي- إنكليزي- فرنسي)*، دار النهار للنشر، بيروت.

٩٤. مجمع اللغة العربية (١٩٨٣)، *المعجم الفلسفى*، الهيئة العامة لشؤون المطابق الأميرية، القاهرة.


▪ **نامەی ئەکادیمی**


٩٥. أحمد، إبراهيم شهاب (٢٠١٢)، 'عناصر القصة القصيرة وتطبيقاتها في القصة الصحفية (القصص الصحفية الفلسطينية أنموذجا)' رسالة الماجستير، الكلية الآداب، الجامعة العراقية، العراق.

٩٦. زغودة، إسماعيل (٢٠١٤)، 'بنية المكان في الرواية الجزائرية المعاصرة عبد الجليل المرتاض نموذجا' أطروحة الدكتوراه، قسم اللغة العربية وآدابها، الكليه الآداب واللغات، جامعة أبى بكر بلقايد تلماس، الجمهوريه الجزائر.

٩٧. سعودي، ليلى (٢٠١٧)، 'بنية الشخصية في رواية الأجنحة المتكسرة لجبران خليل جبران "أنموذجا"' رسالة الماجستير، كلية الآدب واللغات، جامعة محمد بوضياف، الجمهورية الجزائر.

٩٨. كريمة، مختاري (٢٠١٤)، 'الجسد في الفلسفة الغربيية (ميشال فوكو) نموذجا' رسالة الماجستير، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، الجامعة الدكتور مولاى طاهر، الجمهورية الجزائر.

▪ **گۆڤاری زانستی**

٩٩. العواودة، رائد عبدالجليل & المعاني، مصطفى كمال (٢٠٢٠)، 'فلسفة اللغة عند فتجنشتين وتأسيسها الهيرمينوطيقي' *مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات الإنسانية*، المجلد (٢٨)، العدد (١)، عدد الصفحة: ١٤٤-١٥٩. من العنوان:
https://journals.iugaza.edu

١٠٠. محمد، زينب محمد البطل (٢٠٢٠)، 'مفهوم الزمن لغة وصطلاحا' *حولية الكلية الآداب- جامعة بني سويف*، المجلد (٩)، الجزء الأول، عدد الصفحة: ١٩٣-٢٢٨.

▪ **گۆڤاری ئەلیکترۆنی**

١٠١. عبوش، جعفر الشيخ (٢٠٢٠)، 'المكان وسلطة الوعي الفلسفي' *مجلة أقلام الهند*- مجلة *الألكترونية فصلية* محكمة، السنة الخامسة، العدد الرابع، عدد الصفحة: ١-٩. من العنوان:
https://www.aqlamalhind.com

▪ **ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

١٠٢. عزام، الدكتور الراحل محمد (٢٠١٦/٤/٢١)، الراوي والمنظور في السرد الروائي، *ديوان العرب*، (تاريخ الاسترداد: ٢٠٢٢/٢/١٣). من العنوان:
https://www.diwanalarab.com

❖ **به زمانی ئینگلیزی**

▪ **فەرهەنگ**

١٠٣- Hornby, Albert Sydney (2010),'Character' *Oxford (English-English)*, 8th edittion, Oxford University press, Oxford.

١٠٤- *Merriam-Webster (English-English)* (2003), 'Character', 11th edittion, Springfield, Massachusetts, The U.S.A.

# ABSTRACT

The formation and development of characters in narrative literature in general and in the genre of novel in particular are arguably the closest elements through which the author expresses his/her worldview, ideology and philosophical ideas. Shedding light on the categories, characteristics, and multifaceted dimensions of the characters in any given novel in general may enable us to develop a nuanced reading and understanding of the narrative work at hand. Hence, in this essay, I have attempted to analyze the formation, development, and interrelationships between the characters in a Kurdish novel, titled "*Shall I Meet that Childhood Friend of Mine again?*" and written by Karwan Omer Kakasur. To arrive at worthwhile analytical findings and statements.

This essay is divided into three main chapters followed by a conclusion. The first chapter is devoted to understanding the concept of character in novels (the first section), and relationship of the characters to aspect and the techniques within the novel (the second section).

The second chapter is divided into four main sections in accordance with the four dimensions each of them tries to capture, which are the physical (body), psychological, social, and philosophical dimensions respectively.

The third chapter is allocated to analyze the different categories of the characters in the novel in terms of structure, function, and representation.

Finally, in the conclusion the most important findings of this essay have been presented and summarized.

**Character in Karwan Omer Kakasur's Novel**
**Shall I Meet that Childhood Friend of Mine again?**

A thesis
Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY
**Karwan Mohammed Fatah**
BSc Degree in Language and Literature University of Salahadin year (2012)

**Supervised by**
**Prof. Dr. Shno Mohammed Mahmud**

Gelaŕêzan 2722 K October 2022 AD